

# مامۆستا بێویژدانەکانی قوتابخانەی دێیەکەمان

(شانۆگەری)

د. یوسف زەنگەنە

چاپی دووهەم

٢٠٢٤

<u>ڕووداوێک بۆ شانۆ</u>

# مامۆستا بێویژدانەکانی قوتابخانەی دێیەکەمان

د. یوسف زەنگەنە

لەندەن ـ٢٠٢٤ـ

زەنگەنە، د. یوسف

# ماموٚستا بێویژدانەکانی قوتابخانەی دێیەکەمان.

(ڕووداوێکە، بۆ شانۆ)

چاپی دووهەم. لەندەن -٢٠٢٤-

Zangana.Yousuf, Dr.

**The Unscrupulous Teachers,of Our Village's School.**

Second Edition

London-2024 –

# پێشکەش

به هەموو ئەو کەسانەی کە بە دڵێکی پاکەوەو هەستێکی پڕ لە سۆزەوە، بێوچان و ماندوونەناسانە، کۆشش دەکەن لە پێناوی بەرزکردنەوەی رادەی زانیاری و رۆشبیری ئەندامانی نەتەوەکەمان، لە هەموو بووارێکدا، زانستی، رامیاری، ئابووری و کۆمەڵایەتی و هتد...

به هەموو ئەو کەسانەی کە هەوڵدەدەن لە پێناوی بەدیهێنان و بەدەستهێنانی ئارمان و ئاوات و مافەڕەواکانی نەتەوەکەمان.

به هەموو ئەو کەسانەی کە بەرژەوەندی گشتی، دەخەنە پێش بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و ئەندامانی خانەوادەکانیان.

به هەموو ئەو کەسانەی کە بە دڵەوە تێدەکۆشن لە پێناوی پەیداکردنی رێچارە بۆ ئەو گرفتانەی کە کۆمەڵگاکەمان، تووشی دەبێت و ناهێڵن پەرە بستێنێت و زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی بگەێنێت.

به هەموو ئەو مامۆستایانەی کە بە هەستێکی پڕ لە سۆزەوە و دڵێکی پاک و رەوشتێکی خاوێنەوە، ئەرکی مامۆستایی خۆیانبەجێدەهێنن و دەبنە چرایەک و رێگەی تارێک لە بەر پێی

قوتابیان، رووناک دەکەنەوەو دەبنە رێشاندەریش بۆ خەڵکانی دەوروبەر.

به هەموو ئەو کەس و تاکانەی کۆمەڵگا، کە چاوپۆشی ناکەن و لێپرسراوان و دەسەڵاتداران ئاگادار دەکەنەوە، ئەگەر، سەرپێچی و کەمتەرخەمی و بایەخنەدانیان بە ئەرکەکانیان، لە فەرمانبەرانی دەوڵەتی، بە تایبەت مامۆستایانی قووتابخانەکان بینی، چوونکە چاوپۆشی و گوێپێنەدان بەخۆی هاوبەشبوونە، لە تاوانەکان و بێوەفاییە بەرامبەر بە نەتەوە و ئاواتەکانی.

به هەموو مامۆستاو فێرکارێکی دڵسۆزو رێز لە خۆو ئەندامانی نەتەوەگر.

یوسف صدیق زەنگەنە، دهۆک: ١٩٧٢/١١/٢٠

# پێشکەشی تایبەت

پێشکەشە بە:

1 - کاک (أدهم)ی مام ابراهیم حلاقی گەڕەکی شۆرجەی کەرکووک، کە ڕەشنووسی ئەم ڕووداوەم رادەستی ئەو کردوو لە دواییدا بۆم دەرکەوت کە بوێرانە تووانیویەتی لەگەڵ برێکی دیکە لە قوتابیان و هوونەردۆستانی ئەو سەردەمەدا،بیگەێننە سەر شانۆ و بینوێنن.

2 - بە کاک احسانی حاجی غفور (شۆرجەیی) کە ئەویش رۆلێکی گرنگی هەموو لە پێشکەشکردنیدا و لەسەرەتای ساڵانی دوو هەزاری زاینیدا، لە هۆڵەندا چاووم پێیکەوت و خۆی باسی چیرۆکەکەی کردوو و شێوەو چوونیەتی نواندانی.

3 - شایانە کە باسی ئەوەش بکەم کە بەڕێز شێخ عبدالکریمی بەرزنجیش کە شەوێکیان لە شارەکەی خۆیاندا لە دانمارک، لە خزماتیاندا بووم فەرمووی کە ئەویش رۆڵێکی بینیوەلە نواندنیدا.

هەواڵنامەی کتێب

# سوپاس

سوپاسی بێ پایان بۆ کاک أدهم و کاک احسان و کاک شێخ عبدالکریم و هەموو ئەو بەڕێزانەی کە بەشداربوون لە پێشکەشکردن و نواندنی رووداوەکەدا، کە بەداخەوە ناوەکانیان نازانم، چونکە ئەو ساڵانە من دوورخرابوومەوە، لە کەرکووکەوە بۆ دهۆک، چوونکە لە چاوی حکوومەتی بەعسی خوێنرێژدا من (عنصر غیر مرغوب فیه) بووم.

تێبینی:

ئەو نێوانەی بەکارم بردوون، لە ناوەڕۆکی رووداوەکەدا، نێوی خوازیارن.

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

خوێنەری بەڕێز،

مەبەستم لە نووسینی ئەم رووداوە بۆ نواندنی لەسەر شانۆ، هەرگیز بۆ ئەو نیە کە ببێت بە تانەو تەشەر و دژ بە مامۆستایان بە گشتی، ئەگەرچی لەوەدایە پرشی ئاگرەکەی هەندێکیان بگرێتەوە. مەبەستم ئەو مامۆستایانەیە کە ویژدان و کەسایەتی خۆیان دەدۆڕێنن و دەفرۆشن و دەکەونە شوێن کاروباری ناشایست و دوور لە خوو و رەوشتی کوردەواری و دەبنە نۆکەری ئارەزووە شەیتانییەکانی خۆیان. هەروەها سەرپێچی دەکەن، لەو کارانەی کە پێیان دەسپێردرێت کە مامۆستاییەو فێرکردنی قووتابیان و هەوڵدانە بۆ بەرزکردنەوەی رادەی زانیارییان، تا ئەوانیش لە پاشە رۆژدا ببن بە مەشخەڵ و رێگەی تاریک رووناک بکەنەوە لە بەر پێی ئەندامانی نەتەوەکەیان.

بەداخەوە ئەو کەسانەی کە باسیان دەکەم بە تەواوی بە پێچەوانەی ئەو کارانە کردارو رەفتار دەکەن، کە پێیان سەپێندراوەو خراوەتە ئەستۆیان. مامۆستای رەوشت پاک و رێز لەخۆگر، دەبێت، تەنها مامۆستایەک نەبێت کە منداڵان فێری خوێندن و نووسین بکات، بەڵکوو دەبێت کادرێک سیاسی بێت. رێکخەرێکی کۆمەڵایەتی بێت و رێشاندەرێک و رێگەی راستی بناسێنێت و بە قووتابیانی پیشان بدات.

پزیشکێکی دەروونناس بێت و یارمەتی ئەو قوتابیانە بدات کە بەدەستی خەم و ئازاری ڕەوانییەوە بە بێدەنگی دەناڵێنن و وەک و شەم دەسووتێن.

مامۆستای دڵسۆز و نەتەوەپەرست دەبێت تەنها مامۆستای قووتابیانی قووتابخانەکەی نەبێت بەڵکوو باب و داکی قوتابیانیش، بێبەش نەکات لە زانیارییەکانی خۆی و بەم کارە دەتوانێت یارمەتیدەرێکی بەهێز بێت بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی زانیارییان، بە تایبەت لە گووندە دوور لە شارە گەورەکانەوە.

---

خوێنەری بەڕێز

ئەو دڵسۆزی و ئەرک بە جێهێنانەی مامۆستا (علي) نێو بەسەرهاتەکە، بە جێیدەهێنێت و ئەو ڕەفتارو کردارەی کە دەریدەبڕێت و پیشانی دەدات، تەنها پیشەی ئەو نیە، بەڵکوو بە سەدان و هەزارانی دیکەش، لە مامۆستایانمان.

ئەو کاروو ڕەوشتە ناپەسەندوو ناشیرینانەی کە بە نێو مامۆستایان (محمد و فاتح و کمال)، پێیهەڵدەستن و ئەنجامی دەدەن، تەنها کاروو پیشەی ئەوان نیە، بەڵکوو زۆر بەداخەوە، ڕەفتاروو کرداری زۆریتر لە بە نێو مامۆستایانی دیکەشە، ئەوانەی کە هەستی مرۆڤایەتییان دەفرۆشن و دەکەونە شوێن هەوەس و ئارەزووە دوور لە خوو و ڕەوشتی کوردانەمان، بە تایبەت لە گووندوو لادی دوور لە شارەکان و شارۆچکەکانمان.

ئەو دڵسۆزی و وەفاو و هەست بە لێپرسراوی کردنەی کە خاڵە عەبەی (فراش)ی قووتابخانەکە، دەری بڕیوە، تەنها پیشەی ئەو نەبووە، بەڵکوو زۆری دیکەش، هەمان هەڵوێستیان هەبووەو دەریان بڕیوەو پیشانیان داوە، چی لە گووندەکاندا و چی لە شارەکاندا.

لە کۆتاییدا، ئەو هەڵوێست و دڵسۆزی و بە پەلە هەوڵدان و بە هاناچوونی بەڕێوەبەری پەروەردەو فێرکردنی شار، دەریبڕیوەو ئەو نەخشەو پلانانەی کە خۆی و هاوکارانی دڵسۆزی، کێشاویانەو جێبەجێیان کردووە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان و کۆتایی پێهێنانیان بە کارە ناپەسەند و ناڕەواکانی، بە نێو مامۆستا بێڕەوشتەکان، ئەگەر بێت و هەر بەڕێوەبەرێک و لێپرسراوێک، لە دەزگاکانی پەروەردە بەکاری بهێنن، ئەو کاتە نەوەیەکی داناو زاناو رووناکبیری وا درووست دەبێت لە نێو نەتەوەکەماندا، کە بەرابەر بێت، بە ئەوەی، نەتەوە پێشکەوتووەکانی دیکەی جیهان، ئەو کاتەیە کە نەتەوەکەمان هەرگیز تووشی ئەو گرفت و نەهامەتییانە نابێت کە لە ئاکامی نەخوێندەواری و بیرلاوازیدا، دێتە بوون و دەبێتە هۆی دواکەوتنمان و فریو خواردنمان بە فرۆفێڵی دژان و ناحەزانمان.

هیوادارم، وەک رێکخەرێکی کۆمەڵایەتی، ئەم کارەم و ئەم بەسەرهاتە، جێی پەسەندی مامۆستایان و قوتابیان و کاربەدەستان و دەسەڵاتداران بێت و ببێتە پەیرەو و پرۆگرامێک، کە هەمووان پەیڕەوی لێبکەن و کەڵکی لێوەربگرن.

وەک لەسەرەتادا ئاماژەم بۆ کرد، تەنها مەبەستم ئەوەیە کە رێشاندەربم، بۆ چۆن و بە چی شێوەیەک پاککردنەوەی

کۆمەڵگاکەمان، لەو بابەتە مرۆڤە نامرۆڤانەی کە دەبنە هۆی دواکەوتنی ئەندامانی نەتەوەکەمان، لە هەموو بووارێکەوە، بە تایبەت خوێندن کە بەردی بناغەی پێشکەوتن و سەرکەوتنی نەتەوەیە.

دڵسۆزتان:یوسف صدیق زەنگەنە.

١٩٧٢/١١/٢٠ دهۆک

هەواڵنامەی کتێب

# مامۆستای دێیەکەمان

## پەردەی یەکەم

## دیمەنی یەکەم

شوێن.

ژوورێکی گەورەو فراوان. لە دەستی راستەوە، کە روو لە تەماشاکەرانە، دەرگای ژوورەکەیە. دوو مەتر بەولاترەوە پەنجەرەیەک، کە بە پەردەریەکی ئەستوور داپۆشراوە، لە نێوانی دەرگاکەو پەنجەرەکە (رف)ێک بە دیوارەکەوە داکووتراوە، چەند بادەوەو دۆڵکەو قاپی لەسەر دانراوە، لەگەڵ کاتژمێرێکدا کە باڵەکانی ئاماژە بۆ (١١)ی سەر لە بەیانی دەکەن، چووار نوێنی نووستن (قەرەوێڵە) بە پاڵ دیوارەکانی ژوورەکەدا دانراوە، لە ناوەڕاستی ژوورەکە مێزێکی چووارگۆشە دانراوە و بە رووومێزییەکی پەڕۆیین داپۆشراوە. چرایەکی نەوتی لەسەردایە (لۆکس)، بەڵام کووژاوەتەوە، لەسەر لە سێ لە نوێنەکان، سێ کەس نووستوون، تەنها سەریان بەدەرەوەیە.

هەواڵنامەی کتێب

# پەردە هەڵدەکشێت

(دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە، مامۆستایەک دێتە ژوورەوە، لە ناکاو رادەوەستێت،دەستەکانی دەنێتە سەر کەمەری خۆی، روو لە نووستووەکان)دەپرسێت:

ئەوە هێشتا هەر نووستوون.

بەسەر لەقاندنەوە، دەکەوێتە هاتووچۆ، بەنێو ژوورەکەداو دەستەکانی دەدات بە یەکداو تەماشای نووستووەکان دەکات، بە دەنگێکی بەرزوو خەماوییەوە دەڵێت:

بەسیەتی، مامۆستایان بەسیەتی، هەستن لە خەو، تاکوو کەی جێگەی نووستن بە جێناهێڵن،

(تەماشای کاتژمێرەکەی مەچکی خۆی دەکات) وا کاتژمێر بوو بە (١١) و هێشتا ئێوە پرخەتان دێت و بەدەم خەووەوە وڕێنە دەکەن، ئەو قوتابییە هەژارانەش (دەست بۆ لای دەرگاکە درێژ دەکات) لە کاتژمێری (٨)وە لە گۆڕەپانی قوتابخانەکەدا، بڵاوەیان لێکردووەو لە چاوەڕوانی ئەوەدان کە وەکوو هەتاو ئێوەیان بۆ هەڵبێن و بە وانەکانتان ڕێگەی تاریکیان لە پێشدا رووناک بکەنەوە.

هەستن، با تۆسقاڵێک هەستی مامۆستا بوونتان بێت بە مێشکداو دڵتان پێیان بسووتێت، کە هیواو ئومیدیان و پلانەکانی پاشە رۆژیان بەستراوە بە ئێوەوە و ئێوەش بەم شێوەیە پشتگوێیان

هەواڵنامەی کتێب

دەخەن و بێئوومیدیان دەکەن و دەبنە بەربەست لە پێش سەرکەوتنیانداو گەیشتن بە ئاواتەکانیان. ئێوە، کە دەزانم بە ئاگان و گوێتان لە قسەکانی منە ( دەست بۆ نووستووەکان درێژ دەکات و ئەوانیش هەر یەکەیان روو بەرەو دیوارەکانی ژوورەکە وەردەچەرخێنن و بە لێفەو پەتووەکانیان سەری خۆیان دادەپۆشن)، ومنیش لەگەڵتاندا (ئاماژە بۆ خۆی دەکات) کە پێمان دەگووترێت مامۆستا، با کەمێک رێزو بایەخ و گەورەیی بۆ وشەی مامۆستا بهێلینەوە. مامۆستا نێوێکی بەرزو پیرۆزە، بەڵام ئێمە، وا خەریکین ئەو پیرۆزییەی لە نێو دەبەین و ئەو بەرێزییەی دەلەوتێنین.

دەبێت ئەوەش بزانن کە مامۆستاییمان تەنها بۆ ئەو نیە رۆژ بژمێرین و کە سەری مانگ هات مووچەکانمان وەربگرین، بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە ببینە رێشاندەرێک، مەشخەڵێک، رێگەی تاریک، رووناک بکەینەوە، نە تەنها بۆ قوتابییەکانمان بەڵکوو بۆ کۆمەڵگاکەمان، بۆ ئەندامانی میلەتەکەمان،کە چاووی هیواو ئاواتیان برِیوەتە دەم و زمان و دەست و پەنجەی ئێمە، کە ببینە هۆی پێشکەوتنو سەرکەوتنیان و رزگاری کردنیان لەدواکەوتن، نەخۆشی و نەخوێندەواری. گەیشتن بەو مەبەستەش لە رێگەی ئەم قوتابیانەوەیە کە سەرلێشێواو لەم ساتەدا، کە من ئەم قسانە دەکەم، لە گۆرەپانی قوتابخانەکەدا، خەریکی یاری و کات بە فیرِۆدانن. میللەت چاوەروانن کە ئەم قوتابیانە، لە رێگەو هەوڵی ئێمەوە ببن بە لێپرسراو و رابەرو پزشک و ئەندازیارو زاناو داناو پیشەکانی دیکە.

هەواڵنامەی کتێب

بەڵام ئەگەر بێت و لە ئێستاوە فێری ئەم رەفتاروو کردارانەی ئێوە ببن، ئەوە بە داخەوە هەرگیز ئەو ئاواتەی باب و داکەکانیان نایەتە دی و هەر بە هەژاری و دوواکەوتوویی دەمێننەوە. دڵتان بەو خەڵک و جووتیاروو کرێکارانە بسووتێت کە لە خواردن و جلوبەرگی خۆیان کەم دەکەنەوەو خەرجی منداڵانیان دەکەن بۆ کرینی کتێب و دەفتەروو قەڵەم و جل و بەرگ، کە بتوانن بەردەوام بن لە هاتن بۆ قوتابخانەو بۆ خوێندن.بەڵام بەداخەوە، ئێوەی هەست مردوو، بیر لەم شتانە ناکەنەوەو دەرگاتان لە ویژدانی خۆتان داخستووەو زندانتان کردووە، کە ئەمە بە گوێرەی یاسای مرۆڤایەتی، کارێکی دوور لە مرۆڤایەتییە، ئەگەر بێت و مامۆستایانی شاروو گوندوو دێیەکانی دیکەش، بەم شێوەیە رەفتارو کردار بکەن، ئەوە داخستنی دەرگای قوتابخانەکان، زۆر زۆر باشترە لەوەی کە کراوەبێت و کاتی منداڵەکان و خانەوەداکانیان بە فیڕۆ بدرێت. لەو کاتەشدا ئیتر هەتا هەتایە میلەتەکەمان لە هەژاری و دواکەوتوویی و ژێردەستەیی رزگاری نابێت و هەتا هەتایە دەبێت چاومان لە دەستی بێگانەکان بێت کە لووقمەیەک خواردنمان بکەن بە دەمدا، تا لە برساندا نەمرین.

(لەناکاودا، دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوەو پیاوێکی تەمەندار بە جلێکی کوردی کۆنەوە بە ئەسپایی و سەرسامییەوە دێتە ژوورەوەو روو لە قسەکەرەکە دەکات و بەسەر لەقاندنەوە و زۆر بە ئارامی)دەڵێت:

لا حول ولا قوة الا بالله،

براکەم، مامۆستا (علي)، ئەوە ئەفەندییەکان، هێشتا لە خەو هەڵنەستاوون (بە پرسیارەوە). من لە پشت دەرگاکەوە گوێم لەهەموو قسەو ئامۆژگارییەکانی بەڕێزتان بوو، تۆ بۆچی ئەوەندە خۆتیان لەگەڵدا ماندوو دەکەیت، ئەمانە، من چاکیان دەناسم، بە قسە نایەنە سەر ڕێگەی ڕاست، ئەمانە مردوون و خۆمانی کورد وتەنی، بۆ مردوو یاسین خوێندن حەرامە. (بە ڕاوەشاندن و جوولانەوەی دەست یارمەتی دەربڕینی قسەکانی خۆی دەدات)

مامۆستا علي (قسەکانی پێدەبڕێت- لەگەڵ هەناسەیەکی درێژدا) دەڵێت:

بەخوای ڕاست دەکەیت خاڵە عەبە گیان، ئەمانە ئامۆژگاری ڕاست و باش ناچێت بە مێشکیاندا. لۆکەی خۆپەرستی و ناڕەوایی و بێویژدانییان تەپاندووە بە گوێکانیاندا.

(خاڵە عەبە دەست دەخاتە سەر شانی مامۆستا علي و بە نەرمییەکەوە) دەڵێت:

بەسیەتی، بەسیەتی مامۆستا علي ئەوەندەش خەمی لێمەخۆ، ئەویش بزانە بۆیان ناچێتە سەر.

مامۆستا علي:

زۆر ڕاستە خاڵە عەبە، منیش زۆر چاک دەزانم بۆیان ناچێتە سەرو ڕۆژێک دێت، دەکەونە داوەوەو سزا دەدرێن لەسەر ئەم کارو کردەوانەیان. مەبەستی منیش لەم قسەو ئامۆژگارییانە ئەوەیە کە خوا بکات پەندی لێوەربگرن و تووشی زیان و تەنگە چەڵەمە نەبن. ئەو قوتابییە هەژارانەش لە خوێندن بێبەش نەبن.

خاڵە عەبە دەڵێت:

بەخوا دڵنیام کە منداڵان پەکیان ناکەوێت، تا مامۆستای دڵسۆزی وەک و تۆیان هەبێت و من ئاگادارم کە تۆ چەند خۆتیان لەگەڵدا ماندوو دەکەیت و بۆ هەموو پۆلەکان وانە دەڵێیتەوە.

(لەناودا یەکێک لە نووستووەکان کە جێگاکەی بە پاڵ دیواری لای سەرەوەی ژوورەکەدایە، سەر بەرز دەکاتەوەو بە تووڕەییەوە، روو لە مامۆستا علي و خاڵە عەبە) دەپرسێت:

کۆسپێ چی و تەنگەنچەڵەمەی چی، ئێوە (بە پەنجە ئاماژەیان بۆ دەکات) بە تەمای چین. دەتانەوێت تووشی چیمان بکەن، چی پیلانێکتان بۆمان داڕشتووە، دەتانەوێت تووشمان بکەن و گرفتارمان بکەن.

(روو لە مامۆستا علي بە تانەوە) دەڵێت:

علیئەفەندی، تۆ کە تازە تشریفت هێناوە بۆ ئەم دێیە (گووندە)، چی مافێکت بەسەر ئێمەوە هەیە، کە بەم بەیانی زووە بۆیت بە کەڵەشێری ناوەخت و کەوتووی بە بانگدان و خەوت لە چاوماندا، تار کردووە(بە پرسیارەوە) من (دەست بۆ خۆی درێژ دەکات) بەڕێوەبەری ئەم قوتابخانەیەم، من لێپرسراوم بەرامبەر هەموو رووداوێک کە روو دەدات، تۆ چی (دەست بۆ مامۆستا علي درێژ دەکات)، لەم نێوانەدا خۆت هەڵقووتاندووەو خۆت کردووە بە شت بە سەرمانەوە.

( بە پەنجە راوەشاندنەوە، بەردەوام دەبێت) و دەڵێت:

زۆر چاک گوێبگرە، وا بە کوردییەکی پەتی پێت دەڵێتم، ئەمە دواجارت بێت، کارت بەسەر ئێمەوە نەبێت، خۆت تێکەڵ بە کاروباری ئێمە مەکە،ئیتر لەو قسە پڕووپووچانەش نەکەیت، کە کردت؛ هەمووم گوێ لێبوو، برۆ ئەوەی خۆت بە باشی دەزانی بۆ خۆت و قوتابییەکانت بیکەو مەبە بە مەلای مزگەوت و هەموو رۆژێک (خطبە)مان بۆ مەدە، تێگەیشتی(بە پرسیارەوە)

(لەم کاتەدا دوو نووستووەکەی دیکەش دەکەونە جوولە جوول و دەست و پێ وەشاندن و سەربەرزکردنەوە، یەکێکیان بە دەنگێکی خەوالووەوە) دەپرسێت:

ئەو چیتانە بەم بەیانی شەبەقە خەوتان لە چاومان زرنگاندووەو ناهێڵن تێرخەو ببین.

بەڕێوەبەر: (روو لە قسەکەر) هیچ نیە بخەوە، هێشتا زووە.

(مامۆستا علي و خاڵە عەبە بێدەنگن و تەماشای بەڕێوەبەر دەکەن و گوێی لێرادەگرن).

بەڕێوەبەر (بە دەست ئاماژە بۆ خاڵە عەبە دەکات و بە تووڕەییەوەو دەپرسێت:

عەبەی فراش تۆ چی،(فراش)ێکی پیسی بۆگەن، بۆ خۆت تێکەڵ بە ئێش و کاری ئێمەی مامۆستایان دەکەیت و پشتگیری لە علي دەکەیت،زۆر چاک گوێت لێبێت، (پەنجە رادەوەشێنێت) ئەگەر بێت و جارێکی دیکە لەو قسانە بکەیت کە کردت ئەوە دەرگای قوتابخانەکە کراوەیەو لێیەوە دەردەکەویتە دەرەوە و ئیتر ئەم شوێنە شوێنی تۆ نابێت و و ئەگەر لەو کاتەدا بەخۆشی دەرنەچێت بە پاڵ دەرتدەکەم،

هەوالنامەی کتێب

تێگەیشتی یا دووبارەی بکەمەوە. دەبڕۆ و ژوورەکە بەجێبهێڵە، تا خەوەکەمان تەواو بکەین.

خاڵە عەبە، (رووی گرژ دەکاتەوەو لێیدەچێتە پێشەوە) و دەڵێت:

چی، چی، من دەچمە دەرەوە و من لێرەدا شوێنم نامێنێتەوە؟ بە خودا، بە خودا، زۆر چاک بزانە محمد ئەفەندی(پەنجە رادەوەشێنێت) تاکوو تۆو هاوڕێکانی تۆ لەو دەرگایەوە کە دەڵێیت، دەرنەکەمە دەرەوە، من لێیەوە دەرناکەوم و نێریش نیە بتوانێت من دەربکات، (دەستەکانی دەخاتە سەر نێوتەنگای خۆی و بەسەر لەقاندنەوە) تێگەیشتی، یا دووبارەی بکەمەوە. (بە پرسیارەوە) لەو رۆژەوەو ئەم قوتابخانەیە دامەزراوە، من فەراشم تێیدا و ئێوە نەبێت تاوەکوو ئێستا هیچ مامۆستایەک لەوانەی هاتوون و چوون، لە من نارازی، نەبوون و دڵی منیان نەشکاندووەو منیش بەوپەڕی رێزەوە رەفتار و کردارم لەگەڵیاندا کردووە، کە ئێرەشیان بە جێهێشتووە، بێئەندازە لەمن رازی بوونە و سوپاسمیان کردووەو بە پیاڵەی چاووی پڕ لە فرمێسکەوە باوەشمان لەیەکداوەو خوا حافیزیمان لە یەکتر کردووە، ئەوجا ئۆغریان کردووە.بەڵام لەو رۆژەوە ئێوە تشریفتان هێناوە، من بووم بە پیاوێکی خراب و تەمبەڵ و ئیشنەکەر، بەڵام، نا، من (دەست بۆ خۆی درێژ دەکات) خراب، نیم، بەڵام لەبەر ئەوەی من قسەی (حق) دەکەم و قسەی حەقیش، رەقە، بۆیە ئێوە حەزم لێناکەن و رقتان لێمە،

مامۆستا محمد (قسەکەی دەبڕێت) و دەڵێت:

باشە، باشە بیبڕەوە ئەوەندە خۆت هەڵمەکێشە و بە شێوەیەک قسە دەکەیت ئەڵێیت فسفس پاڵەوانی. خاڵە عەبە (قسەکەی پێدەبڕێت) و دەڵێت:

راوێستە، راوێستە، با قسەکانم تەواو بکەم ئەوجا ئەیبڕمەوە، تاوەکوو ئێستا چاوەڕێمان کرد و گووتمان بەڵکوو رەفتارو کرداری خۆتان دەگۆڕن، بەڵام دەرکەوت، تۆسقاڵێکیش نە گۆڕاوون و رۆژ بە رۆژ خرابتریش بوون و دڵنیام، کە دەبن. بەڵام سوێند بە خودا محمد ئەفەندی (دەست بۆ مامۆستا محمد درێژ دەکات، کە هێشتا بە جلی نووستنەوە لەسەر جێگەکەی دانیشتووە)، ئەم قسانەی ئێستا بە منت کرد، جارێکی دیکە بیکەیتەوە، ئیتر کەیفی خۆتە و ئەزانم چیت پێدەکەم (خۆی دەکێشێتە پاشەوە)

مامۆستا محمد (هەڵدەستێتە سەر پێ و (روو لە خاڵە عەبە) دەپرسێت:

کەیفی خۆتە یانی چی عەبەی فراش، مەبەستت لە بزانە چیت پێدەکەم چیە، هەڕەشەم لێدەکەیت، دەمترسێنی، بۆم راوێستە عەبەی فراش، بزانە من چیت بەسەر دێنم، شەرت بێت کارێکت بەسەر بهێنم، کە تا لە ژیاندا ماوی، نەتوانیت بە نزیک ئەم قوتابخانەدا تێپەڕیت.

(لە ناکاو یەکێک لە دوو مامۆستاکەی دیکە راست دەبێتەوە، روو لە محمد ئەفەندی بەڕێوەبەر) دەڵێت:

مامۆستا محمد وازی لێبێنە و دەم مەخەرە دەمێ، فراشێکی وڕووگێژی وا کەی دەزانێت، لەم قسانە بکات، تا ئێستا قسەیەکی لە

دەم دەرنەچووە بەرامبەر بە ئێمەو وەک ئەوە وابوو کە مێشی لە دەمدا مردبێت، هەموو ئەوانەی کە گووتی، ئەم علي ئەفەندییە فێری کردووە، (دەست بۆ علي ئەفەندی درێژ دەکات).

مامۆستا محمد (وڵام دەداتەوە)و دەڵێت:

دەزانم، زۆر چاکیش دەزانم، پیلانەکان هەمووی لە ژێرسەری علیئەفەندییە، ئەگینا دیهاتی وا کەی دەزانیت لەو قسانە بکات و ببێت بە فەیلەسووف بەسەرمانەوە، کەی فراش دەتوانێت بەرامبەر بە بەڕێوەبەرو مامۆستایان بەم شێوەیە رەفتار و کردار بکات، بەڵام گوێی مەدەرێ، دەبینی کە کارێکی وایان پێدەکەم کە نێوی خۆیان لە بیر بچێتەوە.

(خاڵە عەبە دەچێتە پێشەوەو دەیەوێت قسە بکات کە مامۆستا علي، کەتا ئەو کاتە، بێدەنگ، گوێی لە قسەکانی خاڵە عەبە دەگرێت، باڵی دەگرێت و بەرەو خۆی رایدەکێشێت.خاڵە عەبە چرای سەر مێزەکەی نێوەراستی ژوورەکە هەڵدەگرێت و خۆی و مامۆستا علي ژوورەکە بە جێدەهێڵن).

هەواڵنامەی کتێب

# دیمەنی دووهەم

(هەمان ژوور، پاش ئەوەی مامۆستا علي و خاڵە عەبە، ژوورەکەیان بەجێهێشتووە، دەرگاکە بە تەوای دانەخراوە، مامۆستا محمد، لە پشتیانەوە، چەمۆڵەیەکیان ئاراستە دەکات)

مامۆستا محمد دەڵێت:

دەبڕۆن، ملتان بشکێت یاخوا، کە بەم بەیانی زووە، لە خەوی خۆشتان کردین.

(بە جوولەیەکی بە پەلە رادەکشێت بە لێفەکەی خۆی دادەپۆشێت. لە ناکاودانووستووەکەی سەر نوێنەکەی (قەرەوێڵە) پاڵ دیواری خوواری ژوورەکە، لەقە دەدات لە لێفەکەی و رادەپەڕێت و وەکوو مەستان بەرەو پەنجەرەی ژوورەکە، تاودەدات و پەردەکەی بە لایەکدا لادەدات و دەرگا بچکۆڵەکانی دەکاتەوە و سەرو ملی بەرەوە دەرەوە درێژ دەکات و چەند جارێک، ئەملاو ئەولا، دەڕوانی و بەڵای دوواوە ئاوەڕ دەداتەوەو پشت دەدات بە دیوارەکەوەو دەستەکانی دەخاتە بن باڵەکانی و روو لە مامۆستا محمد دەکات. مامۆستا محمد کە سەری لە لێفەکەی بەدەرەوەیە بە دیقەت و بێدەنگ و سەرسام، تەماشای دەکات، لەبەر خۆیەوە)دەڵێت:

هەوالنامەی کتێب

مامۆستا محمد، نازانم چی بوو، ئەمڕۆ دەرناکەوێت، نە لەبەر دەرگاو نە لە سەربانیش، تۆ بلێیت بەم بەیانی زووە رۆیشتبێت بۆ سەرکانی، بۆ جل و قاپ و قەچاغ شۆرین و ئاوهێنان.

(مامۆستا محمد بە دەنگێکی بەرزەوە پێدەکەنێت. بە گاڵتە پێکردنەوە) دەڵێت:

بەخوای جوانە، کوورە سەربانی چی و سەرکانی چی، ئەوە ئێستا کاتژمێری، دوازدەیە، دووازدە، تۆ خراب نووستووی ئەفەندی.

(لە ناکاودا نووستووی سێهەم سەربەرز دەکاتەوەو روو دەکات لە راوێستاوی پاڵ پەنجەرەکە)ودەپرسێت:

ها، مامۆستا فاتح، دیسان بەزمەکەیە، تۆ پێمان ناڵێیت، چیت بەسەر ئەو کیژە هەژارەوە هەیە و چیت لێیدەوێت، یەکجار قسەی پێکردی، دووجار جنێوی پێدای، سێجار تفی لێکردی، ئیتر بەسە، شەرم بتگرێت، شوورەیی نیە بۆ تۆ، رێز لە خۆت بگرە، خۆشەویستی خۆ بە زۆر ناکرێت. دە وەرە دانیشە، وەرە، خەوەکەت تەواوکە.

(ئاماژەی هاتن دەکات بۆ مامۆستا فاتح و نوێنەکەی)

مامۆستا فاتح (بە تووڕەییەوە، دەست بۆ قسەکەر درێژ دەکات) دەپرسێت:

بۆ من شوورەییە کمال ئەفەندی، یا بۆ تۆ، کەدەچیتە سەر رێگەی کانی و رێی لێدەگریت و قسەی بۆ دەهاوێژی و چاوی لێهەڵدەکێنێت.

(خۆی ڕووبەڕووی مامۆستا کمال چاوهەڵدەکێنێت و پیشانی دەدات، بۆ لاسایی کردنەوەی)ئەو کیژە، خۆشەویستی منەو عاشق و شەیدای منە، تۆ چی (بە پرسیارەوە) ئەویش بزانە ئەی بێئاگا لە دوونیا، ماوەیەکی زۆرە من و ئەو کیژە، پەیمانمان داوە بۆ یەک ببین و هیچ کەسێک و هێزێکیش نیە بتوانێت لە یەکمان بکات.

مامۆستا محمد (لەسەر جێگەی نووستنەکەیەوە بە پرسیارەوە ڕوو لە مامۆستا فاتح) دەڵێت:

کوورە فاتح پەیمانی چی و خۆشەویستی چی، دەترسێم بەو کیژە هەژارەت گووتبێت، دەتخوازم، ها، ڕاست بڵێ. (دەپرسێت)

مامۆستا فاتح (ڕوو لە مامۆستا محمد) دەڵێت:

بەڵێ ڕاستە، هەروام پێگووتووە.

مامۆستا محمد دەپرسێت:

باشە تۆ بەراستی دەیخوازیت.

مامۆستا فاتح (دەدات لە قاقای پێکەنین) و دەڵێت:

کوورە مامۆستا محمد، تۆ چی دەڵێیت، خواستنی چی، هەر بۆ ڕابواردن لەگەڵێدا و بەس، من کیژە دیهاتی بخوازم، حەیفت نەکرد. بەڵام ئەگەر وام پێی نەگووتبایە، چۆن بۆم دەخەڵەتێندرا.

مامۆستا کمال (تا ئەو کاتە بێدەنگ تەماشای دەمی مامۆستا محمد دەکات، دەکەوێتە قسە کردن) و دەڵێت:

مامۆستا محمد، تۆ چۆن باوەڕی پێدەکەیت، سوێند بە خودا، تاوەکوو ئێستا قسەیەکی لەگەڵ ئەو کیژەدا نەکردووەو هەر لە خۆیەوە ئەم شتانە دەڵێت. ئەوە کیژێکی وا نیە کە بەم دەمڕووتە

بخەڵەتێت و دڵداری لەگەڵدا بکات، ئەوە کیژە دێهاتییە، دێهاتی، بەڵام ئەم فاتحە نەگبەتە ( دەست بۆ مامۆستا فاتح درێژ دەکات) بەم قسە پووچانەی کە دەیکات، تەنهاو تەنها دەیەوێت دڵی خۆی خۆش بکات و تانە لەو کیژە هەژارە بدات، ئەو لە پەری و فریشتەکانی بەهەشتی پاکتروو رێز لەخۆگرترە. باوەڕ بفەرموو ئەگەر سەد جار فاتحی بە تەنیشتدا تێپەڕێت، هەروا هەست دەکات کە مەڕوو بزنەوە گاوو مانگا.

مامۆستا محمد (قسەکان بە مامۆستا کمال دەبڕێت و روو لە مامۆستا فاتح) و دەپرسێت:

فاتح ئەفەندی، خۆ گوێت لە قسەکانی کمال بوو، ئیتر ئەم هات و هاوار و خۆ هەڵکێشان و خۆ فشکردنەوەت چیە، شەرم ناکەیت دەڵێیت مارمووڵەکەی هەر ماوەی جارێک، سەر بە کووندا دەکەیت و مل بەملاو بەولادا، بادەدەیت.

مامۆستا فاتح (روو لە مامۆستا کمال) دەڵێت:

بەر لە هەموو شتێک ئاگات لە دەم و قسەی خۆت بێت و بێڕێزی مەکە، ئەگینا منیش بە هەمان شێوە وڵامت دەدەمەوە.(روو لە مامۆستا محمد دەکات) و دەپرسێت:

مامۆستا محمد تۆ باوەڕ بە کمال دەکەیت. ئەو لە رق و حسودی و خەمخوواردندا، سکی خەریکە شەق دەبات، بۆیە ئەم قسە بێمانایانە دەکات؛ تۆ راوێستە (ئاماژە بۆ مامۆستا محمد دەکات)، بەس با سەرکەوێتە سەربانی خانووەکەیان، یا بێتە بەر دەرگا، ئەوجا بزانە

چۆن کتووپڕ چاو دەبڕێتە پەنجەرەی ژوورەکەمان و تەماشای من دەکات.

مامۆستا کمال (قسەی دەبڕێت و بە پێکەنین و گاڵتە پێکردنەوە) دەپرسێت:

ئای لەو مامۆستا خەیال پڵاوە، بۆ هەر ئاوەڕی بەرەو ئێرە دایەوە، مانای ئەوەیە، کە تەماشای جەنابت دەکات و لە ئارەزووی دیتنی تۆیە و دڵی بە تۆ دۆڕاندووەو شێت و شەیدای تۆ بووە. (دەست بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە)و دەڵێت:

ئەی خودایە، کەمێک پارە بەسەر مندا ببارێنەو کەمێکیش عقل بەسەر مامۆستا فاتحدا.

مامۆستا فاتح ( روو لە مامۆستا کمال) دەڵێت:

بەڵێ، (بەسەر لەقاندنیشەوە جوولەی بەڵێ دەنوێنی) بەڵێ، مانای ئەوەیە و لەگەڵ ئەوەشدا، با، دەرکەوێت، ببینە چۆن بە (إشارە) دوور بە دوور، قسە لەگەڵ یەکتردا دەکەین. هەر چۆنێک من دەست بە قژەکەمدا بهێنم (دەست بە قژەکەی خۆیدا دەهێنێت) ئەویش بە هەمان شێوە ئەو کارە ئەنجام دەدات و کە دەستم دەخەمە سەر دڵم ئەویش بە هەمان شێوە دەستی دەخاتە سەر دڵی.

مامۆستا محمد (کە لە کاتی دەمە تەقێی ئەواندا، بێدەنگەو تەماشایان دەکات، روو لە مامۆستا کمال) دەڵێت:

کمال تەواو، کەواتە فاتح راست دەکات و دڵی کیژەکەی بەرەو خۆی راکێشاوە.

مامۆستا کمال (روو لە مامۆستا محمد) دەڵێت:

مامۆستا گیان، بیکە لە رێی خواو پێغەمبەر تۆ چۆن باوەڕ بەم قسانە دەکەیت، راستی چی و (إشارە)ی چی و دڵڕاکێشانی چی، سوێند بە خودا ئەو کێژە (حسابی) میشوولەیەکشی بۆ ناکات و هەر نایەت بە خەیاڵیشیدا کە، کەسێک هەبێت بە نێوی فاتح ئەفەندی. ئەم کابرایە کە، شێتی ئەو بووەو و خەوی لە خۆی هەراسان کردووەو رۆژی سەدجار سەر دەکات بە پەنجەرەکەداو خەرێکی ملە تاتکێیە.

مامۆستا فاتح (لەبەر خۆیەوە) دەڵێت:

باشە با وابێت کە تۆ دەیڵێت. (دەست بۆ ئاسمان بەرزدەکاتەوە) دەڵێت:

خودایە بیکە بە خاتری گەورەیی خۆت، کارێکی وا بکە، کە دەرکەوێتە بەر دەرگا، یا، سەربان، تا، بەم کمال ئەفەندییە بسەلمێنم، کە من راست دەکەم و ورگیشی بتەقێت لە خەم و حسوودیدا.

(مامۆستا فاتح، هیواش هێواش شۆر دەبێتەوە بۆ سەر جێگەکەی و بە نەرمە پێکەنینێکەوە) دەڵێت:

رۆژانی رابووردوو هێچ نەبێت چەند خوولەکێک وانەمان دەگووتەوە، بەڵام ئەمڕۆ لە خودا بە زیاد بێت، هەر هێچ.

مامۆستا ﷴ دەڵێت:

هۆ، هۆ (بە درێژکردنەوەی وشەکان)، دیسان بارگرانت کردین، دە واز بهێنە واز، وانەی چی و دەرسی چی، ئەوە نیە مامۆستا علي لە بریتی هەمووومان وانە دەڵێتەوە ( بە گاڵتە پێکردنەوە).

مامۆستا کمال روو لە مامۆستا ﷴ بە پرسیارەوە) دەڵێت:

باشە لە بیرم چوو بپرسم، ماوەیەک بەر لە ئێستا مامۆستا علي، هەرا هەرای چی بوو وا خەوی لە چاومان هەراسان کرد؟

مامۆستا فاتح دەڵێت:

هیچ نەبوو گوێزی دەشکاند.

مامۆستا محمد دەڵێت:

نا، نا، تەنها دەیەویست خۆی پیشان بدات و زۆریش خۆی بە شتێکی گەورە دەزانێت.

( لە ناکاودا دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوەو خاڵە عەبە خۆی دەکات بە ژووورداو بە پەلە) دەڵێت:

نا، نا، عفوتان فەرموو، نە گوێزی دەشکاندو نە خۆی هەڵدەکێشا، بەڵکوو لۆمەی ئێوەی دەکرد (بە دەست ئاماژە بۆ هەرسێ مامۆستاکە دەکات)، خەمی ئەو قوتابییە هەژارانە دەخوات، کە چاویان بڕیوەتە دەستی ئێوەو بە تەمای ئەوەن کە ئێوە دەستیان راکێشن و لە تاریکی دەریان بهێنن و بەرەو رووناکیان ببەن، مامۆستا علي مافی خۆیەتی خۆی بە شت بزانێت و واشنییە کە ئێوە دەیڵێن، چونکە لە کاتژمێری هەشتی بەیانییەوە، تاکوو ئێستا بە بێ راوێستان، خەریکی وانە گووتنەوەو فێرکردنی قوتابییەکانە لە پۆلەکانی خووارەوە بگرە تا دەگاتە ئەوانەی سەرەوەو ئێوەش ( دەستیان بۆ درێژ دەکات) لە نێو جێگەکەی خۆتاندا ترشاوون.

مامۆستا محمد ( بە دەست راوەشاندنەوە روو لە خاڵە عەبە) دەپرسێت:

کورە عەبەی فراش، دیسان دەستت پێکردەوە، من ئەم بەیانییە چیم بە تۆ گووت، نەمگووت تۆ تەنها (فراش)ێکی و هیچیتر و مافت بەسەر ئێمە مامۆستایانەوە نەبێت و واز لەم قسە زلانەت بهێنە؟

خاڵە عەبە ( بە تووڕەییەوە) دەڵێت:

چۆن مافم بەسەرتانەوە نەبێت، مەگەر من خەڵکی ئەم دێیە نیم، باش و خراب و خێروو شەڕی بۆ من نیە، من لە نان و ئاو و بەرهەمەکانی ناخۆم، کووڕی من و براو خزم و کەسم و هەموو خەڵکی ئاواییەکە، لەم قوتابخانەیە دەرس ناخوێنن، نەیانمان هێناوە کە لێرەدا فێری خوێندن و نووسین ببن و پاشە ڕۆژێکی خۆش بۆ خۆیان و میللەتەکەمان درووست بکەن؟

مامۆستا فاتح (ڕوو لە خاڵە عەبە دەکات) و دەڵێت:

گوێی مەدەرێ خاڵە عەبە بەخودا کووڕەکەی تۆ، خوێندن و نووسین، بزانێت و نەزانێت، لە تاقیکردنەوەکان، سەر بکەوێت و سەر نەکەوێت،ئێمە بە یەکەم دەریدەهێنین.

خاڵە عەبە (بە دەستبادانەوە) دەڵێت:

بە خودا جوانە، تەواومان کرد، (بە پرسیارەوە) دەتانەوێت بەم قسانە من بخەڵەتێنن و بمکەن بە هاوڕێی خۆتان و لە ڕێگەی ڕاست و ڕەوام دوور بخەنەوە و بەرژەوەندی خۆم و کوڕەکەم بخەمە پێش ئەوانی دیکەوە،با بڵێین ئەوە کووڕەکەی منتان دەرچووان، ئەی ئەوانیتر چی، ئایا سەرکەوتنی کووڕەکەی من، یانی سەرکەوتنی هەموو

قوتابیان و کووری خەڵکانی دێیەکە، لە پاشان، ئەگەر قوتابییەک، بە ماندووبوونی خۆی سەرنەکەوێت و بە فڕووفێڵ بگات بە پلەو پایەو کار، دەبێت چی سوودێکی هەبێت بۆ ملەتەکەی، چۆن دەتوانێت ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکات کە پێیدەسپێندرێت و دەیگرێتە ئەستۆ، چۆن دەتوانێت ببێت بە تاکێکی سوودمەند بۆ نەتەوەکەی، ئەگەر ببێت بە مامۆستاش درووست وەک و ئێوە (دەست بۆ مامۆستاکان درێژ دەکات) دەردەچێت و کاروو پیشەی خەوتن و کات کووشتن و پارە وەرگرتندەبێت و هیچیتر، کێ ناڵێت ئێوەش بەو شێوەیە قوتابخانەتان تەواو نەکردبێت، بۆیە خۆتان لە بن لێفەکانتاندا دەشارنەوە، تاکوو ئامادی پۆلەکان نەبن، چوونکە توانای وانە گووتنەوەتان نیە.تێگەیشتی مامۆستا فاتح (روو لە مامۆستا فاتح) تۆ ئەگەر راست دەکەیت، کووڕەکەی من یەکەم دەرمەکە، بەڵکوو ئازابە رۆژانە، دوو سێ کاتژمێر دەرس بە کووڕەکەی من و کووڕی هەموو خەڵکی ئەم ئاواییە بڵێیتەوە، تاوەکوو بە زیرەکی خۆیان قوتابخانە، تەواو بکەن و بگەن بەو پلەو پایەیەی کە خۆیان دەیانەوێت و ببن بە کەسانێکی بە کەڵک و سوودبەخش بۆ میللەتەکەمان، نەوەکوو بە فڕووفێڵ و (واسطەو واسطەکاری) وەک جەنابت دەتەوێت بۆ کووڕەکەی منی بکەیت. هیوادارم مامۆستا فاتح لە قسەکانی من تێگەیشتبێتی و پەندت لێیان وەرگرتبێت، من هەرگیز ممنونتان نابم ئەگەر کووڕەکەی من دەربچوێنن، وا ئەمساڵ دەرچوو، ئەی ساڵی داهاتوو، ئەی دوو ساڵیتر؟ دەرچوون چی سوودی هەیە، ئەگەر مێشکی خالی بێت و نەتوانێت ناوی خۆی و باوکی بنووسێت؟

مامۆستا کمال (قسەکەی دەبڕێت و بە تووڕەییەوە، دەست بۆ خاڵە عەبە درێژ دەکات) دەڵێت:

دە بێبڕەوە ماڵ بە قووڕ نەگێراو، ماندوو نەبوویت لە قسەکردن دەڵێیت مەلای مزگەوتی و (خطبە)مان بۆ دەدەیت، پێمان ناڵێیت، ئەم هەموو قسانە لە کوێ فێربوویت؟

مامۆستا محمد (قسەکانی مامۆستا کمال دەبڕێت و بە پەلە رووی لێدەکات) دەڵێت:

بۆ نازانی مامۆستا کمال (بە پرسیارەوە)، خاڵە عەبە شاگردی کێیە، شاگرد و قوتابی مامۆستا (علي)یە و ئەوە کە، هەموو ئەم قسانەی فێر دەکات و کردوویەتی بە فەیلەسووف بەسەرمانەوە.

خاڵە عەبە (قسەکەی مامۆستا محمد دەبڕێت) و دەڵێت:

نەخێر وا نیە، ئەمانە هەمووی قسەی دڵی خۆمە، کە ماوەیەکە پەنگیان خوواردووەو وا ئەمڕۆ دەریانم بڕی و دام بە رووتاندا، منیش مرۆڤم و هەست و ویژدانم هەیەو زۆر چاکیش لە رەفتارو کردارتان تێگەیشتووم، بۆیە ئەم هەستانەم دەردەبڕم، مامۆستا (علي)ش چونکە پیاوەو هەست بە لێپرسراویەتی دەکات و ویژدانی زیندووە، ئەگەر روحیشم بکەم بە قوربانی هێشتا دڵم، ئارام نابێت، چونکە بە چاوی خۆم دەبینم چی دەکات و چۆن بە دڵەوە لە بەیانییەوە تا نیوەڕۆ خەریکی دەرس گووتنەوەیە، بە بێ ئەوەی کەمێکیش پشوو بدات. نا، وەکوو ئێوە تا نیوەڕۆ لە بریتی دەرس وتنەوە، بن لێفەکانتان بەجێناهێلن.

مامۆستا فاتح (قسەکانی خاڵە عەبە دەبڕێت و بە نازکردنەوە) دەڵێت:

باشە خاڵە عەبە باشە، (صلوات) بدەو دڵی خۆت فراوان بکەو ئێمە دوێنی شەو کەمێک ماندوو بووین و درەنگ خەوتین بۆیە ئەمڕۆ زۆرتر لە جێگە ماینەوە، (خاڵە عەبە قسەکەی مامۆستا فاتح دەبڕێت) دەپرسێت:

وایە، وایە، زۆر ماندوو بوون لە دەرسدان یا لە قایەو گەچ کێشان؟

مامۆستا فاتح ( بە ئارامی) لە هیچ کامیان. بەڵام لە سبەینێوە دەبینیت کە لەگەڵ مەلا بانگداندا هەڵدەستین و دەکەوینە دەرسدان بە قوتابیان، تا بانگی نیوەڕۆ.

خاڵە عەبە دەڵێت:

بەڵێ، بەڵێ وایە، تۆ گووتت و منیش باوەڕمکرد.

مامۆستا فاتح دەڵێت:

سبەینێ بۆت دەردەکەوێت، ئێستا بڕۆ و ئاگرێک بکەرەوەو قاوەڵتییەکی شاهانەی وەکوو هەمیشە خۆشمان بۆ درووست بکەو دوای ئەوەش خودا کریم و رحیمە.

خاڵە عەبە سەر دەلەقێنێت و گاڵتەی دێت بە قسەکانی و ئارام، ئارام، بەرەو دەرگای ژوورەکە دەڕوات).

مامۆستا ﷴ (بە تووڕەییەوە بانگی خاڵە عەبە دەکات) دەڵێت:

عەبەی فراش، زەنگێکیش (جرس) لێدە با قوتابییەکان بڕۆنەوە، دەوام تەواو.

(خاڵە عەبە وڵام ناداتەوەو بەردەوام دەبێت لە ڕۆیشتن بەرەو دەرگاکەو ژوورەکە بەجێدەهێلێت).

مامۆستا کمال (روو لە مامۆستا محمد) دەڵێت:

وایە، وایە، با بڕۆنەوە، ئەمڕۆ هێندە دەرسمان پێیانگووت و هێندە سوودیان وەرگرت و شتی تازە فێر بوون، ماندوویانمان کرد و پێویستیان بە بشوودان هەیە، ئەو قووڕپەسەرانە، بە خودا ئەگەر بە تەمای ئێمە بن و پشت بە ئێمە ببەست، دە ساڵی دیکەش فێری نووسینی نێوی خۆیان و باوک وباپیریان نابن.

مامۆستا فاتح وەک ئەوەی کە لە خەو راچەڵکابێت (روو لە پەنجەرەکە دەکات و سەروملی دەردەخاتە دەرەوەو بە دەنگێکی بەرزەوە) هاوار دەکات:

ئەرێ بەخوا ئەوەتا دڵدارەکەم ( بەدەست ئاماژە لای ماڵی کیژەکە دەکات، دەستیش بەلای پشتەوە درێژ دەکات) و بە پەلە دەڵێت:

وەرن، وەرن (بە مامۆستا کمال و مامۆستا محمد) ئەوەتا، ئەوەتا، تەماشای بکەن، رووی لا لەیەکەی دیکەیە.

مامۆستا کمال و محمد (بە جووتە ڕادەپەڕن بەرەوە پەنجەرەکە) و دەڵێن:

دەی با بتبینین بزانین چی دەکەیت و ئەویش چێت بۆ دەکات و چۆن وڵامت دەداتەوە.

مامۆستا فاتح:

باشە، زۆر باشە، با تەماشای ئەملا بکات، ئەوجا دەزانن، ڕاست دەکەم یا، نا. (لەبەرخۆیەوە قسە دەکات) و دەڵێت:

دەک بە فدات بم گووڵە جوانەکەم، ئەو کراسە سوورەیش لە بەردایە، کە من حەزی لێدەکەم و پێمگووتووە، کە لێت دێت، تەماشاکەن زیڕوو خشڵەکەکانی سەر سینەو گەردنی، چۆن دەبرقێنەوە و برووسک دەدەن، لە بەرامبەر تیشکی هەتاودا، (لە ناکاو) ئەرێ بەخودا، ئەوە تەماشای منی کرد، لاکەون، لاکەون، خۆتان بدەن بەلاوە، با نەتانبینێت و بکەوێتە شەرمەوە. دەستێک دەهێنێت بە قژەکەی خۆیدا کۆخەیەکی بەرز دەکات کە کیژەکە گوێی لێبێت.

(لە ناکاودا مامۆستا کمال و مامۆستا محمد کە لە لاوە تەماشا دەکەن، دەیدەن لە قاقای پێکەنین و هەر یەکەیان خۆی دەکشێنێتە خووارەوەو خۆیان دەهاوێژنە سەر تەختی خەوەکانیان و وەکوو منداڵی ساوا ئەمدیوو و ئەو دیو دەکەن و دەست دەخەنە سەر سکی خۆیان). مامۆستا کمال (لەگەڵ قاقای پێکەنیندا) دەڵێت:

بینیت مامۆستا محمد، بینیت،چۆن چەمۆڵەیەکی سەد دیناری ڕەوانەی مامۆستا فاتح کرد، ( بەدەست ئاماژەی چەمووڵە دەکات)، نەمگووت مامۆستا محمد نەمگووت، ئەم مامۆستا فاتحە، هەر فشە دەکات و هیچی دیکەی لە دەست نایەت و لە خۆڕا تانە لەو کیژە پاکە دەدات و لای ئەو کیژەش بایەخی میشوولەیەکی نیە.

(مامۆستا محمد دەیەوێت قسە بکات بەڵام پێکەنین ڕێگەی پێنادات.

مامۆستا فاتح، لە شەرماندا شیشەکانی پەنجەرەکە بەرنادات و ئاوەڕ بەلای دوواوە ناداتەوەو وشەیەکی لە دەمەوە دەرناچێت).

( دەنگی زەنگی قوتابخانەکە بەرز دەبێتەوە).

مامۆستا کمال (هەڵدەستێتە سەر پێ و لە مامۆستا فاتح نزیک دەبێتەوەو دەستدەخاتە سەرشانی و زۆر بە ئارامی) دەڵێت:

فاتح گیان، گوێی مەدەرێ، دڵداری هەمیشە هەر وابووەو هەر وا دەبێت و ئەگەر لەو جۆرە ڕووداوانەی تێدا نەبێت، هیچ تام و چێژێکی نابێت.

(مامۆستا فاتح لە شانەوە رادەکێشێت و ئەویش خۆی شل دەکات و نەرم، نەرم، خۆی شۆر دەکاتەوە بۆ سەر جێگەکەی و بە بێدەنگی دادەنیشێت و چاو بەرزناکاتەوە، مامۆستا محمد و مامۆستا کمال، تەماشای یەکتر دەکەن. دەستییان دەخەنە سەر دەمیان و ناهێڵن دەنگی پێکەنینەکانیان، بگاتە گوێی مامۆستا فاتح).

لە ناکاودا دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە و دوو قوتابی سەر دەکەن بە ژووورداو روو لە مامۆستاکان) پێکرا دەپرسن:

بۆچیبڕۆینەوە، خۆ ئەمرۆ هیچ وانەیەکمان پێنەگووتراوەتەوە، وانەکانی مامۆستا علي نەبێت؟

(مامۆستا فاتح بێدەنگی خۆی دەشکێنێت و روو لە دوو قوتابییەکە بە دەنگێکی بەرزەوە) دەڵێت:

بڕۆن پێتان دەڵێم، ئەگینا هەستم (هێشتا هەڕەشەکەی تەواو ناکات، کە هەردوو قوتابییەکە  بە بێ، چرکەیەک راوێستان، دەرگاکە دادەخەن و هەڵدێن).

(دیسانەوە دەرگاکە دەکرێتەوە و مامۆستا علي دێتە ژوورەوە، بە روویەکی پڕ زەردەخەنەوە، سەڵاو لە مامۆستایانی دیکە دەکات. بە پاڵ مامۆستا فاتحەوە دادەنیشیت، تەماشای دەکات) و دەپرسێت:

دیسان چی بووە مامۆستا فاتح، بۆ وا خەم دایگرتووی؟

(مامۆستا فاتح، بێدەنگەو وڵام ناداتەوە، جوولە ناکات و تەماشای مامۆستا (علي)ش ناکات و لەگەڵ پەنجەکانی خۆیدا یاری دەکات).

مامۆستا کمال، (دەکەوێتە پێکەنین و روو لە مامۆستا علي) دەپرسێت:

بۆچی تۆ نازانی چی بووە؟

مامۆستا علیدەڵێت:

نا بە خودا نازانم، من لە کوێ بووم تا بزانم کە لەم ژوورەدا،چی روویداوە.

مامۆستا محمد (روو لە مامۆستا علي) دەڵێت:

باشتر، با هەر نەزانی، ئەگەر تۆش نە رۆیشتبای بۆ وانە گووتنەوە، لەو رووداوەخۆش و سەیرووسەمەرە، بێبەش نابوویت، بەڵام قەیدی نیە، با مامۆستا کمال بۆتی بگێڕێتەوە. (روو لە مامۆستا کمال)، کمال بۆی باس بکە.

مامۆستا کمال (لە وڵامدا بە پێکەنینەوە) دەڵێت:

نا، نا، با مامۆستا فاتح خۆی بیگێڕێتەوە.

مامۆستا فاتح ( بە تووڕەییەوە روو لە مامۆستا کمال) دەڵێت:

کمال، بەسیەتی، (پەنجە رادەوەشێنێت)، ئەگینا خرابت بەسەردێنم. تێگەیشتی ( بە پرسیارەوە).

مامۆستا کمال (زۆر بە نەرمی) دەڵێت:

ئێ بۆ تووڕە دەبیت (بە پرسیارەوە). مامۆستا علي ویستی بزانێت چی روویداوە و منیش پێمخۆش بوو، خۆت بۆی باس بکەیت و هیچیتر.

مامۆستا علي (قسەکەی دەبڕێت) و دەڵێت:

باشە، باشە، تووڕە مەبن و مەیکەن بە شەڕ، پێویست ناکات من بزانم چی روویداوە.

(لە ناکاودا دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە. خاڵە عەبە دێتە ژوورەوە، روو لە هەموو مامۆستایان) دەڵێت:

فەرموون خواردن ئامادەیە.

(هەموو هەڵدەستنە سەرپێ و یەک لە دووای یەک ژوورەکە بەجێدەهێڵن، مامۆستا علی نەبێت، ئەوانی دیکە، هێشتا جلی خەویان لەبەردایە).

(چەند خولەکێک بێدەنگی و لە پاشان شانۆ تاریک دەکرێت).

## دیمەنی سێهەم

(شانۆ رووناک دەکرێتەوە. خاڵە عەبە خەریکی رێکخستنی نوێنی مامۆستاکانە، کە لێدەبێتەوە، روو لە تەماشاکەران) دەڵێت:

بینیتان، بە چاوی خۆتان، بینیتان، ئەمەیە کارووپیشەی بە نێو مامۆستایانی قووتابخانەی دێیەکەمان. (لەگەڵ قسەکردندا یارمەتی لە جۆلانەوەی دەست و سەروو دەم و چاویش، وەردەگرێت). بەم جۆرە کە بۆتان دەرکەوت، وانە دەڵێنەوە و بەم شێوەیە منداڵانمان فێری خوێندن دەکەن، فێری علم و معرفت و صنعت، دەکەن و زانیاری نوێ دەخەنە مێشکییانەوە، تا ئەوانیش ببن بە پیاوانی پاشەرۆژی نەتەوەکەمان و رێگەی تاریکمان بۆ رووناک بکەنەوە. دەڵێن مامۆستا مەشخەڵە، چرایە، باوەڕ بفەرموو ئەگەر بە تەمای ئەم مامۆستایانە بین، هەتا هەتایە لە تاریکیدا دەمێنینەوەو لە بەدبەختیدا دەژین و هەروا بە دوواکەوتوویی دەمێنینەوە. ئەمەیە بەسەرهاتی قوتابیان و مامۆستایانی دێیەکەی ئێمە. ئەم جۆرە مامۆستایانە، ئاوات و هەوڵ و تێکۆشانیان، تەنها لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیانەو پڕکردنی باخەڵ و سکیان و گەیشتن بە ئارەزووە ناڕەواو شەیتانییەکانیان. تەنها شتێک بیری لێناکەنەوە، خزمەتکردن بە میلەتەو بیرکردنەوە لە پاشەرۆژی نەتەوەیە.

(لە ناکاو دەنگێک لە پشتی سەرەوە، قسەکانی پێدەبڕێت. ئاوەڕ دەداتەوە، مامۆستا محمدە، بە تووڕەییەوەو بە دەنگێکی بەرزەوە) دەڵێت:

عەبەی فراش، ئەمە چی خواردنێکە بۆمانت درووست کردووە، سەعات دوازدەی نیوەڕۆیە و تۆ نان و چای و ماستت بۆ داناوین؟

(خاڵە عەبە قسەکردنەکەی دەبڕێت و بە پرسیارەوە)دەڵێت:

ئەی ڕەحمەت لە باوکت، قسەیەکی جوانت کرد، سەلماندت کە نیوەڕۆ لە خەو هەستاون و ئەی کەسێک کە تازە لەخەو هەڵدەستێت، یەکسەر دەچێتە سەر پڵاو و گۆشت، یا نانی بەیانیان؟

مامۆستا محمد (بە تۆڕەییەوە) بیبڕەوە، زووکە کارەکەت تەواو بکەو بڕۆ خواردنێکی گەرممان بۆ ئامادە بکە تا پاشنیوەڕۆ بیخۆین، یا پیلانت کێشاوە لە برساندا بمانکووژیت (بە پرسیارەوە).

خاڵە عەبە (لە وڵامدا) دەڵێت:

نەخێر، مامۆستا، من پیلانکێش نیم، ڕۆژەکانی رابووردووش هەر خواردنی پەیانییانم بۆتان درووست دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی کە، کەمێک لە ئەمڕۆ زووتر هەڵدەستان، دەنگتان نەدەکرد، بەڵام ئەمڕۆ دوازدەی نیوەڕۆتان کردووە بە بەیانیتان و خەڵکیش بۆ قاوەڵتی بەیانیان هەر نان و چای و لەو بابەتانە دەخوات.

مامۆستا محمد، (ژوورەکە بەجێدەهێڵێت و بەر لە دەرچوون)دەڵێت:

زوو کە، درێژەی پێمەدە، ژوورەکە ڕێکبخەو دەست بکە،بە درووستکردنی خواردن.

خاڵە عەبە (ڕوو وەردەگێڕێتەوە بەرەو تەماشاکەران) و دەپرسێت:

بینیتان، بیستتان، بەڕێزان، ئەوە حاڵ و کاروو پیشەی مامۆستاکانمانە، لە بەیانییاندا. بەڵام کاروو پیشەی ئێواران و شەوانیان، هەر مەپرسن و منیش باسی نەکەم، زۆر باشترە، چوونکە ئەوەی کە دەیکەن، هیچ مرۆڤێکی خاوەن ویژدان و ڕەوشتی پاک و بە غیرەت، نایکات.

خەڵکینە، لەگەڵ ئەو کارە ناڕەوایانەشدا کە دەیکەن، من گلەییان لێناکەم و گووناهباریان لە قەڵەم نادەم، ئەزانن بۆ؟ چونکە ئەگەر شوان لە کاتێکدا ڕانەمەڕەکەی دەباتە دەرەوە بۆ لەوەڕاندن، خۆی لەپاڵ سێبەرێکی خۆش ئاو و هەوادا پاڵبداتەوە، ڕانەمەڕ بە ئارەزووی خۆیان، بەملاو ئەولادا بڵاوەی لێدەکەن و ئەوەی دڵیان بیەوێت دەیەکەن و دەیخۆن. ئەم مامۆستایانەش بە هەمان شێوە. ئەگەر بەرپرسێک یا (مفتش)ێک نەیەت و چاودێریان نەکات و لێیان نەپرسێتەوەو کارووبارەکانیان هەڵنەسەنگێنێت، بە خوا من دەڵێم ماڵیان ئاوەدان بێت و هەر باشە دەوامیش دەکەن و دێن بۆ قوتابخانەکە، ئەگەر نەهاتبایەن چیمان دەکرد.

(لە ناکاو دەرگاکە دەکرێتەوەو مامۆستا علي دێتە ژوورەوە، ڕوو لە خاڵە عەبە) دەڵێت:

ماندوو نەبیت خاڵە عەبە، ئەوە هێشتا هەر خەریکی پاککردنەوەو ڕێکخستنی نوێنەکانی؟

خاڵو عەبە دەڵێت:

ئەری بەخوا مامۆستا گیان، ئەمڕۆ کەمێک پشتیشم ئازارم دەدات، بەڵام چیبکەم، چارە نیە، دوایی مامۆستاکان، دەیکەن بە هەراو هاوار بەسەرمدا.

مامۆستا علي بەرەو نوێنەکەی خۆی دەڕوات و دەکەوێتە رێکخستنی.

(خاڵە عەبە کتووپڕ بەرەو ئەو دەروات و پەلاماری دەستی دەدات) و دەڵێت:

استغفرالله مامۆستا گیان، ئەوە چیدەکەیت، (بەزۆر دەیەوێت مامۆستا علي دووربخاتەوە لە تەختەکەی، مامۆستا علي ناهێلیت)و بە خاڵە عەبە دەڵێت:

من هەر ئێستا ئەڕۆم و بە مامۆستاکان دەڵێتم، لە ئەمڕۆوە هەر کەسێک، دەبێت خۆی نوێنەکەی خۆی رێکبخات، چونکە خاڵە عەبە پێیناکرێت لەبەر ئازاری پشتی.

خاڵە عەبە (قسەکەی دەبڕێت) و دەڵێت:

نا، نا، مامۆستا گیان توو خوا ئەو کارە مەکە، دەترسێم وڵامێکی ناشیرینت بدەنەوەو دڵت بشکێنن، خۆت دەزانی ئەوانە مانای شەرم نازانن چیە.

مامۆستا علیدەڵێت:

ترست نەبێت، من خۆم دەزانم چۆنیان پێدەڵێم. تۆش خاڵە عەبە گیان خۆت ماندوو مەکەو لە بەیانییەوە ئیتر ئەم کارە ناکەیت.

مامۆستا علي (پاش ئەوەی نوێنەکانی خۆی ڕێکدەخات، ژوورەکە بەجێدەهێلێت)

(خاڵە عەبە یەکێکی دیکە لە نوێنەکان ڕێ دەخات و ڕوو لە تەماشاکەران) دەڵێت:

برادەران، با نهێنییەکی گەورەترتان بۆ ئاشکرا بکەم، تا زۆرتر بزانن، دوونیاکەمان چی بەسەرهاتووە و ڕادەی بێوەفایی و فڕوفێل گەیشتووەتە کوێ.

لە بیرم ماوە، ماوەیەک بەر لە ئێستا، پیاوێکی ورگنی( دەست دەخاتە سەر سکی خۆی) زل و زەبەلەح، بە چانتایەکی کۆن و دڕاوەوە و چاکەتوو پانتۆڵێکی فلْت و فشەوە، لەبەر دەرگای قوتابخانەکەمان، پەیدا بوو و خەریک بوو دەهاتە ژوورەوە، نازانم مامۆستاکان، چۆن بینیبوویان و ناسیبوویان و بەر لە هەموویانەوە مامۆستا محمدی بەڕێوەبەر، بە ڕاکردن بەرەو من هاتوو، بە لەرزە لەرزو تەتەڵەی لێوەوە گووتی، خاڵە عەبە نەکەی زوو بڕۆیت و دەرگاکە بکەیتەوە تا ئێمە بە پەلە جلەکانمان دەگۆڕین و دەرۆینە ژووری پۆلەکانەوە، ئەوەی لەبەر دەرگایە (مفتش)ە مفتش و بە پەلە ئەویش شوێن مامۆستاکانی دیکە کەوت و وا بە تووندووتیژی ڕایدەکرد دەتگووت بەشکوو تەیارەیە، هەر سێکیان لێیان بوو بە ڕۆژی (حشر)و خۆیان گەیاندو کرد بە پۆلەکاندا و منیش واقم وڕمابوو و سەرم سووڕمابوو لەو ڕەفتارو کردارەیان ڕۆیشتم و دەرگاکەم کردەوەو لە مێشکی خۆمدا وتم، سەد خۆزگە، هەموو ڕۆژێک (مفتش)ێک بهاتبایە، یا

یەکێک هەر بهاتبایەو هەمیشە لێرە بمابایەوە، تا ئەم ماموٚستا بێویژدانانە، هەمیشە بەو شێوەیە لەسەر پۆلەکان ئامادە بووایەن.

(لە ناکاودا دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە، ماموٚستا فاتح خۆی دەکات بە ژووردا، خاڵە عەبە لە قسەکردن رادەوەستێت، روو لە خاڵە عەبە) دەڵێت:

خاڵە عەبە من دەڕۆم بۆ دوکانەکەی حاجی مجید، پێم بڵێ بزانم، جێمان دەوێت، بۆ چەند رۆژی داهاتوو، (کاغەزو قەلەمێک لەگیرفافانی بەرباخەڵی دەردەهێنێت).

خاڵە عەبە (لە وڵامدا) دەڵێت:

وا بزانم هەموو شتێکمان دەوێت، چوونکە هەموو خواردنەکان تەواو بوون، شەکرووچاشمان خەریکە تەواودەبێت. (ماموٚستا فاتح خەریکە نووسینی دەبێت) و دەپرسێت:

ئیتر چی؟

خاڵە عەبە دەڵێت:

بۆ نارۆیت خۆتیش تەماشایەکی چێشتخانەکە بکەیت و بزانە خۆتان چی دیکەتان پێویستە.

ماموٚستا فاتح دەڵێت:

باشە، هەر وایلێدەکەم.

(ماموٚستا فاتح ژوورەکە بەجێدەهێلیت).

(خاڵە عەبە دیسان روو لە دانیشتوان) دەڵێت:

منیش دەرگاکەم کردەوەو چووم بە بەرەپیرییەوەو خێرهاتنم لێکردوو فەرمووم لێکرد بۆ ژووری بەڕێوەبەر.

جەنابی مفتش پرسی دیارە مامۆستایان خەریکی وانە گووتنەوەن، بۆیە ژووری ئیدارە چۆلە، منیش بەسەر لەقاندن و دەست ڕاوەشاندن، گووتم، وانە گووتنەوە، باوەڕ بفەرموون جەنابی مفتش، بەڵام بەر لەوەی وڵامی پرسیارەکەی جەنابت بدەمەوە، حەز دەکەم داوایەکت لێبکەم، ئەگەر دەکرێت بۆچی، مەردوو مەردانە، بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ لە قوتابخانەکەماندا نامێنیتەوە تاوەکوو لە ترسی جەنابت، بە شێوەی ئەمڕۆ مامۆستاکان، بڕۆنە پۆلەکانەوەو خەریکی وانە گووتنەوە بن. مفتش ئەفەندی لێیپرسیم، بۆچی ئەو داوایەم لێدەکەیت، شتێک هەیە دەتەوێت پێم بڵێیت. گووتم جەنابی مفتش، بە خوای گەورە لەو رۆژەوە پشووی هاوێنی کۆتایی پێهاتووەو مامۆستایان گەڕاونەتەوەو قووتابخانەکەمان کراوەتەوە، ئەمە یەکەمجارە بە چاوەکانی خۆم ببینم کە مامۆستاکان سەر بکەن بە پۆلەکاندا بۆ وانە گووتنەوە بە قوتابییەکان، مامۆستا علي نەبێت خوا تەمەن درێژی بکات، کە لە بەیانی زووەوە تا نیوەڕۆ بە بێڕاوێستان خەریکی وانە گووتنەوەیە.

(لە دەرگای ژوورەکە دەدرێت خاڵە عەبە لە قسەکردن رادەوەستێت و بەرەو دەرگاکە دەڕوات و دەیکاتەوەو قوتابییەک دەردەکەوێت و روو لە خاڵە عەبە) دەڵێت:

خاڵە عەبە مامۆستا علي گووتی، هەندێک (طباشیر)مان پێویستە.

(خاڵە عەبە پێیەکی لە ژوورەکە دەخاتە دەرەوەو دەست لە سەر شانی قوتابییەکە دادەنێت و ئاماژە دەکات بۆ لای چەپ) و دەڵێت:

زۆر باشە، ئا لەوێدا لە پاڵ دەرگای ژووری بەڕیوەبەر ئەو مێزە دەبینی کە قوتوویەکی لەسەرە،پڕە لە طباشیر، چەند دانەیەک ببەو بیدە بە مامۆستا علي. باشە؟

منداڵەکە دەڵێت:

زۆر باشە. (دەڕوات)

(خاڵە عەبە، دەرگاکە دادەخات و دەستێ دەهێنێت بە سەر یەکێک لە نوێنەکانداو رێکی دەخات و دیسانەو روو لە تەماشاکەران) دەڵێت:

بەڵێ بەرێزان، بە جەنابی مفتشم گووت، بەڵام تەنها ئەمرۆ نەبێت، کە جەنابت تشریفت هێناوە و تۆیان بینیوە، ئەوجا خۆیان کردووە بە پۆلەکاندا. کە کابرای مفتش ئەوەی لە دەمی من گوێ لێبوو، کاغەزو قەڵەمی دەرهێناو کەوتە گفتووگۆ لەگەڵ منداو ئەوەی بینیبووم و کردبوویان، بە بێ زیادوکەم پێیمگووت و ئەویش دەینووسی و دوو لای وەرەقەکەیەکی پڕ کردەوەو پێمی گووت، کاک عبدالله، ئەوەی کە گووتت، کە راست بێت و راست دەرچێت و ئاشکرا بێت، داوێکی وایان بۆ هەڵدەبەستم کە تا مردن نەتوانن خۆیانی لە چنگ رزگار بکەن. بەڵێ بەرێزان، نازانم چۆن مامۆستایان گوێیان، لە قسەکانی من و کابرای مفتش ببوو، سەرتان نەیەشێنم، کە مفتشیان

بینی بە شێوەیەک هاتن بە دەورووبەریداو خۆیان لێینزیک کردەوە و گەوتنە گاڵتەو پێکەنین لەگەڵێدا، کە نەیانهێشت، ئەو شەوە بگەڕێتەوە بۆ شارو پاش نان خواردنیش ئەوەندە (عرق و شراب)یان بە دەرخوواردیدا، کە لەوان خرابتر سەرخۆش ببوو و پڕ بە ژوورەکە دەیبۆڕان و گۆرانی دەگووت و سەمای دەکرد. لەو حاڵ و بارەدا، مامۆستاکان، ئەو کاغەزەی کە بە قسەکانی من پڕی کردبووەوە لەسەریان، پێیان دڕاندوو کاغەزێکی دیکەیان خستە بەر دەستی و ئەوەی لە بەرژەوەندی خۆیان بوو، پێیان نووسی و پێیان مۆرکرد. ئەوەم لە بیر نەچێت مامۆستا علي لە چرکەی یەکەمەوە، ژووری (ادارة)ی بە جێهێشتوو، هاتە ئەم ژووری نوستنەوە، چونکە دەیزانی چی روودەدات.

با زۆرتر ماندووتان نەکەم بە قسەکانم و سەرتان نەهێنمە ئێشان، چەند رۆژێک پاش ئەوەی مفتش گەڕایەوە بۆ شار، رۆژێکیان بینییانم خەریکی چەپلەلێدان و پێکەنین و شادین کە پرسیم چیڕوویداوە، گووتیان بۆ نازانی، مفتشەکەی کە هاتبوو راپۆرتێک هێندە باشی لەسەر ئێمە نووسیبوو بۆ (مدیری معارف)، کە نامەی سوپاسی بۆمان ناردووە. منیش لەبەر خۆمەوە گووتم، ئەگەر ئەوە حاڵی مفتش بێت و مدیری معارفیش بە گۆترە سوپاس بنێرێت، دەبێت حاڵی مامۆستاکانیش هەر وابێت کە بۆم باسکردن.

(خاڵە عەبە بێدەنگ روو لە تەماشاکەران رادەوەستێت و نەرم نەرم پەردە دادەکشێت.)

# پەردەی دووهەم

## دیمەنی یەکەم

شوێن:

هەمان ژووری نووستنی مامۆستایان. نوێنەکەی مامۆستا علي، کەمێک راکێشراوەتە خووارەوە- مامۆستا علي بە جلی نووستنەوە لەسەریدا، پاڵیداوەتەوەو خەریکی کتێب خوێندنەوەیە. لە دەوری مێزی نێو ژوورەکە سێ کورسی دانراوە، هەرسێ مامۆستاکە لەسەریان دانیشتوون و خەریکی یاریکردنن بە کاغەزی قومار، لۆکسێکی هەڵکراو بەسەر رەفەکەوەیە، مامۆستا محمد خەریکی تێکەڵکردنی کاغەزەکانە، جگەرەیەکیشی بە دەمەوەیە، جگەرەکە دادەنێت).

دەپرسێت: ئامادەن؟

(کاغەزەکان بڵاو دەکاتەوە لە بەردەم دوو مامۆستاکەی دیکە، مامۆستا فاتح کاغەزەکانی بەردەستی خۆی هەڵدەگرێت و رێکیان دەخات و فیکەیەکی بەرز لێدەدات) و دەڵێت:

بەخوای دەرچووم.

مامۆستا کماڵ لە وڵامدا دەڵێت:

نەیخۆیت تاڵە.

مامۆستا فاتح دەڵێت:

جا چییە بە شەکرەوە دەیخۆم.

(کاغەزێک فرێ دەدات، مامۆستا محمدیش کاغەزێک فڕێ دەدات، ڕوو لە مامۆستا فاتح)دەڵێت:

تۆ چی دەڵێیت، ئەوا من خەریکە دەردەچم.

مامۆستا فاتح (ئاوەڕ بەلای ڕاستدا دەداتەوە و تەماشای مامۆستا علي دەکات، کە خەریکی کتێب خوێندنەوەیە) و دەڵێت:

دەک ماڵت بە قووڕ نەگرن، مامۆستا علي، وا دوو سەعاتە، ئێمە یاری دەکەین و ماندوو بووین، بەڵام تۆ هێشتا، هەر خەریکی خوێندنەوەی،بەسیەتی واز بێنە دڵت بە چاوەکانی خۆت بسووتێت، یا خوا نەکەران، شێت دەبیت و دەکەوێتە دەشت و چۆڵ و کۆڵانەکان.

مامۆستا محمد (قسەکەی دەبڕێت ڕوو لە مامۆستا علي بە پرسیارەوە) دەڵێت:

مامۆستا علي، پێم ناڵێیت، چی سوودێکت دەستدەکەوێت وا بە شەوو ڕۆژ خۆت لە هەموو خۆشییەکانی ژیان بێبەش کردووەو هەر خەریکی کتێب خوێندنەوەی.

(مامۆستا علي بێدەنگەو چاو لە کتێبەکە بەرز ناکاتەوە).

مامۆستا کمال(ڕوو لە مامۆستا فاتح و مامۆستا محمد) دەڵێت:

بەسیەتی، چاوتان لە یارییەکە بێت، زنجیرەی بیری مامۆستا علي مەبچڕێنن، خودا دەزانێت ئێستا لەگەڵ کام فەیلەسووفدا، خەریکی گفتووگۆیەو دەمەتەقێ لەگەڵدا دەکات.

مامۆستا فاتح (قسەکەی دەبڕێت) و دەڵێت:

فەیلەسووفی چی، ماوەیەکە عاشق بووەو بە گوولزاری شعری عاشقانەی شاعراندا، لە خوولانەوەدایە، هێندە نەهێنیشی بە هێزە باسمان بۆ ناکات، ئەو (معشوق)ەیە، کێیەو لە کوێیە.

مامۆستا محمد:

بەسە، بەسە بیبڕنەوە (کاغەزەکان دەخاتە سەر مێزەکە)، وا من بردمەوە ( قسەکانی درێژ دەکاتەوە).

مامۆستا کمال:

ئەگەر وایە، بەسە ئیتر یاری ناکەین.

مامۆستا فاتح:

بەسەی چی (بە پرسییارەوە)، یاریکە، یاری، من دۆڕاووم.

مامۆستا کمال:

کووره تۆی چی؟ من دۆڕاووم.

مامۆستا محمد (دەست دەکات بە گیرفانی خۆیداو، هەندێک پارەی وردەو کاغەزیش دەردەکات) و دەڵێت:

لە هەردووکتان دۆڕاوتر منم، ئیتر نازانم ئەو قسانە چییە کە دەیکەن (بە پرسییاورەوە).

مامۆستا فاتح دەڵێت:

سوێند بە خودا من دۆڕاوم.

مامۆستا کمال دەڵێت:

بەو خودایەی کە لە ئاسمانەکانە، من دۆڕاوم. (کاغەزەکان تێکەڵ دەکات و کۆیان دەکاتەوە) و دەڵێت:

بەڕێزان، بیسەر و بینەرە ئازیزەکەکان، (لاسایی پێشکەشکارانی بەرنامەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن دەکاتەوە) ماوەی تەرخانکراو بۆ یاری کۆتایی هات و تا چەند خوولەکێکی دیکە، بەرنامەی داهاتوومان دەست پێدەکات (روو دەکاتە مامۆستا فاتح و مامۆستا محمد)، ئایا ئێوە دەزانن چییە (بە پرسیارەوە).

هەردوو مامۆستا (بەیەکەوە) دەڵێن:

بەڵێ دەزانین.

مامۆستا کمال (بە پرسیارەوە) دەپرسێت:

چییە ( وشەکە درێژ دەکاتەوە).

(هەر سێ مامۆستاکە بە دەستەکانیان دەدەن بەسەر مێزەکەدا) و دەڵێن:

خو...وار...دنەوە...یە.

(دەیدەن لە قاقای پێکەنین).

(مامۆستا فاتح کاغەزەکان هەڵدەگرێت و ژوورەکە بەجێدەهێلێت. مامۆستا کمال و مامۆستا محمد، هەڵدەستن و بەرەو کەنتۆرەکانیان دەڕۆن و گیرفانەکانیان خالی دەکەن. دەگەڕێنەوەو لە دەوری مێزەکە دادەنیشن).

( ماوەیەک بێدەنگی).

(دەرگاکە دەکرێتەوە، مامۆستا فاتح دێتە ژوورەوە، سینییەکی بە دەستەوەیە. چەند شووشەیەک، بیرەو و شووشەیەک عارەق و چەند بادەیەک و دۆڵکەیەک ئاو و چەند قاپێکی بچووکی بەسەرەوەیە، لەسەر مێزەکەی دادەنێت، دادەنشێت، هەریەکەیان شووشەیەک

بیرەرادەکێشنە بەردەستی خۆیان، بادەکانیان تا نیوە پڕ لە عارەق دەکەن. بادەکانیان لە یەک دەدەن، بەر لەوەی بیخۆنەوە، هەڵدەستن و بەرەو مامۆستا علي دەڕۆن) و مامۆستا محمد (روو لە مامۆستا علي) دەڵێت:

علي گیان، هەستە وەرەو لەگەڵماندا بەشدار بەو پێکێکمان لەگەڵدا بخۆرەوە.

مامۆستا فاتح (قسەکانی مامۆستا محمد دەبڕێت) و دەڵێت:

هەر ئەمجارەو بەس.

مامۆستا کمال (دوای مامۆستا فاتح) دەڵێت:

دە وەرە بە ساقە، خۆ کفر نابێت، بۆ وا ژیانت بە سەختی گرتووە، ئەوە ناهێنێت خۆت لە شادی و خۆشییەکانی بێبەش بکەیت و خۆت بخەیتە ژێر کۆڵەباری خەمەوە، کتێب خوێندنەوە چی سوودێکی هەیە بۆت، تا ئێستا ئەوەندەت خوێندەوە گەیشتیتە کوێ.

مامۆستا علي ( سەر بەرز دەکاتەوەو لە وڵامی هەموویاندا زۆر بە کوورتی) دەڵێت:

سوپاستان دەکەم، ئێوە فەرموون، بڕۆن دانیشن و بەردەوام بن و شادی و نەشئەی خۆتان تێک مەدەن، خۆتان دەزانن من هەرگیز نەمخوواردووەتەوەو هەرگیز ناخۆمەوە، بۆیە داوای لێبووردنتان لێدەکەم.

(دیسانەوە سەر دادەگرێتەوە سەر کتێبەکەی دەستی، مامۆستاکان دەگەڕێنەوەو لە دەوری مێزەکە دادەنیشن، دیسانەوە

بادەکانیان دەدەن بە یەکدا) و مامۆستا کمال ( روو لە دوو مامۆستاکەی دیکە) دەڵێت:

چەریۆ، بەسەلامەتی مامۆستا فاتح و دەزگیرانەکەی.

(هەرسێکیان مژ لە بادەکان دەدەن و دایان دەنێنەوە لەسەر مێزەکە).

مامۆستا فاتح (بە تووڕەییەوە) دەڵێت:

ئەوەی گووتت کمال دووبارەی نەکەیتەوە، ئەگینا..

مامۆستا محمد (قسەکەی دەبڕێت) و دەڵێت:

ئەگینا بادەیەک ئاوی سارد دەکات بەسەر عارەقەکەداو دەیخوواتەوە. ( هەرسێکیان دەیدەن لە قاقای پێکەنین و بۆ چەند چرکەیەک بەردەوام دەبن لە پێکەنین).

مامۆستا محمد (روو لە مامۆستا علي) دەپرسێت:

مامۆستا علي خۆ زویر نابیت لە پێکەنین و دەنگە دەنگمان.

مامۆستا علي (سەر لە سەر کتێبەکەی دەستی بەرز دەکاتەوە)و دەڵێت:

مرۆڤ لە کەسانی رێزدار و تێگەیشتوو، ئەگەر هەڵە بکەن، زویر دەبێت، بەڵام ئێوە لەو ناوانازانە بێبەشن، بۆیە ئیتر دڵنیابە کە زوێر نابم.

(دیسانەوە دەکەوێتە خوێندنی کتێبەکەی دەستی).

مامۆستا کمال (مەستانە دەکەوێتە قسەکردن و روو لە مامۆستا علیدەڵێت:

ئاگات لە دەمی خۆت بێت، ئەو قسانەت ئەوپەڕی بێڕێزییە بۆ ئێمە. (مامۆستا علي بە هیچ شێوەیەک نە تەماشای دەکات و نە وڵامی دەتاتەوە) ئێمەش دەتوانین بەو شێوەیە لەگەڵ تۆدا رەفتار بکەین. (بە پرسیارەوە بەردەوام دەبێت) سەردەرناهێنم تۆ خۆت بەچی دەزانیت و خۆت کردووە بە فسفس پاڵەوان بەسەرمانەوە و خۆت بە هەموو شتێک لە قەڵەم دەدەیت و وا هەست دەکەیت بەم رەفتارو کردارانەت، قوتابییەکان و خانەوادەکانیان، پاداشت دەدەنێ و رێزت لێدەگرن، ئەگەر راست دەکەیت، هەر ئێستا بڕۆ لەو منداڵانە بپرسە، کە کام مامۆستا باشترەو خۆشتان دەوێت، مامۆستا علي یا سێ مامۆستاکەی دیکە؟ بە بێگومان، هەموویان ئێمە هەڵدەبژێرن (ئاماژە بۆ خۆیی و مامۆستا فاتح و محمد دەکات).

مامۆستا علي (کتێبەکەی لە تەنیشتی خۆیەوە دادەنێت و روو لە مامۆستا کماڵ) دەڵێت:

بزانە مامۆستا کمال، زۆر چاک گوێم لێبگرە، ئەگەرچی، هەست و هۆشتان نەماوە، چونکە ئەوەندەتان (عرق) خواردووەتەوە کە لێوەکانتان تەتەڵە دەکەن و توانای قسەکردنتان نەماوە، بەڵام، بەلامەوە گرنگ نیە کە قوتابییەکان منیان خۆش بووێت یا نەوێت، بە باشم دابنێن یا خراب، چونکە من (بە پەنجە ئاماژە بۆ خۆی دەکات) ئەو ئەرکەی پێم سپێندراوەو خراوەتە ئەستۆم، بەڵکوو زۆرتریش، بە خۆشحاڵییەوە، بە جێیدەهێنم و ویژدانیشم ئاسوودەیە. ( راست دەبێتەوە دادەنیشێت و پێیەکانی لە تەختەکەیەوە شۆڕ دەکاتەوەو روو

لە مامۆستایان بەردەوام دەبێت) و دەڵێت:

بەڵێ ئەو قوتابییە هەژارانە، ئێستا ساوێلکەن و باشی و خرابی خۆیان لەیەک جوودا ناکەنەوەو پێیان خۆشە، مامۆستا وانەیان پێنەڵێتەوەو بۆ خۆیان یاری بکەن و بە گاڵتەو گەپ کاتی، خۆیان بەسەر بەرن. هێشتا نازانن ئاکامی نەخوێندن، بە کوێیان دەگەیێنێت و چۆن هەر وەکوو باوباپیرانیان نەخوێندەوار دەمێننەوە. خۆشبەختانە، لەم دواییانەدا، زۆربەیان بە تایبەت گەورەترەکان، بۆیان دەرکەوتووە کە هاتن و چوونی رۆژانەیان بۆ قوتابخانە بێسوودەو تەنها ماندووبوونەوەکەیان بۆ دەمێنێتەوەو هیچ شتێک فێرنەبوون و با ئەوەشتان پێبڵێم، زۆربەیان لۆمەی ئێوە دەکەن و لەگەڵ یەکدا باس لەوە دەکەن، کە مانەوەیان لە ماڵەکانیان، پڕ سوودترە، هیچ نەبێت دەتوانن یارمەتیدەری باوک و براکانیان بن لە کاروبارەکانیاندا، زۆریش لە رەفتارو کرداری ئێوە تێگەیشتوون و دەزانن، بەرژەوەندی گشتیتان خستووەتە پشتی گوێ و تەنها بە شوێن کەیف و رابواردنی خۆتاندان، بێگومان نە تەنها قوتابییەکان، بەڵکوو هەموو خەڵکی گووندەکەش ئاگاداری کاروباری ناڕەوای ئێوەن و رق، گەیشتووەتە کونە لووتیان و هەر ئەوەندەیان ماوە بە رووتاندا بتەقێنەوە.

(هەر سێ مامۆستاکە، بە دیقەت تەماشای دەمی مامۆستا علي دەکەن).

مامۆستا محمد (قسەکانی دەبڕێت) و دەڵێت:

تقصیر نەکەن، با ئەوەی لە دەستیان دێت بیکەن و تۆش لەگەڵیاندا.

مامۆستا علي (هەڵدەستێتە سەر پێ و بە توورەییەوە پەنجە لە مامۆستا محمد رادەوەشێنێت) و دەڵێت:

بزانە مامۆستا محمد کە تۆ بە نێو بەڕێوەبەری قووتابخانەکەیت و بڕیارەکان هەمووی بە دەستی تۆیەو تۆ لێپرسراوی لە هەموو رووداوەکان و ئەم رۆژەرەشەی قوتابیانی ئەم دێیە، ئەگەر ئەو هەستە نەبێت لە دڵمدا کە نامەوێت زیان بە هیچ کەسێک بگەیێنم، ئەتوانم کارێکی وا بکەم، کە شیرینیتان لە دەمدا تاڵ بکەم و ژیانتان وێران بکەم، مندەڵێم با هێشتا، دەنگ نەکەم، بەڵکوو ویژدانی خۆتان زیندوو دەبێتەوەو دێنە سەر رەوشتی راست و پاک و هەست بە هەڵەی خۆتان دەکەن، بەڵام زۆر بەداخەوە رۆژ بە رۆژ خرابتر دەبن و زمانتان درێژتر دەبێت، بە تایبەت بەسەر من و خاڵە عەبەدا. ئەمجارەیان بە خۆشی پێتان دەڵێم (زۆرتر توورە دەبێت) و بە تایبەت تۆ مامۆستا محمد (بە پەنجە ئاماژەی بۆ دەکات) ئەگەر بەڕێوەبەری ئەم قوتابخانەیە نەبیت، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەو فێرکردن بیت، لێت (قبول) ناکەم و کارێکی وات پێدەکەم کە هەتا هەتایە، پەنجەی پەشیمانی بگەزیت. مامۆستا محمد (بادەکەی دادەنێت) و دەڵێت:

یانی بە تەمای چی بکەیت؟ چی دەتوانی بکەیت؟ مامۆستا علي (قسەکەی دەبڕێت و بە توورەییەوە) دەڵێت:

ئەوەی کە سوودی گشتی تێدا بێت دەتوانم بیکەم.

مامۆستا کمال ( دەمدەکاتەوەو دەیەوێت قسە بکات، لە ناکاودا دەنگی کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکە دێت، هەموو بێدەنگ دەبن، مامۆستا علي ژوورەکە بە جێدەهێلێت).

مامۆستا فاتح (روو لەو دوو مامۆستاکەی دیکە) دەڵێت:

چی تووشی بەڵای خۆمان بووینە؟

مامۆستا کمال (مژێک لە بادەکەی دەدات) و دەڵێت:

گوێی مەدەرێ، چارەی دەکەین. بەڵایەکی ئەوتۆی بۆ درووستدەکەین، هەتا هەتایە لە بیری نەچێت و پێیەوە بناڵێنێت و ئیتر نەتوانێت بەو شێوەیە، زمان درێژی بکات.

(دەنگی فەرموو، فەرمووی خاڵە عەبەی مامۆستا علي لە دوورەوە دێت، مامۆستا محمد دەکەوێتە قسەکردن) ودەڵێت:

عەبەیە، ئەی بەخێر نەیەیت، دەبێت بەم شەوە بۆچی هاتبێت؟

مامۆستا فاتح وڵامی دەداتەوەو دەڵێت:

زۆر جار بە شەوان دێت و لەگەڵ مامۆستا علي لە یەکێک لە ژوورەکاندا دادەنیشن و دەکەونە قسەکردن. باسی چی دەکەن، ئیتر مەگەر خودا بزانێت.

مامۆستا کمال (دەکەوێتە قسەکردن) و دەڵێت:

وا باشە ئەم شووشەو مووشانە بشارینەوە تا عەبە نەیانبینێت.

مامۆستا محمد (وڵامی دەداتە) و دەڵێت:

هیچ پێویست ناکات بیانشارینەوە، هەرچی دەڵێت، با بیلێت، لە عەبەی فراشێش بترسێین.(بە پرسییارەوە)

(دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوەو مامۆستا علي و خاڵە عەبە دێنە ژوورەوە) مامۆستا علي (روو لە خاڵە عەبە) دەڵێت:

فەرموو، فورموو خاڵە عەبە گیان.

خاڵە عەبە (بەر لەوەی هیچ قسەیەک بکات، لووت دەکات بە ئاسمانداو دەکەوێتە بوون کردن) و دەپرسێت:

ئەرێ مامۆستا علي پێم ناڵێیت، ئەم بۆنە پیسە چییە دێت بە لووتمدا، نەکات مشکێک، تۆپیبێت، یا شتێکیتر؟ خۆ خۆتان ئاگادارن من هەموو رۆژێک ژوورەکان بە شێوەیەک پاک دەکەمەوە وەکوو گوڵ.

(تەماشایەکی سەرەوەی ژوورەکە دەکات و ئاوەڕێک بەلای مامۆستاکاندا دەداتەوەو بە بێ ئەوەی قسە بکات، بە سەرسامییەوە دەڕوانێتە سەر مێزەکەو روو لە مامۆستا علي دەپرسێت:

ئەرێ مامۆستا علي ئەو شووشەو بەرداخانە چین لەسەر مێزەکە.

مامۆستا علي (روو لە خاڵە عەبە) دەپرسێت:

بۆچی نازانیت ئەوانە چین لەسەر مێزەکە.

خاڵە عەبە:

نا بە خودا نازانم.

مامۆستا علي:

ئەوانە شووشەی عارەقن، عارەق. بۆنەکەش، بۆنی عارەقە و بۆنی مشکی تۆپی و نیە.

خاڵە عەبە (بەسەرسامییەوە، دەستەکانی دەخاتە کەمەری خۆی) و دەپرسێت:

چی، چی،شووشەی عارەق، بۆنی عارەق.

مامۆستا علي:

بەڵێ، بەڵێ، خاڵە عەبە گیان. شووشەی عارەق و بۆنی عارەق.

خاڵە عەبە:

أستغفر الله، أستغفرالله، دەڵێم، من چەند جارێکی دیکەش بەر لە ئەمشەو کە بەیانییان زوو هاتووم، لە دوورەوە ئەم بۆنە هاتووە بە لووتمدا، بەڵام قەد نەمزانیوە کە بۆنی عارەق بووە. هەی قووڕی دوونیام بەسەر، تەنها عارەقمان کەمبوو، ئەویش پەیدا بوو (لە ناکاو ئاوەڕ دەداتەوە بۆ لای مامۆستا علي) و دەڵێت:

مامۆستا علي خوا حافیز، من رۆیشتم، تا تووشی غەزەبی خوا نەبووم، من دەقیقەیەکیش لێرە نامێنمەوە و ئەو کارەش هاتم بۆی و ئەو قسانەی دەمەویست بیکەم، نایکەم (نەرم نەرم رادەکات، پێش ئەوەی ژوورەکە بە جێبهێلێت، دەگەڕێتەوەو دەم دەنێت بە گوێ مامۆستا علیدا) و دەڵێت:

سوێند بە خودا بیرێکی وایان بۆ هەڵکەنم، هەتاهەتایە نەتوانن لێیدەرکەون. (دووبارە نەرم نەرم رادەکات) و بەردەوام دەبێت، لە استغفر الله، استغفر الله، گووتن ( ژوورەکە بەجێدەهێلێت، مامۆستا علي لەسەر جێی خەوتنەکەی خۆی دادەنیشێت ).

مامۆستا فاتح (روو لە دوو مامۆستاکەی دیکە) دەڵێت:

ئەمە چی بوو، تێنەگەیشتین، بۆچی هات و بۆچی وازوو چوو؟

مامۆستا کمال:

رەنگە کارێکی گرنگی هەبووبێت بە مامۆستا علي، بەڵام بینینی خواردنەوەکان لێیانی تێکدا.

مامۆستا محمد:

رەنگیشە، لە گەڕانەوەیدا دوای دەوام، بۆ ماڵەوە، خەوی لێکەوتبێت و خەونی خرابی بینیبێت.

(هەرسی دەیدەن لە قاقای پێکەنین و دیسانەوە بادەکانیان لەیەک دەدەن و دەکەونەوە خوواردنەوە)

مامۆستا علي (تەماشای کاتژمێرەکەی دەستی دەکات و هەڵدەستێتە سەرپێ و روو لە مامۆستایان) دەڵێت:

بە یارمەتیتان، من دەڕۆم بۆ مزگەوت.

(هەرسێ مامۆستاکە بە لالووتەوە) دەڵێن:

فەرموو، فەرموو، (بەر لە دەرچوونی، مامۆستا کمال، رووی لێدەکات) و دەڵێت:

لە بیرت نەچێت، دوعای خێرمان بۆ بکەیت.

(مامۆستا علي ژوورەکە بەجێدەهێلێت).

مامۆستا محمد (پاش دەرچوونی مامۆستا علي) دەڵێت:

شەرت بێت کارێکی وات بەسەر بهێنم علي ئەفەندی، کە ،با، بە دەواری شڕی نەکردبێت.

(هەرسێکیان دیسانەوە بادەکانیان دەدەن بەیەکدا) و مامۆستا فاتح دەڵێت:

به سەلامەتی علي ئەفەندی و عەبەی فراش.

شانۆ تاریک دەکرێت و مۆسیقایەکی نەرم لەگەڵ دەنگی شمشاڵدا لێدەدرێت، دیمەنەکە لە ژووری نووستنی مامۆستایانەوە، دەگۆڕدرێت بە ماڵی خاڵە عەبە)

# دیمەنی دووهەم

کات: شەوە.

شوێن:

ماڵی خاڵە عەبە، ژوورێکی لادێیانە، چەند (رف)ێکی دارین بە دیوارەکانەوە هەڵواسراوە، هەندێک قاپ و مەنجەڵی بچووک لە سەریان دانراوە، چەند پارچە (قماش)ی رەنگاوڕەنگ بە دیوارەکانەوە هەڵواسراوە، لای دیواری سەرووی ژوورەکەوە، سندوقێک دانراوە و هەندێ دۆشەک و کەلوپەلی نووستنی لەسەردایە، دەرگای ژوورەکە لای خوارووی ژوورەکەوەیە نزیک لە تەماشاکەران، چرایەک لە سەر مێزێکی زۆر بچووک، لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا بە هەڵکراوی دانراوە، خاڵە عەبە پاڵیداوەتەوەو خۆیداوە بەسەر سەنگیایەکدا، تەسبیحێکی قەزوانی بە دەستەوەیەو چووەتە بیرێکی قووڵەوە، تەماشایەکی لای دەرگای ژوورەکە دەکات، بە دەنگێکی بەرزەوە) بانگ دەگات و دەڵێت:

خاتە، خاتە، ئەوە چەند جارت پێتبڵێم، نەوزادم بۆ بانگ ناکەیت، کارم پێیەتی.

(لە دوورەوە دەنگی ژنێک دێت) دەڵێت:

کوورە ئێ، ئێ، منیش چەند جار هاوارم کرد، باشە، باشە، دەستم گیراوە و خەریکی ئاودانی مانگا زەردەم. نەوزاد رۆیشتووە بۆ ئاوهێنان لە کارێزەکە، هەر کە گەیشت پێیدەڵێم بێت بۆ لات.

خاڵە عەبە:

باشە، باشە ئێستا، تێگەیشتم.

(راست دەبێتەوەو چوارمشقی دادەنیشێت و قۆڵەکانی دەخاتە سە رانی و روو لە تەماشاکەران) دەڵێت:

بە خودا وا دیارە ئەو قوتابخانەیە لە من (حرام) دەبێت، چونکە ئیتر غیرەتم قبول ناکات، خزمەتی عارەق و شراب خۆر بکەم، مەگەر هەر خودا بزانێت لە کەیەکەوە ئەو کارانە ئەنجام دەدەن و من پێم نەزانیوە (دەست و سەر بەرەو ئاسمان بەرز دەکاتەوە)و دەڵێت:

خودایە بە خاتری گەورەیی خۆت لێم ببوورە، خۆت ئاگاداری لەمەوبەر پێم نەزانیوە و بێئاگابووم لەو کارانەیان. (بەسەر لەقاندنەوە) بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

بەڵام، نا، نا، وا بە ئاسانی وازیان لێناهێنم و دەست لە کار ناکێشمەوە. با جارێک نامەیەک بۆ (مدیری معارف) بنووسم و ئەویش تاقی بکەمەوە بزانم چی دەڵێت و چی دەکات، ئەگەر رێچارەیەکی دۆزییەوەو ئەم بە نێو مامۆستایانەی تەمێ کرد، ئەوە باشە و ئەگەریش نا، ئەوجا دەست لە کار دەکێشمەوەو خودا یار بێت، کارێکی دیکە، هەر پەیدا دەکەم، کە بتوانم لە رێگەیەوە لوقمە نانێک پەیدا بکەم و بە شیرەکەی مانگا زەردەوە، لەگەڵ ژن و منداڵەکەمدا بیخۆین، برسییەتی کێشانم ئابڕومەندانەترە لەو پارەیەی کە لە رێگەی

خزمەت بە عارەق خۆرانەوە، دەستم دەکەوێت؛ ئەو کاتەشە کە بۆ هەموو خەڵکی ئاواییەکە، بەسەرهاتی مامۆستاکان باسدەکەم و پێیانیش دەڵێم بۆ دەستم لە کار کێشاوەتەوە.

(دەنگی کرانەوەی دەرگای ژوورەکە دێت، خاڵە عەبە ئاوەڕ دەداتەوە، منداڵێکی (١٢) ساڵە، دێتە ژوورەوە، کراسێکی درێژوو چاکەتێکی لەبەردایە، سەر قۆڵەکانی بە پەڕۆی جیاواز لە ڕەنگی چاکەتەکە، داپۆشراوەو دووراوە)

خاڵە عەبە (تەماشای دەکات) و دەڵێت:

نەوزاد کوڕم گەڕایتەوە؟

نەوزاد دەڵێت:

بەڵێ بابە، دایکم گووتی کارت بە من هەیە.

خاڵە عەبە:

بەڵێ رۆڵە. بڕۆ کاغەزێک و قەڵەمێک بهێنەو وەرە دانیشە، من چەند شتێکت پێدەڵێم و تۆش بە رێک و پێکی بینووسە، بەڵام وریابە لای هیچ کەسێک باسی نەکەیت. (نەوزاد بە سەر لەقاندن، رەزامەندی خۆی دەردەبڕێت و ژوورەکە بەجێدەهێلێت. خاڵە عەبە تەنها دەمێنێتەوە، سەنگیایەک رادەکێشێت و دەیخاتە سەر ئەژنۆکانی و قۆڵەکانی دەخاتە سەری و لەبەرخۆیەوە) دەڵێت:

بۆم راوێستن، مامۆستاکان، شەرتی خوا بێت چووارمێخەتان بکووتم و کارێکی واتان پێبکەم، کە هەتا هەتایە لە بیرتان نەچێت، دەرس ناڵێنەوە بە منداڵان. عارەق دەخۆنەوە. نیوەڕۆخەو دەکەن.

(هەموو ئەوانە بە سەر لەقاندنەوە دەڵێت. نەوزاد دەگەڕێتەوە، دەفتەرێ بە دەستەوەیە، بە پاڵ باوکیەوە دادەنیشێت، تەماشای باوکی دەکات) و دەڵێت:

فەرموو بابە، بڵێ چی بنووسم (بە پرسیارەوە).

خاڵە عەبە (لە وڵامدا) دەڵێت:

پەلە مەکە، کوورم، پەلە مەکە، با بیری لێبکەمەوە، تا ئەو بیرەی بۆیان هەڵدەکەنم، قوولترو قوولتری بکەم (دەکەوێتە بیرکردنەوە).

نەوزاد (بە پرسیارەوە): بابە، بۆ بە تەمای داوا بکەیت، بیری ئاوی شیرین لە دێیەکەماندا لێبدەن.

خاڵە عەبە دەڵێت:

بیری ئاوی چی رۆڵە، بیر بۆ مامۆستاکانت هەڵ دەکەنم، بێرێک، کە هەتاهەتایە نەتوانن بە ئاسانی لێیەوە دەرکەون و رزگاریان ببێت. (سەنگیاکە فڕی دەدات ) پشتییەوەو)دەڵێت:

بنووسە کوورم بنووسە، جەنابی مدیری معارف (نەوزاد پاش چەند چرکەیەک بیرکردنەوە، سەر دادەگرێت بەسەر کاغەزەکەدا و بەدەم نووسینەوە) دەڵێت:

جە، جە، جەنا، جەنابی، مو، مو، مودیر، موودیری، مەعاااارف.

(خاڵە عەبە لەگەڵ دەنگی کووڕەکەیدا، سەر دەلەقێنێتەوە) و دەپرسێت:

ها، تەواو رۆڵە.

نەوزاد: بەڵێ تەواو بابە.

خاڵە عەبە:

الحمدللە، بنووسە، سلام و علیک.

نەوزاد (بە هەمان شێوەی پێشوو، دەکەوێتە نووسین و بە دەنگ) دەڵێت:

سە، سە، سەڵام، عەل، عەلەی، عەلەیک.

(خاڵە عەبە دەست دەخاتە سەر شانی نەوزاد) و دەڵێت:

بە خودای کوڕم، ئەگەر حاڵ بەم شێوەیە بڕوات، تۆش هیچ. بەم نقە نق و جقە جقە، بتەوێت نامەم بۆ بنووسیت و مدیری معارفم بۆ تێبگەێنیت، ئەوە هەتاهەتایە تێناگات و منیش لە مەبەستەکەمدا سەرناکەوم.

خاڵە عەبە (روو لە نەوزاد) دەڵێت:

دەک داوەشێیت کوڕم، هەی خودا لە نێوت بەرێت، ئەمە نووسینە تۆ نووسیوتە، ئەمە دەست و خەتی قوتابی پۆلی پێنج و شەشە ( دەست بۆ کاغەزەکەی بەردەستی نەوزاد درێژ دەکات)، هاوتەمەنانی تۆ ئێستا لە ئاوایی و دێیەکانی دیکە دەستیان لە مەکینە بە پەلەترەو خەتیان لە خەتی مطبعە جوانترو رێک و پێکترەو ئەمەش حاڵی تۆیە، بەم حاڵە دەتەوێت، قوتابخانە تەواو بکەیت و ببیت بە شتێک و ملەت ئازاد بکەیت؟ بەم حاڵە من بە تەمای مووچەی تۆ بم و تۆ دایک و باوک و براو خۆشکەکانت بژێنی و لە هەژاری رزگارمان بکەیت. ئەی خاک بەسەرت عەبە بۆ منداڵێک کە هێناوتەتە دونیاوە

(بە ئارامی بە دوو دەستی دەدات بەسەر خۆیداو دەستی دادەگرێت و دەستێکی دەخاتە سەر نێوچاوانی خۆی و دەچێتە بیرێکی قوولەوە، نەوزاد دانیشتوەو سەری لە خووارەو تەماشای کاغەزەکەی بەردەستی خۆی دەکات. خاڵە عەبە لە ناکاو دەست دادەگرێت و دەیخاتە سەر شانی نەوزاد) و دەڵێت:

نا کورم، نا، لێم ببوورە، من پەلەم کرد لە بڕیاردان و لۆمەی تۆ کردن، من هەڵە بووم، گوناهی تۆ نیەو تاوانی تۆ نیە؛  گوناە و تاوانی ﷴ و کمال و فاتح ئەفەندییە، تاوانبار ئەو بێویژدانانەیە، کە رەنجی تۆ و سەدان قووتابی دیکە دەدەن بە باداو تەنها ئاواتیان خۆش رابوواردنی خۆیانەو چاوەڕوانی هاتنی سەری مانگە، بۆ مووچە وەەرگرتن و خەوتن و خواردن و خوواردنەوەیە. دڵتەنگ مەبە کوڕم دڵتەنگ مەبە، رۆژگار هەر وا نامێنێت و هەتاهەتایە بەم شێوەیە بۆیان ناچێتە سەر (نەرم نەرم دەدات بە سەر شانی نەوزاددا، بۆ دڵدانەوەی ، کەمێک بێدەنگ دەبێت.، بەردەوام لە قسەکردندا و لەبەر خۆیەوە) دەڵێت:

نازانم روو لە کێ بکەم، کە نامەیەکی رێک و پێکم بۆ بنووسێت و متمانەشی پێبکەم کە لای کەس باسی نەکات، تا ئاکامەکەی دەبینین و بزانین مدیری معارف چیمان بۆ دەکات.

(لە ناکاودا دەست دەدا بە یەکداو بە دەنگێکی بەرزەوە) دەڵێت:

ئەرێ بە خودا، دۆزیمەوە، دۆزیمەوە (روو لە نەوزاد) دەڵێت:

نەوزاد کوڕم، راکە بە پەلە تا دونیا تاریک نەبووە، بۆ ماڵی حاجی فتاحی دەرهاوسێمان، ئەمڕۆ بەیانی لە مزگەوت بۆ نوێژی بەیانی، خۆی و براکەیم بینی، کە لە شارەوە لەگەڵ شێرکۆی کوڕیدا هاتوون بۆ سەردانی حاجی، کە کەمێک ناساغە.

(نەوزاد هەڵدەستێتە سەرپێ، روو لە باوکی) دەڵێت:

باشە بەسەرچاو، ئەی ئەگەر لە ماڵ نەبوون (بە پرسیارەوە).

خاڵە عەبە دەڵێت:

با، با، لە ماڵن، بەم درەنگ وەختە بۆ کوێ دەڕۆن، راکە بڕۆ.

( نەوزاد شانۆ بە جێدەهێلێت، خاڵە عەبە تەنها دەمێنێتەوە، کەمێک بێدەنگی، بە دەنگێکی بەرزەوە) دەڵێت:

خاتە، خاتە، ئەڕێ چاییەکە چیلێهات (بە پرسیارەوە).

دەنگێک لە پشتی شانۆوە:

ئامادەیە، ئامادە، من خەریکم هەویر دەشێلم، بۆ نانی بەیانی، خۆت وەرە تێیکە. (خاڵە عەبە هەڵدەستێتە سەر پێ و لە دەرگا بچووکەکەوە دەردەچێتە دەرەوەو شانۆ بەجێدەهێلێت، موسیقایەکی نەرم بۆ چەند خوولەکێک. خاڵە عەبە دەگەڕێتەوە،پیاڵەیەک بە دەستێکیەوەو ژێر پیاڵەیەک بە دەستەکەی دیکەیەوە. چاییەکە دادەنێت و ئەوجا خۆیشی دادەنیشێت).

خاڵە عەبە (لەبەر خۆیەوە):

ئاخر خودا گیان، بە قوربانت بم، چی گووناهێکمان کردبوو کە ئەم مرۆڤە بێویژدانانەت کرد بە بەشمان، کە تۆسقالێکیش

هەستی بەرپرسیارەتی و مرۆڤایەتییان تێدا نیە و دڵیان بەو منداڵانە ناسووتێت کە لە گەرمای هاوین و ساردی زستاندا، لە ناو چەند پۆلێکدا دادەنیشن، بە بێ ئەوەی وانەیەک بخوێنن، یا شتێک فێربن. نازانم سەرم لێشێواوە، تۆ بڵێیت مامۆستایانی قوتابخانەکانی دێیەکانی دیکەی دەوروبەریشمان هەر وەکوو ئەمانەی ئێمە بن.

(خاڵە عەبە، خەریکی چای خواردن و بیرکردنەوەیە، لە ناکاو دەرگاکە دەکرێتەوەو نەوزاد و شێرکۆ دێنە ژوورەوە. شێرکۆ منداڵێکی رووخۆش، هاوتەمەنی نەوزادی خاڵە عەبە، بەڵام بە باڵا کەمێک کورتتر لە نەوزاد، جلێکی کوردی لەبەردایەو قژەکەی داهێناوەو روو لە خاڵە عەبە) دەڵێت :

ئێوارە باش مامە.

(خاڵە عەبە سەنگیاکە لەسەر ئەژنۆکانی لادەدات خۆی راست دەکاتەوە)و دەڵێت:

هەی علیک السلام، یا خودا بەخێر هاتی کوورم، وەرە ئێرەوە (دەست بۆ پاڵ خۆی درێژ دەکات)، بە تەنیشتمەوە دانیشە، (شێرکۆ دادەنیشێت، نەوزاد هەر بە پێوە راوێستاوە. خاڵە عەبە روو لە شێرکۆ دەکات ) و دەڵێت:

کورم شێرکۆ من بۆ ئەوە تۆم بانگکرد بۆ ئێرە، چوونکە کارێکم پێت کەوتووە، ئەگەر بتوانی بۆم ئەنجام بدەیت، هەتا هەتایە ممنونت دەبم.

شێرکۆ دەڵێت:

بەسەر چاو مامە، من ئامادەم بۆ هەموو یارمەتییەک، کە لە دەستم بێت.

خاڵە عەبە (روو لە نەوزاد) دەڵێت:

کوڕم دەفتەرەکەت و قەڵەمەکەت بدە بە کاکە شێرکۆ (نەوزاد ئەو کارە ئەنجامدەدات.)

خاڵە عەبە (روو لە شێرکۆ) دەڵێت:

کوڕم،کاکە شێرکۆ گیان، دەمەوێت نامەیەکم بۆ بنووسیت بۆ بەڕێز (مدیری معارف).

شێرکۆ:

باشە مامە گیان، بەسەرچاو، فەرموو بڵێ، چی بنووسم.

(خاڵە عەبە خۆی لار دەکاتەوە زۆر بە هێواشییەوە دەمی لە شێرکۆ نزیک دەکاتەوەو دەکەوێتە قسە کرد و شێرکۆش سەری بە نیشانەی تێگەیشتن لە قسەکانی، دەلەقێنێتەوەو پاش ماوەیەک خاڵە عەبە دەم دوور دەخاتەوەو روو لە شێرکۆ) دەپرسێت:

ئەی بۆچی قسەکانم نانووسی.

شێرکۆ دەڵێت:

مامە گیان کەی تۆ لێبوویتەوە ئەوجا من دەستدەکەم بە نووسین.

(خاڵە عەبە دیسانەوە سەنگییاکە دەخاتە سەر رانەکانی و خۆی دەدات بە سەریدا) و دەپرسێت:

ئەی لە بیرت دەمێنێت، ئەوەی کە گووتم.

شێرکۆ:

بەڵێ مامە گیان هەموو قسەکانتم لە بیرەو هەر ئێستا دەکەومە نووسینیان و کە تەواو بووم بۆت دەخوێنمەوە. بەڵام مامە گیان، (بە پرسیارەوە) بۆچی وا هێواش و بە بێدەنگ قسە دەکەیت خۆ کەسێکی بێگانە لە ژوورەکەدا نیە، کە گوێی لێبێت، تۆ چی دەڵێیت.

خاڵە عەبە:

راست دەکەیت شێرکۆ گیان، بەڵام باشترە کە هێواش و ئارام قسە بکەین، چونکە دیواریش گوێی هەیە (دەست دەخاتە سەر گوێکانی خۆی).

شێرکۆ دەپرسێت:

ئێستا ئەوەی کە فەرمووت کاروو پیشەی مامۆستاکانی دێیەکەتانە.

خاڵە عەبە:

ئەرێ بە خودا کوورم. ئەگەر وا نەبێت، بۆچی وا دڵی من ئاگری تێبەردەبێت و (دەست دەخاتە سەر دڵی) هەڵدەقرچێت.

(شێرکۆ بە پەلە دەستدەکات بە نووسین و خاڵە عەبەش بە سەرسامییەوە تەماشای دەستی دەکات، و جاروباریش سەیری نەوزادی کووڕی دەکات کە بە پێوە راوێستاوەو خەمبارەو تەماشای دەستی شێرکۆ دەکات، باوکی هەست بە خەمباری کوڕەکەی دەکات، یەک دوو کۆخە دەکات و روو لە نەوزاد) دەڵێت:

کووڕم نەوزاد، بڕۆ کەمێک ئاووم بۆ بێنە.

(نەوزاد بە پەلە ژوورەکە بەجێدەهێلێت، شێرکۆ بەردەوامە لە نووسین و خاڵە عەبە لە تەماشاکردنی دەستی، نەوزاد دەگەڕێتەوە، جامێک ئاووی بە دەستەوەیە، باوکی ئاووەکە وەردەگرێت، دەیخواتەوە، دەستێک دەهێنێت بە ریش و سمێڵی خۆیدا، شێرکۆ لە نووسین دەبێتەوە، روو لە خاڵە عەبە) دەڵێت:

مامە گیان تەواو، ئەوەی فەرمووت هەموویم نووسی و با بۆتی بخوێنمەوە، ئەگەر بە دڵت بوو، ئەوجا مۆری بکە.

خاڵە عەبە:

فەرمو کوڕم.

شێرکۆ:

بە نێوی خودای گەورەو مهربان.

پایەبەرز بەڕێوەبەری پەروەردەو فێرکردن. سەڵاوی خوداتان لێبێت. دڵسۆزی و هەست و ویژدان پاڵیان پێوەنام بۆ ئەوەی ئەم نامەیە، بەرزبکەمەوە بۆ بەڕێزتان، دەربارەی مامۆستایانی قوتابخانەی دێیەکەمان بە نێوەکانی (محمد، کمال و فاتح)، تاوەکوو بزانن کە چۆن هەستی مرۆڤایەتی خۆیانیان ژێرپێ خستووەو و هیچ رێزو نرخێکیان بۆ وشەی بەڕێزی مامۆستا نەهێشتووەو بە تەواوی قوتابییەکانیان پشتگوێ خستووە،نە بیر لە پاشەڕۆژیان دەکەنەوە،نە بیر لە باوک و دایکە هەژارەکانیان دەکەنەوە کە چاوی ئومیدیان بڕیوەتە منداڵەکانیان، کە خوێندن تەواو بکەن و ببن بە کەسایەتییەک کە سوود بە خانەوادەکانیان و نەتەوەکەیان بگەێنن. لە بریتی ئەوەی

کاتەکانی خۆیان بە فێرکردنی قوتابیانەوە ببەنە سەر، بە قمار و کاغەز یاری کردن و عرق خواردنەوە دەبە سەر و شەوان تا بەرەبەیان خەریکی ئەو کارە ناشیرینانەن و بە رۆژیش تا نیوەڕوان دەخەون و هەکە هەڵیش دەستن، زەنگی کۆتایی دەوام لێدەدەن و قوتابیان رەوانەی ماڵەکانیان دەکەن. ئەگەر دڵسۆزێکیش رەخنەیان لێبگرێت یا ئامۆژگاریان بکات، بە شێوەیەکی زۆر ناشێرین وڵامی دەدەنەوەو رەفتارو کرداری لەگەڵدا دەکەن، تا رادەیەک قوتابییەکان لە وانە خوێندن بێبەش بوون و تاکوو ئەوانەی پۆلەکانی بەرزتریش، توانای خوێندن و نووسینیان نیە و فێری هیچ شتێکی بە کەڵک و سوود نەبوون. پێمخۆشە ئەوەشتان بخەمە بەرچاو کە تەنها یەک مامۆستامان هەیە کە ئەویش (مامۆستا علي)ە کە خۆی لە خەو و پشوودان بێبەش کردووەو کاتەکانی خۆی تەرخان کردووە بۆ وانە وتنەوە و فێرکردنی قوتابیان، تا رادەیەک کە وانە بۆ قوتابیانی هەموو پۆلەکان دەڵێتەوەو قوتابیانیش هەموویان ئەو مامۆستایەیان خۆشدەوێت و لێیڕازین. بەڵام ئەوەی جێیداخە، سێ مامۆستاکەی دیکە حەزی لێناکەن و لە دژی دەجوولێنەوەو گرفتی بۆ درووستدەکەن، تەنها لەبەر ئەوەی سەرزەنشیان دەکات و رەخنەیان لێدەگرێت، بۆ رەفتارو کردارو هەڵس و کەوتە ناشیرینەکانیان.

چەنابی بەڕێوەبەر تکات لێدەکەم هەرکە چاوت بەم سکاڵایەی من کەوت، هەوڵێ ئەوە بدە، کە رێچارەیەک بۆ ئەم گرفتە گەورەیە بدۆزیتەوەو منداڵانمان لە نەخوێندەواری رزگار بکەیت و رادەی زانیاریان بگەێنیتە رادەی قوتابیانی نێو شارە گەورەکانی

دەڤەرەکەمان، ئەگەر وانەبێت، باوەڕ بفەرموون، نە تەنها خودی منداڵەکان نەخوێندەوار دەمێننەوە، بەڵکوو خانەوادەکانیان و ئەندامانی کۆمەڵگاکەشمان،تووشی زیانێکی ئەوتۆ گەورە دەبن، مەگەر خودا بزانێت بەرەوە کوێمان دەبات. ئیتر سوپاس و چاوەڕوانی هیمەتتانین.

عبداللّه مەلا شریف، فراشی قوتابخانەی دێی کانی بێئاو.

(شێرکۆ لە خوێندنەوەی راپۆرتەکە رادەوەستێت، روو لە خاڵو عەبە) دەپرسێت:

پێت چۆن بوو مامە گیان، شتێکی دیکەت دەوێت بیخەمە سەری، یا ئەوەندە بەسە. خۆزگە (ظرف)ێکیش هەبوایە بمانخستایە نێوی، چونکە جوان نیە، هەروا بدرێتە دەستی بەڕێوەبەری پەروەردەوە فێرکردنەوە لە شار.(خاڵە عەبەلە سەرەتای خوێندنەوەی نامەکەوە لە لایەن شێرکۆوە، تا کۆتایی واقی وڕماوەو دەمی داچەقاندووەو زەقزەق چاووی بڕیوەتە دەمی شێرکۆ، لە ناکاودا رادەپەڕێ و سەنگیاکەی سەررانی دەخاتە لاوەو باوەش دەکات بە شێرکۆداو دەکەوێتە ئەملاو ئەولا ماچ کردنی. دەکشێتە پاشەوەو لە شێرکۆ) دەپرسێت:

کووڕم تۆ پۆلی چەندی ناوەندیت.

شێرکۆ (بە پێکەنینەوە) دەڵێت:

مامە گیان ناوەندی چی، من پۆلی پێنجەمی سەرەتاییم.

خاڵۆ عەبە دەپرسێت:

چی، چی، پێنجی سەرەتایی، ماشەڵا، ماشەڵا، یاخوا کوڕم خوا تەمەندرێژوو سەرکەوتووترت بکات.

شێرکۆ:

زۆر سوپاس مامە گیان.

(خاڵە عەبە دەستدەکات بە باخەڵێداو شقارتەکەی دەردەهێنێت و (روو لە شێرکۆ) دەڵێت:

شێرکۆ گیان، وەرەقەکەم بدەرێ با مۆری بکەم و بە مۆرکراوی بیدەمە دەستی، مدیری معارف.

شێرکۆ (کاغەزەکەی بۆ درێژ دەکات) و دەڵێت:

پەنجە کەڵەی چەپت تەر بکە، ئەوجا بیماڵە بە شقارتەکەدا.

(خاڵە عەبە پەنجەی دەساوێت بە زمانیداو دوایی بە شقارتەکەدا) و لە شێرکۆ دەپرسێت:

دەی شێرکۆ گیان زوو زوو تا وشک نەبووەتەوە، پێم بڵێ لە کوێ مۆری بکەم.

شێرکۆ(پەنجەی لەسەر ناوەکەی دادەنێت) و دەڵێت:

لێرەدا مۆری بکە بەڵام وریابە زۆر گووشاری نەهێنێتە سەر، نەوەکوو کاغەزەکە کوون بێت.

خاڵە عەبە (کاغەزەکە لەسەر رانی دادەنێت و پەنجە تەرەکەی دەنووسێنێت بە وەرەقەکەدا)و دەڵێت:

دە بیخۆن دەی مامۆستا بێویژدانەکان، عارەق دەخۆنەوە، قمار دەکەن، رۆژ تا نیوەڕۆ دەخەون، شەرت بێت واتان بەسەر

بهێنم، کە تا ئەو رۆژەی لە ژیاندا مابن، لەبیرتان نەچێت. ( روو لە شێرکۆ دەکات) و دەپرسێت:

ئێستا پێم بڵێ شێرکۆ گیان، چۆن بێگەیێنمە جنابی مدیری معارف.

شێرکۆ کتووپڕ وڵامدەداتەوەو دەڵێت:

خەمی لێمەخۆ مامە گیان من دەیبەم.

خاڵە عەبە دەڵێت:

ئافەرین،هەی بارک اللە، بەڵام (بە پرسییارەوە) بە بۆچوونی تۆ باشتر نیە، خۆم بڕۆم بۆ شاروو دەست بەدەست بیدەم بە جنابی مدیری معارف.

شێرکۆ لە وڵامدا دەڵێت:

بەڵێ باشترە، بەڵام (بە پرسییارەوە) ئایا دەزانی رۆژێک کە تۆ دەڕۆیت، بەڕێوەبەری پەروەردە، لەوێ دەبێت، یا ئەگەر لەوێش بێت کاتی دەبێت بۆ دیتنت.

خاڵە عەبە لە وڵامدا دەڵێت:

زۆر راست دەکەیت، ئەگەر لەوێش نەبوو دەیسپێرمە دەستی یەکێک لەوانەی (دائرەکەی) کە بیگەیێنن بە دەستی و پێی بڵێن کە فراشەکەی دێی کانی بێئاو بە دەستی خۆی هێناویەتی. (بە پرسییارەوە) بە بۆچوونی تۆ بەم شێوەیە باشتر نیە، شێرکۆ گیان.

شێرکۆ:

بەڵێ زۆریش باشترە، دەیسەلمێنێت کە رووداوەکە، گەڵێک گرنگە بە لاتەوەو بە پەرۆشەوە بە شوێن رێچارەدای بۆی.

خاڵە عەبە:

ئێستا شەوە، مامۆستاکان خەریکی بەزمەکەی هەمیشەیی خۆیانن، بەڵام بەیانی زوو کە دەڕۆم بۆ قوتابخانە، لە مامۆستا محمدی بەڕێوەبەری قوتابخانە داوا دەکەم کە رۆژێک پشووم بداتێ بۆ کارێکی تایبەتی و کە داواکەمی پەسەند کرد، ئەوجا دووسبەی دەڕۆم بۆ شارو بەڵکوو خوا کردی مدیری معارف، لەوێ بوو و چاویشم پێیکەوت تازۆر شتی دیکەشی پێ بڵێم و بە درێژی باسی رەفتارو کردارەکانی دیکەشیان بکەم، کە دوورە لە رەفتارو کرداری مرۆڤانی پاک و خاوەن ویژدانەوە.

(خاڵە عەبە هەڵدەستێتە سەرپێ، کاغەزەکە چووارقەد دەکات، دەیخاتە باخەڵی، روو لە شێرکۆ و نەوزاد)دەڵێت:

شێرکۆ گیان لەگەڵ نەوزاد دانیشن من دەڕۆم نوێژەکەم دەکەم و دەگەڕێمەوە. ( هیواش هێواش ژوورەکە بەجێدەهێلێت.

(نەوزاد بە پاڵ شێرکۆوە دادەنیشێت و بە شەرمێکەوە) دەڵێت:

ئەزانی شێرکۆ گیان، بەر لە هاتنی تۆ، باوکم داوای لێکردم، کە ئەو نامەیە بنووسم، بەڵام راستت دەوێت، من نەمتوانی، وابزانم، گوناهی منیش نیە، چوونکە نە هەر من بەڵکوو هەموو قوتابیانی دیکەش، ئاواتی ئەوە دەخوازین کە وەکوو قوتابیانی ، قوتابخانەکانی شوێنەکانی دیکە فێری خوێندن و نووسین ببین و بگەین بە ئاوات، بەڵام چیبکەین، ئەگەر مانگی وانەیەکیش بە تەواوی نەخوێنین و فێر

نەکرێین. ئەم تۆسقاڵەش کە فێریبووین، تەنها لە هیمەت و دڵسۆزی یەک مامۆستایەکە، کە ئەویش بە تەنیا فریای هەمووومان ناکەوێت و نازانێت لە کام پۆلدا ئامادە بێت.

(شێرکۆ هەناسەیەکی قوول هەڵدەکێشێت) و دەڵێت:

زۆر بەداخەوە بۆ ئەم بەسەرهاتەتان، بەڵام وا بزانم ئەم سکاڵایەی باوکت، ژیانی ئێوە بە تەواوی دەگۆڕێت و بەرەو بارودۆخێکی ئێجگار باشترتان دەبات.

نەوزاد (بەئارامی) دەڵێت:

خودا بکات وابێت. ئەی مامۆستاکانی ئێوە لە شار، چۆنن لەگەڵ قوتابیاندا؟

شێرکۆ دەڵێت:

مامۆستاکانی ئێمە، ئەوجا مامۆستا هەیە لەم وڵاتەدا وەکوو ئەوانەی ئێمە باش بن، هەموو ئاواتێکیان، فێربوون، سەرکەوتن و پێشکەوتنی ئێمەیە، هەموو کاتەکانیان بۆ فێرکردن و ڕێنەمایی و بەرژەوەندی ئێمە تەرخان کردووە، بۆیە ئێمەی قوتابیان، زانیارییەکانمان گەلێک زۆرترەو بەرزترە لە ڕادەی پۆلەکانمان و تەمەنیشمان؛ خۆشترو باشتریش بۆ ئێمەی قوتابیان ئەوەیە کە ئەگەر گرفتێک یا پرسیارێکمان هەبێت کە پەیوەندی بە وانەکانمانەوە هەبێت، لە دەرەوەی قوتابخانەکەشدا دەتوانین پرسیاریان لێبکەین و ئەوانیش بە دڵێکی فراوانەوە گوێمان لێدەگرن و وڵامان دەدەنەوە.

نەوزاد (بە پرسیارەوە)دەڵێت:

ئەی نازانم بۆچی لە دێیەکەی ئێمەدا، مامۆستاکانئەوەندە بێویژدانن.

شێرکۆ دەڵێت:

لەبەر بێچاودێری. کەس نیە چاودێریان بکات و بیانخاتە ژێر پرسیارەوە. بەداخەوە کە باوک و دایکی قوتابیانیش رەنگە لەبەر نەخوێندەواری و ئاگادار نەبوون لە چۆنیەتی کاری مامۆستایان، نەزانن بە چی شێوەیەک رەفتارو کرداریان لەگەڵدا بکەن و بێدەنگ دەبن بەرامبەر بە کردارەکانیان، بەو هۆیەوە مامۆستایانیش، کەڵک لەو بێدەنگییە وەردەگرن و هەست بە ئازادی دەکەن و ویژدانی خۆیان دەخەنە ژێر پێیانەوەو بەهەر شێوەیەک، کە لە بەرژەوەندی خۆیاندا بێت هەڵس و کەوت دەکەن و وا هەست دەکەن، کە خەڵکەکە لێیان رازین و ئیتر بە ویستی خۆیان دەخۆن و دەخەوەن و دەخۆنەوەو دەکەونە تەمەڵی و قوتابیان و وانە و قوتابخانە لەبیر دەکەن. هۆیەکی دیکەش ئەوەیە کە دەزانن زۆر لە یەک دێیەکدا، نامێننەوە هەر ماوەی جارێک دەگوێزرێنەوە بۆ دێیەکانی دیکە و کە رۆیشتن ئیتر کەسناتوانیت لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکات و سزایان بدات و ئەو مامۆستایانەش، کە دوای ئەوان دێن، مافی ئەوەیان نیە، کە بە لێپرسراویان لە قەڵەم بدەن وکێ ناڵێت تازە هاتووانیش وەکوو ئەوان، یا خرابتریش نەبن و رەنگە بەو شێوەیەش نەبن و مرۆڤی بە ویژدان و دڵسۆزو باش بن.

نەوزاد (کە لەو ماوەیەدا کە شێرکۆ قسە دەکات چاو دەبڕێتە دەمی و گوێ لە قسەکانی شێرکو دەگرێت) و دەپرسێت:

باشە ئەم بارودۆخەی ئێمە تا کەی وا بەردەوام دەبێت و بە بۆچوونی تۆ ڕێچارە چییە.

شێرکۆ لە وڵامدا دەڵێت:

چارەسەری بنەرەتی ئەوەیە کە چەند کەسێک لە خەڵکی دێیەکەتان بڕۆن بۆ قوتابخانەکەتان و قسەیان لەگەڵدا بکەن و پێیانڕابەگەێنن کە هەموو شتێک لە بارەیانەوە دەزانن و ئەگەر بێت و ڕەفتارو کرداری خۆیان نەگۆڕن، دەڕۆن بۆ شاروو سکاڵایان لە دژ بەرز دەکەنەوە، بەڵام گوومانم نیە کە ئەم هەڵوێست وپێهەستانەی باوکت، بەراستی کارێکی گرنگەو من دڵنیام، کە ئاکامەکەی باش دەبێت و گۆڕانکارییەک روو دەدات، کە بە قازانجی ئێوەی قوتابی، تەواو دەبێت. بەڵام بە مەرجێک لە شار چاوی بە مرۆڤانی دڵسۆز بکەوێت و بایەخ بدەن بە سکاڵاکە و کارێکی وا بکەن کەوا ئەم مامۆستایانەبگەێنن بە سزای خۆیان، تا ببن بە پەند بۆ مامۆستایانی دیکەی هاوشێوەی خۆیان لە شوێنەکانی دیکەدا.

نەوزاد (بە نەرمییەوە) دەڵێت:

خوا بکات وا بێت و ئەم بێویژدانانە لە کۆڵمان ببنەوە.

شێرکۆ:

باشە نەوزاد گیان، وا بزانم کاتی ئەوە هاتووە کە من بەجێتان بهێڵم، چونکە ئێستا باوکم لە چاوەڕوانی گەڕانەوەمدایە.

(هەڵدەستێتە سەر پێ و دەستی نەوزاد دەگووشێت و خوا حافیزی لێدەکات) و دەڵێت:

لە بریتی من لە باوکت خوا حافیزی بکەو هیوادارم لە هەوڵەکەیدا سەرکەوتوو بێت. (شانۆبەجێدەهێلێت.) نەوزاد دەکەوێتە رێکخستنی دۆشەک و سەنگیاکان و لەبەر خۆیەوە) دەڵێت:

چاوت لێیە، شێرکۆ گیان، پۆلی پێنجەمەو منیش پۆلی پێنجەمێک، کە نامەیەکم پێنەنووسرا.

(بەسەر لەقاندنەوە دەردەچێت و شانۆ بەجێدەهێلێت.)

# پەردە دادەکشێت

# پەردەی سێهەم

## دیمەنی یەکەم

**شوێن:**

ژووری بەڕێوەبەری پەروەردەو فێرکردن لە شار، ژوورێکی چووارگۆشە، کەلووپەلەکانی تازەو مۆدێرن، مێزێکی گەورە، تاخمێک قەنەفە، چەند تابلۆیەک بە دیوارەکانەوە هەڵواسراوە کە وێنەی پێنووس و کتێب و نەخشە، لە سەریان کێشراوە، دۆلابێک بە پاڵ مێزەکەوەیە، کەمێک دوورتر لە دۆلابەکە، دەرگای ژوورەکەیە.

(لە سەر کورسییەک و لە پشت مێزەکە، پیاوێکی کامڵی قژ نیوە سپی دانیشتووە، جل و بەرگەکەی رێک و پێک و فەرمی، چاوێلکەیەکی لەسەر چاوە، چەند پەروەندەو کاغەزی لەبەر دەستدایەو خەریکی خوێندنەوەو واژۆ کردنیانە، پەردە هەڵدەکشێت، لە دەرگای ژوورەکەی دەدرێت، بێئەوەی سەر بەرز بکاتەوە) دەڵێت:

فەرموو وەرە ژوورەوە. (دەرگاکە دەکرێتەوە، پیاوێک دێتە ژوورەوە(دەرگاکە دادەخات)، چاکەت و پانتۆڵی لەبەردایە و سەری بە جەمەدانییەکی کوردی بەستاوەو بەرامبەر بەڕێوەبەر رادەوەستێت) و دەڵێت:

گەورەم کابرایەک لەبەر دەرگایە، دەڵێت کە (فراش)ی قوتابخانەی دێی (کانی بێئاوە) دەیەوێت چاوی بە بەڕێزتان بکەوێت.

بەڕێوەبەر سەر بەرز دەکاتەوەو دەڵێت:

با بێتە ژوورەوە.

(فراشەکە، پشتاو پشت دەڕوات و دەرگاکە دەکاتەوەو بە دەست ئاماژەی فەموو وەرە ژوورەوە دەکات، خاڵە عەبە، بە کەواو سەڵتەیەکی پاک و ڕێک و پێکەوە دێتە ژوورەوە، کاغەزی سکاڵاکەی بە دەستەوەیە، نەرم نەرم بەرەو مێزەکەی بەڕێوەبەر دەڕوات، دەستی ڕاستی بە نیشانەی سەڵاو بەرز دەکاتەوەو زۆر بە ئارامی) دەڵێت:

سلام و علیک جنابی مدیری معارف.

بەڕێوەبەری پەروەردە بە(گەرمی وڵام دەداتەوە)و دەڵێت:

وعلیک السلام، فەرموو خاڵە گیان.

خاڵە عەبە:

صاحب فەرموو بێت. قوربان من ناوم عبداللّٰەیە، عبداللّٰەی مەلا شەریف، بانگم ئەکەن بە خاڵە عەبە، فراشی قوتابخانەی (کانی بێئاو)م، هاتوومەتە خزمەتتان،تا ئەم نامەیەتان بدەمێ (بەڕێوەبەری پەروەردە، قسەکەی دەبڕێت )ودەڵێت:

جارێ فەرموو دانیشە خاڵە عەبە، لە پاشان بە دڵی خۆت قسەم بۆ بکە.

(خاڵە عەبە لەسەر کورسییەک، کە نزیکە لە مێزەکەی بەڕێوەبەرەوە، دادەنیشێت. نامەکە درێژ دەکات بۆ بەڕێوەبەر) و دەڵێت:

قوربان لە پێشدا ئەم نامەیە بخوێنەرەوە، لە پاشان هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم.

(بەڕێوەبەری پەروەردە، نامەکە وەردەگرێت و دەکەوێتە خوێندنەوەی، نەرم، نەرم، سەر دەلەقێنێت و رووی گرژ دەکات، خاڵە عەبە بە بێدەنگ تەماشای دەکات).

بەڕێوەبەری پەروەردە (لە ناکاودا، بە دەنگێکی بەرزەوە) دەپرسێت:

ئاوها، یانی ئێستا ماموستایانی دێیەکەتان، ئەمە پیشەو رەفتارو کرداریانە.

خاڵە عەبە:

بەڵێقوربان، سوێند بە خودا ئەمە کاروباریانەو ئەوانەی نووسراوە هەر هیچ نین، ئەگەر باسی هەموو شتێکیانت بۆ بکەم، لەوەدایە، قژەکەت بە یەکجار سپی ببێت و سەرت سوڕ بمێنێت.

بەڕێوەبەری پەروەردە:

ئەمە دەیسەلمێنێت کە ئێمە، نووستووین، بۆیە ئاگامان لەم رووداوە دڵتەزین و شەرمهێنەرانە نیە.

خاڵە عەبە:

بەخوا راست دەکەیت، وا دیارە، جەنابی مدیری معارف.

( بەڕێوەبەر دەست دەنێت بە دوگمەیەکدا کە بە دیوارەکەی پشتەوەی کورسییەکەیدا نووسێنراوە، لە دەرەوە زرینگەی

زەنگ(جرس) دێت و دەرگا دەکرێتەوە (فراش)ەکەی بەڕێوەبەر دێتە ژوورەوە) و دەڵێت:

فەرموو گەورەم.

بەڕێوەبەری پەروەردە:

بە پەلە، مامۆستا نەریمان و حەسیب و ستارم بۆ بانگ بکە با بێن بۆ ئێرە.

(فراش)ەکەی بەڕێوەبەر پەروەردە:

بەسەرچاو قوربان، هەر ئێستا.

(بەرەو دەرگاکە دەڕوات و لە ناکاو دیسانەوە روو بەرەو بەڕێوەبەری پەروەردە، وەردەگێڕێت) دەپرسێت:

گەورەم، مامۆستا نەریمانی یارەدەری بەڕێزت.

بەڕێوەبەری پەروەردە:

بەڵێ.

(فراشەکە بەرەو دەرگاکە دەڕوات و لە ناکاو ئاوەڕ دەداتەوە) و دەپرسێت:

گەورەم مامۆستا حەسیب و ستاری (مفتش).

بەڕێوەبەری پەروەردە:

بەڵێ.

(فراش)ەکە دیسانەوە دەپرسێت:

هەرسێکیان پێکەوە بانگ بکەم گەورەم.

بەڕێوەبەر (تەماشای دەکات و بە تووڕەییەوە) دەڵێت:

گوتم بەڵێ، دە بڕۆ زووکە.

(فراش)ەکە بە پەلە دەردەچێت و دەرگاکە لە پشتی خۆی دادەخات. خاڵە عەبە،بە دوو چاوی زەقەوە تەماشایان دەکات.)

بەڕێوەبەری پەروەردە (روو لە خاڵە عەبە دەکات) و دەپرسێت:

باشە خاڵە عەبە، چۆن بوو کە تۆ بیرت لە نووسینی ئەم نامەیە کردەوە.

خاڵە عەبە:

راستت دەوێت قوربان، تەقیکرد لە گیانم، ئاگرم تێبەربوو، رۆژێک دوان، مانگێک دوان چاوەڕێم کرد، یەکجار دوجار قسەم نەکرد و خۆم خواردەوەو (تحمل)م کرد، رۆژ بە رۆژ کارو کردەوەکانیان خرابتر دەبوو، چەندجارێک لەگەڵ مامۆستا (علي)دا ئامۆژگارییانمان کرد، بەڵام بێسوود بوو، سەرئەنجام بڕیارمدا، ئەم نامەیە بنووسم و بیهێنمە خزمەتی جەنابت، ئەوجا قوربان (بە پرسیارەوە) نازانم کارێکی باشم کردووە، یا خراب.

بەڕێوەبەری پەروەردە:

بێگوومان کارێکی زۆر زۆر باشتکردووە، هەزار خۆزگە، هەموو کەسێک وەکوو تۆ دڵسۆز بووایەو خەمخۆری ئەندامانی نەتەوەو نیشتمان و پاشەرۆژی منداڵەکانمان بووایەو رەفتارو کردارە ناشیرینەکانی کەسانی دیکەی بۆ دەسەڵاتداران روون بکردایەوە.

(لە دەرگا ژوورەکە دەدرێت، دەکرێتەوەوسێ کەس، دێنە ژوورەوە، بەڕێوەبەر بێدەنگ دەبێت، خاڵە عەبە هەڵدەستێتە سەر پێ و دەست بە سینە رادەوەستێت، پاش سەڵاوکردن، بەڕێوەبەری

پەروەردە، ئاماژەی دانیشتنیان بۆ دەکات، دادەنیشن، بەڕیوەبەرو خاڵە عەبە بەخێرهاتنیان دەکەن)

بەڕێوەبەری پەروەردە (روو لە مامۆستایان) دەڵێت:

ئەم برایەمان کە ناوی خاڵە (عبداللە)یە (ئاماژە بۆ خاڵە عەبە دەکات)، (فراش)ی قوتابخانەی دێی (کانی بێئاوە)، سکاڵایەکی، ئێجگار گرنگی نووسیوەو بەدستی خۆی هێناویەتی و کارێکی بێئەندازە باشی ئەنجامداوەو منیش بۆ ئەوە ئێوەم بانگکرد، کە هەر لەم دانیشتنەدا، رێچارەیەکی تەواو بۆگرفتەکەیان پەیدا بکەین، کە بە سوودی قوتابیان و هەموو خەڵکی دێیەکە، تەواو ببێت. (نامەکەی خاڵە عەبە درێژ دەکات بۆ یەکەم مامۆستا کە لە نزیک مێزەکەیەوە دانیشتووە)و دەڵێت:

فەرموو مامۆستا نەریمان، بە دەنگێکی بەرز بیخوێنەوە، تا مامۆستا ستار و مامۆستا حسیبیش، گوێیان لێبێت.

(مامۆستا نەریمان دەست درێژ دەکات و نامەکە وەردەگرێت و دەکەوێتە خوێندنەوەی).

بەڕێوەبەری پەروەردە، (روو لە خاڵە عەبە)دەپرسێت:

ئەی تۆ چۆن هاتی خاڵە عەبە.

خاڵە عەبە:

بە خوای جەنابی مدیری معارف، دوێنی کە رۆیشتم بۆ دەوام لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان، داوای رۆژێک پشووم کرد و ئەمڕۆ لەگەڵ بەیانی زوودا، بە یەکەمین ترۆمبێل کە بەرەو شار دێت، خۆم گەیاندە خزمەتی جەنابتان، لەوە ترسام ئەگەر بە یەکێکی دیکەدا

بینێرم، بیکاتەوە و بزانێت چی تێدا نووسراوە یا خوانەکەران بزری بکات.

بەڕێوەبەری پەروەردە:

زۆر سوپاس و دەستەکانت خۆشبێت، خوا وێنەت زۆر بکات لە کۆمەڵگاکەماندا، بەڵام، شتێک هەیە دەمەوێت لێت بپرسم.

خاڵە عەبە:

فەرموو قوربان بەسەر چاو.

بەڕێوەبەری پەروەردە:

چاووت خۆشبێت.جگە لەم سێ مامۆستایە، کە نێوت بردوون لە نامەکەتدا، باسی مامۆستایەکی دیکەشت کردووە، کە نێوی مامۆستا (علي)ە، ئەو مامۆستایەکی چۆنە (بە پرسییارەوە)؛

خاڵە عەبە:

ئەو باشە، سوپاس بۆ خوا، دەستت ماچ دەکات.

بەڕێوەبەری پەروەردە (بە زەردەخەنەیەکەوە):

ئەی لە وانە وتنەوەو دڵسۆزیدا لە کارەکەیدا چۆنە (بە پرسییارەوە).

خاڵە عەبە:

ئەی خوا تەمەن درێژوو پایەداری بکات، بە خودا مامۆستایەکەی بێوێنەیە لەم دونیایەدا، ئەوجا ئەگەر هەموو مامۆستایەک وەکوو ئەو بووایە، ئیتر ئێمە چیمان لە خودا دەویست،

باوەڕ بفەرموون ئەگەر ئەو نەبوایە، ئەو چەند وشەیەش منداڵەکان فێری بوون، هەرگیز فێری نەدەبوون و نەخوێندەوار دەمانەوە.

بەڕێوەبەری پەروەردە (روو لە هەر سێ مامۆستاکە دەکات) و دەپرسێت:

گوێتان لێبوو خاڵە عەبە چی فەرموو، لە بارەی مامۆستا (علي)یەوە، لە بیرتان ماوە ماوەیەک بەر لە ئێستا، مامۆستا (عمر)یش کە بۆ پشکنین چوو بوو بۆ دێیەکە، کە ویستبووی لەگەڵ قوتابییەکان قسە بکات، هیچ یەکێکیان، ئەو خوێندەواری و زانیارییانەیان نەبووە کە وڵامی پرسیارەکانی بدەنەوە. بۆیە کە گەڕایەوە بە سەرسووڕمانەوە بەراوردی ئەوەی کە بینیبووی و ئەوەی لە راپۆرتی مانگانەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەدا هاتبوو، بە ئەندازەی نێوانی زەمین و ئاسمان دوور بوون لە یەکترەوە.

(مامۆستاکان بە سەر لەقاندن، دەیسەلمێنن کە لە بیریان ماوە).

بەڕێوەبەری پەروەردە، بەردەوام دەبێت و دەپرسێت:

بێگوومان ئەوەشتان لە بیر ماوە کە مامۆستا محمد بەڕێوەبەری قوتابخانەکە، چۆن نووسراوێکی نهێنی لەسەر ئەو مرۆڤە دڵسۆزە نووسیبوو، لە کاتی خۆیدا من پێتانم نەگووت، من شارەزاییم لەسەر مامۆستا علي هەیە، باوەڕ ناکەم، وابێت کە لە نووسراوەکەدا باسکراوە؛ چاوتان لێیە، چۆن راستییەکان ئاشکرا بوو و دەرکەوت کە مامۆستایانی دیکە حەزی لێناکەن و هەوڵ دەدەن بە دەرکردن یا گواستنەوەی بدەن بۆ شوێنێکی دیکە، تا ئازاد بن لە ئەنجامدانی ئەو

کردەوانەیاندا، کە لە سکاڵاکەی خاڵە عەبەدا هاتووە. (روو دەسووڕێنێتەوە بەلای خاڵە عەبەدا) و دەڵێت:

خاڵە عەبە بە بێزەحمەت، دەتوانیت کەمێک لە دەرەوە دانیشیت، تا دیسانەوە خۆم بانگت دەکەم کە بگەڕێیتەوە). (خاڵە عەبە هەڵدەستێتە سەر پێ) و دەڵێت:

بەسەر چاو قوربان، (بە پرسیارەوە) یانی دانیشم و نەڕۆم.

بەڕێوەبەری پەروەردە:

بەڵێ، بەڵێ دانیشە و جارێ مەڕۆ.

(خاڵە عەبە، نەرم، نەرم، بەرەو دەرگاکە دەڕوات و ژوورەکە بەجێدەهێلێت.)

بەڕێوەبەری پەروەردە،(دەست دەنێت بە جەرەسەکەدا، (فراش)ەکە، دەرگاکە دەکاتەوە) بەڕێوەبەر دەڵێت:

ئاگات لە خاڵە عەبە بێت، رەنگە برسی بێت و تینوو بێت، شتێکی بۆ ئامادە بکە.

(فراش)ەکە لە وڵامدا دەڵێت:

باشە گەورەم، بەسەر چاو. (دەرگاکە دادەخات)

بەڕێوەبەری پەروەردە (چاوێلکەکەیدادەنێتە سەر مێزەکەی و روو لە هەر سێ مامۆستاکە کە تاوەکوو ئەو قسەی دەکرد بێدەنگ بوون) و دەڵێت:

وەک پێشنیازم کرد، بە پێویستی دەزانم، کە هەر لەم دانیشتنەماندا دوا بڕیار بدەین و رێچارەیەک بۆ گرفتەکە بدۆزینەوە.

مامۆستا نەریمان وڵام دەداتەوەودەڵێت:

زۆر باشە، بێگوومان پاش لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ.

بەڕێوەبەری پەروەردە:

بێگوومان منیش لەگەڵ بۆچوونەکەتدام.

مامۆستا حسیب:

من بە باشی دەزانم کە لیژنەیەکی تایبەت پێکبهێندرێت و ڕەوانەی قوتابخانەکە بکرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکە، ئەوجا بڕیار بدەین کە چیبکەین و چی باشە.

مامۆستا ستار:

بەلای منەوە ئەم جۆرە ڕووداوانە بە لیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەرەتاوە چارەناکرێت و سەر ناکرێت و ئاکامەکەی سەرکەوتوو نابێت. من بۆ ئەم ڕووداوە پێمخۆشە پێشنیازێکی دیکە بکەم، ئیتر نازانم، ڕاو بڕیاری ئێوە چییە (بە پرسیارەوە، ڕوو لە بەڕێوەبەر دەکات).

بەڕێوەبەر دەپرسێت:

فەرموو پێشنیازەکەت بڵێ، تا بزانین چییە.

مامۆستا ستار:

بە بۆچوونی من و بە باشی دەزانم، بۆ چارەسەری بنەڕەتی کێشەکەو بۆ ئەوەی بەڵگەی زیندوومان دەستبکەوێت، چاودێرێکی نهێنییان لەسەر دابنرێت بۆ چاودێریکردنیان و تۆمارکردنی هەموو جموجۆلەکانیان، لە لایەن کەمەوە بۆ ماوەی مانگێک، کەمتر یا زۆرتر.

بەڕێوەبەری پەروەردەو هەردوو مامۆستایانی دیکەش بەیەکەوە دەڵێن:

بەراستی پێشنیازێکی جوانە.

بەڕێوەبەری پەروەردە، (روو لە مامۆستا ستار) دەپرسێت:

باشە ئەو چاودێریکردنە بەچی شێوەیەک دەبێت.

مامۆستا ستار:

ئەم چاودێریکردنە، لە لایەکەوە زۆر ئاسانە و لە لایەکی دیکەوە زۆر سەختە.

بەڕێوەبەری پەروەردە، دەپرسێت:

چۆن، تکایە کەمێک زۆرتر روونی بکەرەوە.

مامۆستا ستار:

بەڵێ، بەسەرچاو، بۆ ئەم مەبەستە، پێویستمان بەوەیە کە، مامۆستایەک لە شارەوە یا هەر شوێنێکی دیکەوە بگوێزرێتەوە، بۆ قوتابخانەکەو لە نزیکەوەو راستەوخۆ چادێرییان بکات؛ یا یەکێک لە قوتابییەکان رابهێندرێت بۆ ئەو مەبەستە، یا یەکێک لە خەڵکی دێیەکە، یان وەکوو دوامین بۆچوونم، یەکێک لێرەوە بە نێوی (فراش)ەوە، رەوانە بکرێت بۆ قوتابخانەکە، بە مەرجێک نەخشەیەکی زۆر چڕوپڕ بۆ ئەو مەبەستە، بکێشرێت و ئێجگار نهێنی بێت و لە ئێمەو خاڵە عەبە بەولاوە کەسی دیکە پێینەزانێت.

مامۆستا نەریمان:

بە یارمەتیتان، بۆ دانانی قوتابییەک بە بۆچوونی من کارێکی باش نیەو سەرکەوتوو نابێت، چونکە قوتابی تەنها لە کاتی دەوامدا لە قوتابخانە دەبێت و لە پاشان دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی و بە هیچ شێوەیەکیش ناتوانیت دوای دەوام لەوێ بمێنێت بۆ چاودێری کردنیان، بە تایبەت، وەک لە نامەکەی خاڵە عەبەدا هاتووە، ئەوان بە شەو بەزمی (عرق) خواردنەوەو قوومار کردنیان و کارەکانی دیکەیان ئەنجام دەدەن و قوتابی بە هیچ شێوەیەک لەو ساتانەدا، ناتوانێت ئامادە بێت و چاودێرییان بکات. من وا بۆی دەچم، ناردنی مامۆستایەکیش دیسانەوە گونجاو نیە، بەم پەلە،پەلە، چونکە بە بێگوومان ئەوانیش، مەبەستم مامۆستایانی قوتابخانەکەیە، تا ماوەیەک ڕەفتارو کرداری خۆیان دەگۆڕن کە دەبینن مامۆستایەکی تازە هاتووەو تا بە تەواوی ئاشنا دەبن لەگەڵیداو بیروبۆچوونی دەخوێننەوە، زۆر درێژە دەکێشێت، بەڵام بە بۆچوونی من ناردنی (فراش)ێک یا یەکێک بە نێوی (فراش)ەوە، کارێکی ئێجگار ئاسانترو سەرکەوتووترە.

مامۆستا ستار:

ئەگەر وابێت، (فراش)ێکی بە توانا بۆ مەبەستە ڕەوانە بکرێت، بۆ چاودێڕی کردنیان و ئاشکراکردنی نهێنیەکانیان.

مامۆستا حسیب:

ئەگەر وابێت بۆ ئەم مەبەستەمان، پێویستمان بە یەکێکی چالاک و تێگەیشتوو و خوێندەوار هەیە، کە بتوانێت بە دیقەت چاودێرییان بکات وهەموو کارو پیشەو جم و جۆلیان بنووسێت لەگەڵ

کات و رۆژەکاندا، تاوەکوو لەبیریان نەکات. دیسانەوە وای بە باش دەزانم و پێشنیاز دەکەم ئەو (فراش)ە یەکێک لە ئێمە بێت، لەم سێ کەسەی کە دانیشتووین (ئاماژە بۆ خۆی و مامۆستا ستارو مامۆستا حسیب دەکات).

بەڕێوەبەری پەروەردە ( کتووپڕ، وڵام دەداتەوە) و دەڵێت:

بەراستی پێشنیازێکی جوان و بەجێیەو، ئەرکێکی بێئەندازە دڵسۆزانەیەو خزمەتێکە کە هەرگیز لەبیر ناکرێت و نێوی ئەو کەسەی کە بەو کارە هەڵدەستێت، لە مێژووی بەڕیوەبەرایەتییەکەماندا تۆمار دەکرێت و ئەو کەسەش دەبێت بە مامۆستا و پشکنەری شایستەو شایانی هەموو شێوە رێزلێنانێک. (چەند چرکەیەک بێدەنگی).

بەڕێوەبەری پەروەردە بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

من بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە پیرۆزو نیشتمانی و نەتەوەییە گرنگە، مامۆستا ستار دەستنیشان دەکەم و هەڵدەبژێرم، کە بیگرێتە ئەستۆ، چونکە زۆر لەم کارانە سەر دەر دەکات و چەند ساڵێکی دووروو درێژە پشکنەر (مفتش)ەو لەو بووارەدا زانیارییەکی ئێجگار زۆری هەیەو بە ئەزموونە، ئیتر نازانم، رای خۆی چییەو ئێوەش چیدەڵێن (بە پرسیارەوە).

مامۆستا ستار:

من بە سەرو گیان ئامادەم کە ئەو ئەرکە نەتەوەییە بگرمە ئەستۆی خۆم و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە هەوڵی سەرکەوتنی نەخشەکەمان بدەم، کە بێگوومان لەبەرژەوەندی خەڵکی دێیەکەو

قوتابخانەکەو سەرجەم قوتابیانیشە، جگە لەوەی کە سوودێکی ئێجگار زۆر دەگەێنێتە نێوبانگی بەڕیوەبەرایەتییەکەمان.

(مامۆستا حسیب و مامۆستا نەریمان، سوپاس و دەستخۆشی لە مامۆستا ستار دەکەن.)

بەڕێوەبەری پەروەردە (روو لە مامۆستا ستار) دەڵێت:

بەراستی من نازانم بەچی زمانێک سوپاسی ئەو هەستە پڕ لە سۆزەی بەڕێزتان بکەم، بۆ ئەو هەڵوێستەتان و بۆ ئەو لەخۆبوردنەتان، کە کارو ئەرکێکە بە هەموو کەسێک ناکرێت؛ لە ناخەوە داوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم و گوومانیشم نیە کە سەرکەوتوو دەبێت و سەدان قوتابی ستەملێکراو، لە ستەمی ئەو مامۆستایانە رزگار دەکەیت و وەکوو رێکخەرێکی کۆمەڵایەتی نێودەردەکەیت و نێوت دەچێتە نێو لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی پەروەردەو فێرکردنی نەتەوەکەمانەوە. لەبەر ئەوەی دەمانەوێت بە زووترین کات ئەو گرفتە چارەسەر بکەین و نەهێلین پەرەبستێنێت، تکات لێدەکەم کە هەر لە ئەمڕۆوە خۆت ئامادە بکەیت و جل و بەرگی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە پەیدا بکەیت، تا لە کاتی لەبەرکردنیدا شێوەت بگۆڕدرێت و لەوێش بە شێوەیەک رەفتارو کردار بکەیت کە مرۆڤێکیتەنها چەند پۆلێکی سەرەتاییت تەواو کردووە و ئەگەر لێیانپرسیت بەر لە ئێرە لە کوێ(فراش) بوویت، بڵێ لە خودی (دائرة)ی پەروەردەو فێرکردن، یا هەر قوتابخانەیەکی دیکە کە خۆت بە باشی دەزانیت و گوومانت لەسەر دوور دەخاتەوە. ئەگەر یارمەتی

بفەرموویت، چەند ئامۆژگارییەکت دیکەشت پێشکەش دەکەم تا کەڵکیان لێوەربگریت.

مامۆستا ستار:

فەرموو، فەرموو بەڕێز، هەر ئامۆژگارییەک کە بیکەیت بەسەر چاو پەسەندیان دەکەم و دەیانکەم، بە پەیرەو و پرۆگرامی خۆم و بە گوێرەیان ڕەفتارو کردار دەکەم.

بەڕیوەبەری پەروەردە:

زۆر سوپاس. پاش ئەوەی خۆت ئامادە دەکەیت، سەر لە ئێوارەی ئەمڕۆ، لەگەڵ خاڵە عەبەدا دەکەونە ڕێ بۆ دێی (کانی بێئاو) و دەڕۆنە قوتابخانەکەو هەوڵ دەدەیت بە هەموو توانایەکەوە خۆت لەگەڵیاندا بگوونجێنیت و ئەوەی لێت داوا دەکەن بۆیان ئەنجام بدەیت، بە بێ ئەوەی بە شێوەیەک ڕەفتارو کردار بکەیت کە ئاشکرا ببیت، ڕۆژانەش تێبینییەکانت لە دەفتەرێکی بچووکی بەر باخەڵدا تۆمار دەکەیت و هەڵبەتە بە شەوان و پاش نووستنی ئەوان و پاش بیست ڕۆژ، ئەو دەفتەرە دەنێریت بۆ ئێمە، هەر لە ڕێگەی خاڵە عەبەوە، ئەو کاتە ئێمە لێژنەیەکی تایبەتی ڕەوانە دەکەین تا ڕووبەڕوو لەگەڵیاندا دانیشن و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکەن بە ئامادەبوونی هەموو لایەکتان و هەر لەو ڕۆژەشدا لێژنەکە بڕیاری کۆتایی دەدات لەسەر مامۆستاکان و منیش هەر ئەمڕۆ بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەنووسم و هەموو شتێکیان بۆ ڕوون دەکەمەوە، تا هەموو دەسەڵاتێکی بڕیاردان بەو لیژنەیە بدەن. ئێوەی بەڕێزیش (ڕوو لە

هەرسێ مفتشەکان) هەر پرسیار یا پێشنیازێکتان هەیە فەرموون بیڵێن.

مامۆستا نەریمان (وڵام دەداتەوە):

بەڕێز بەڕێوەبەر:

ئەوانەی کە باستکردن، بێئەندازە جوان و بە سوودبوون، بەڵام پێویستە بیرێکیش لەوە بکەینەوە، کە ئەگەر پرسیاریان کرد و گووتیان، ئێمە (فراش)مان هەیە لە قوتابخانەکەماندا ئیتر چی پێویستێکمان هەیە بە یەکێکی دیکە.

بەڕێوەبەری پەروەردە:

ئافەرین، زۆر راست دەفەرمووی، منیش ئەو شتەم لە خەیاڵدا بوو، بەڵام بە باشمزانی کە بیهێلینەوە بۆ دوای ئەم قسانەمان، تا پێکرا هەموومان بیری لێبکەینەوەو پلانێکی بەهێزی بۆ دابنێین، چونکە گرنگترین قۆناخی کارەکەمانە.

مامۆستا نەریمان:

ئەگەر یارمەتی بفەرمون، من بۆچوونی خۆم دەردەبڕم، ئەگەر بە باشتانزانی، جێبەجێی دەکەین.

دانیشتوان پێکڕا:

فەرموو، فەرموو.

من بە باشی دەزانم کە خاڵە عەبە بە تەنها خۆی بگەڕێتەوەو بە مامۆستایان رابگەێنێت کە چووم بۆ شار بۆ (دائرة)ی پەروەردە، تاکوو بۆ ماوەی بیست رۆژ (اجازة)م بدەنێ چونکە زۆر پێویستم بە پشوودانێکی درێژ هەیە. داواکەمیان پەسەندکردوو و بڕیاریشیاندا کە

(فراش)ێکی دیکە لە شارەوە بنێرن تا ئێوە پەکتان نەکەوێت. بەڵام مامۆستا ستار ئەمڕۆ نەڕوات و بیهێلێتەوە بۆ سبەینێ و بە سەلامەتی سەفەرەکەی بکات.خاڵە عەبەش سبەینێ دەوامی خۆی بکات، بە مەرجێک هەر ماوەی جارێک لە مامۆستایان بپرسێت:

ئەوە چی لێهات، (فراش)ە تازەکە نەهات و نەگەیشت، وتیان سبەینێ زۆر زوو دەگات، نەکات پەشیمان ببێتنەوە، ئەگەر ئەو نەیەت من بەم نەخۆشی و پشت ئێشەو سەر ئێشەو قاچ ئێشەیەوە چۆن دەتوانم کاروبارەکان ببەم بەڕێوە.

(مامۆستا نەریمان بە گوێرەی شوێنی ئێشەکان جم و جۆل دەکات، دانیشتوان و خۆیشی، دەکەونە نەرمە پێکەنین).

بەڕێوەبەری پەروەردە:

(بە زەردەخەنەوە)، بەڕاستی پلانێکی جوانەو بێگوومان سەرکەوتوو دەبێت. ( دەست دەبات بەلای پشتداو پەنجە دەنێت بە دووگمەی زەنگەکەداو روو لە دانیشتوان دەڵێت:

با خاڵە عەبەش بانگ بکەین و نەخشەو پلانەکانی پێڕابگەێنین، تا بەگوێرەیان کار بکات، چونکە بە بێ یارمەتی ئەو پلانەکان سەرناکەون.

(دەرگاکە دەکرێتەوە، (فراش)ەکەی بەڕێوەبەر دەردەکەوێت،دەستێکی هەر بە دەستەی دەرگاکەوەیە، (روو لە بەڕێوەبەر)دەڵێت:

(أمر بفەرموون گەورەم).

بەڕێوەبەری پەروەردە:

خاڵە عەبەمان بۆ بانگ بکە.

(فەراش)ەکە، (دەستی هەر بە دەستەی دەرگاکەوەیە و ئاوەڕ دەداتەوە بۆ دەرەوەی ژوورەکەو بە دەنگێکی کەمێک بەرزەوە) دەڵێت:

خاڵە عەبە فەرموو، وەرە ژوورەوە بەڕێوەبەری پەروەردە، تۆی دەوێت.

( خاڵە عەبە دێتە ژوورەوە، سەڵاو لە دانیشتوان دەکات)

(هەموو وڵام دەدەنەوە،بەڕێوەبەر روو لە خاڵە عەبە)، دەڵێت:

و علیک السلام، فەرموو دانیشە. (خاڵە عەبە دادەنیشێت. هەموویان بەرێزەوە، بەخێر هاتنەوەی دەکەن.)

(بەڕێوەبەری پەروەردە، بەردەوام دەبێت لە قسەکردن و روو بە خاڵە عەبە) دەڵێت:

خاڵە عەبە گیان، لە راستیدا بەرامبەر بەو خزمەتە گەورەیەی کە کردووتە بۆ ئێمەو خۆتان و خەڵکی دێیەکەو قوتابییەکان و هەموو مللەتەکەشمان و دەستنیشان بە نووسراوەکەت و بۆ ئەوەی زۆرتر لە مامۆستاکانی دێیەکەتان تێبگەین و بۆ ئەوەی بتوانین ئەو کردەوانەیان، ئەگەرراست بێت، بۆ لایەنە لە خۆمان بەرزترەکان بسەلمێنین و بیانگەێنین بە سزای خۆیان، (خاڵە عەبە قسەکانی بەڕێوەبەری پەروەردە، دەبچرێنێت) و دەڵێت:

بە سی جزوەی قورئان، یەک وشەی درۆی تێدا نیەو ئەگەر باوەڕ ناکەن، لە منداڵانی قوتابخانەکەمان بپرسن، یا ئەگەر پێتان خۆشە یەکێک بنێرن تا بە چاوی خۆی بیانبینێت کە چی دەکەن و

چۆن قوتابخانەکەیان کردووە بە قومارخانەو شوێنی عارەق خواردنەوە. (بەڕێوەبەر قسەکانی پێدەبڕێت) و دەڵێت:

خاڵە عەبە گیان، پەلە مەکە، خوانەکەران من ناڵێم تۆ ڕاست ناکەیت، ئێمەش وا بە تەماین، کە هەر ئەو کارە بکەین کە تۆ فەرمووت، بەڵام خۆت دەزانی ئەمە کارێکی ئاسان نیە، ئێمە بۆ ئەوەیە بتوانین بیسەلمێنین کە ئەوان چیدەکەن و چۆن وانە وتنەوە بە قوتابیانیان پشت گوێ خستووە، پێویستمان بە بەڵگەیە، بەڵگەکانیش ئەوەندە بە هێز بن کە ئیتر نەتوانن بە وشەیەکیش پارێزگاری لە خۆیان بکەن، یا بڵێن وانیەو ئێمە وامان نەکردووە.

( خاڵە عەبە دیسانەوە قسەکانی دەبڕێت و ) دەڵێت:

داوای لێبووردن دەکەم من پەلەم کرد و نەمزانی ئێوە وا بە دیقەت بیرتان لە گرفتەکە کردووەتەوە.

بەڕێوەبەری پەروەردە:

بووراوی خاڵە گیان. ئەوجا بۆ ئەو مەبەستە ئێمە بڕیارماندا کە سبەینێ (فراش)ێکی دیکە بنێرین بۆ قوتابخانەکە بۆ ماوەی بیست ڕۆژ، تا لە نزیکەوە لێیان بکۆڵێتەوەو بە تەواوی ئاشکرایان بکات، ماوەی ئەو بیست ڕۆژە تۆ لە ماڵەکەی خۆتدا پشوویەکی تەواو دەدەیت، بەڵام، کە ئەمڕۆ بە سەلامەتی گەڕایتەوە، بە مامۆستاکان بڵی کە ڕۆیشتی بۆ شار و بۆ لای پزیشکێک بۆ چارەسەرکردنی ئێش و ئازارەکانی پشتو دەست و پێیەکانت و پزیشکەکە پێیگووتووی کە تۆ زۆر ماندوو دیاری و پێویستت بە پشوودانێکی دووروو درێژ هەیەو

کاغەزێکی پێدام و منیش چووم بۆ (دائرة)ی پەروەردە و کاغەزەکەم پێیانداو ئەوانیش ڕەزامەندییان لەسەر ئامۆژگاری پزیشکەکە دەربڕی و پەسەندیان کرد کە بیست ڕۆژ پشووم بدەنێ. بڕیاریشیاندا کە (فراش)ێکی دیکە بنێرن کە خزمەتی ئێوە بکات و کاروبارەکانی من ئەنجام بدات.

خاڵە عەبە:

باشە قوربان بەسەر چاوو هەرچی بفەرموون من بەو شێوەیە قسەیان لەگەڵدا دەکەم.

بەڕێوەبەری پەروەردە (روو لە خاڵە عەبە)، چاوت خۆش بێت. بەڵام بێگوومان پرسیاری زۆرت لێدەکەن. ئەگەر پرسییان تۆ ئەو(فراش)ەی کە دێت دەیناسیت، وڵامیان دەدەیتەوەو دەڵێیت نەخێر نایناسم. تکایە وریابە هیچ کارێک یا قسەیەکی وا نەکەیت کە گوومان ببەن و پلانەکەمان ئاشکرا ببێت و بزانن (فراش)ە تازەکە، (فراش)ی راستەقینە نیەو (مفتش)ەو بۆ چاودێری ئەوان نێردراوە. سبەینێش دەوامی خۆت وەکوو رۆژانی رابووردوو دەکەیت و هەر ماوەی جارێک لە مامۆستاکان دەپرسی کە (سعات) چەندەو (فراش)ەکە بۆچی نەهات و خوای بکردایە زوو بگەیشتبایە، تا من بڕۆیشتبایەم،بۆ ماڵ و پشوویەکی باشم بدابایە. کاتێک کە مامۆستا ستاریش دەگاتە قوتابخانەکە، بە گەرمی بەخێر هاتنی دەکەیت و وا خۆت دەنوێنی کە نایناسی و هەرگیز نەتبینیوە. یەک یەک مامۆستایانی پێدەناسێنی و لەبەر چاووی ئەوان پرسیاری نێوەکەی لێدەکیت و دیسانەوە بە مامۆستایان دەڵێیت کە لە بەڕێوەبەرایەتی پێیانگووتم،

(فراش)ە تازەکە کە دێت لەبەر ئەوەی خەڵکی دێیەکەتان نیە، دەبێت لە ژوورێک لە قوتابخانەکە بنوێت و خواردنیشی لەسەر مامۆستاکان دەبێت، (سەر لە خاڵە عەبە نزیک دەکاتەوە) دەپرسێت:

تێگەیشتی خاڵە عەبە گیان.

خاڵە عەبە:

ئەرێ بە خودا زۆر چاکیش تێگەیشتم، بەڵام خوا چۆن (قبول) دەکات کە (مفتش)ێکی وا گەورە ببێت بە (فراش) و خزمەتی ئەو بێویژدانانە بکات. (هەموویان پێدەکەنن)

بەڕێوەبەری پەروەردە:

گوێی مەدەرێ خاڵە عەبە، ئەمە هەمیشەیی نیەو خزمەتێکە بۆ قوتابییەکان و قوتابخانەکەو دێیەکەو لە راستیدا بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکەشمان و بۆ نیشتمانیش.

خاڵە عەبە:

خوای گەورە پشت و پشتیوانتان بێت و سەرکەوتووتان بکات لە کاروبارەکانتانداو لە ژیانیشتاندا. پشت بە خودا کە ستار ئەفەندی بڕیاریداوە، کە خۆی لە شوێنی من بکات بە (فراش) بە چاوی خۆی هەموو شتێک دەبینێت و لە هەموو شتێک تێدەگات. (روو لە بەڕیوەبەری پەروەردە، بەردەوام دەبێت) و دەپرسێت:

جەنابی بەڕێوەبەر، پێمخۆشە کە لە خۆتەوە گوێم لێبێت، ئەو مامۆستایانەی قوتابخانەکەمان، هەر ئەوان دەمێننەوە بۆ فێرکردنی منداڵەکانمان، یا کەسانی دیکە دێن لە شوێنیان.

بەڕیوەبەر (بە پێکەنینەوە) دەڵێت:

خاڵ و عەبە گیان، پەلە مەکە و بیری خۆتی پێوە خەریک مەکەو بیهێلە بۆ ئێمەو بۆ دوای ئەوەی کە لێکۆڵینەوە کۆتایی پێدێت و پشت بە خوا بە گوێرەی دڵی تۆ دەبێت.

خاڵە عەبە (روو لە بەڕێوەبەری پەروەردە) دەڵێت:

شتێکی دیکەش هەیە پێم باشە پێتانی بڵێم و بپرسم، مامۆستا ستار کە لە قوتابخانەکەماندا دەبێت بە (فراش)، خۆ نابێت هەر بە مامۆستا ستار بانگی بکەین و باشتر نیە (بە پرسیبارەوە) نێوێکی دیکەی بۆ هەڵبژێرین و بەو ناوە بانگی بکەین، تا خوا نەکەران ئاشکرا نەبێت.

(بەڕێوەبەری پەروەردە، بە سەرسامییەوە تەماشای (مفتش)ەکان دەکات) و دەڵێت:

چاوتان لێیە، ئێمە، بە هەمووومانەوە بیرمان لە هەموو شتێک کردەوە تەنها نێوگۆڕینەکەی مامۆستا ستار نەبێت، کە لە هەموو بڕیارەکانمان گرنگترە (روو لە خاڵە عەبە) هەزار ئافەرین خاڵە عەبە گیان، بۆ ئەم پێشنیازە گرنگەت، (روو لە مامۆستا ستار) بەڕێوەبەر دەپرسێت:

باشە مامۆستا ستار، چی نێوێکت پێخۆشە کە بۆ خۆتی هەڵبژێریت و بەو نێوە بانگ بکرێیت.

مامۆستا ستار (بە زەردەخەنەوە) دەڵێت:

باوەڕ بفەرموون نازانم و گرنگ نیە هەر نێوێک بێت.

خاڵە عەبە (روو لە بەڕێوەبەری پەروەردە)دەپرسێت:

قوربان من دەتوانم نێوێکی بۆ دابنێم.

بەڕیوەبەری پەروەردە:

بەڵێ، فەرموو.

خاڵە عەبە:

من برایەکم هەیە نێوی (جلال)ە، پێمخۆشە ئەو نێوە هەڵبژێرین بۆ مامۆستا ستار، ئەگەر خۆی پەسەندی بکات.

( هەموو پێدەکەنن).

بەڕێوەبەری پەروەردەدەڵێت:

زۆر باشە، لەبەر خاتری خاڵە عەبە، نێوی مامۆستا ستار دەبێت بە کاک (جلال)، (روو لە مامۆستا ستار، بە پرسیارەوە)، باشە مامۆستا ستار، ببورە کاک جلال، ئەم نێوەت پێخۆشە.

(هەموو پێدەکەنن).

مامۆستا ستار:

لەوە باشتر نابێت.

خاڵە عەبە (روو لە بەڕێوەبەری پەروەردە) دەپرسێت:

قوربان، ئیتر کارێکتان بە من نیە و دەتوانم بەجێتان بهێلم و بگەڕێمەوە بۆ دێیەکەمان.

بەڕێوەبەری پەروەردە:

نەخێر خاڵە عەبە گیان، ئیتر کارێکمان نەماوە، ئەوە نەبێت سوپاسی دڵسۆزی و خەمخۆریت بکەین و هیوای پشوویەکی بیست رۆژەی خۆشت بۆ دەخوازین.

خاڵە عەبە (هەڵدەستێتە سەرپێ و بەرەو (مفتش)ەکان دەڕوات و (ئەوانیش هەڵدەستن) و یەک یەک دەستیان دەگووشێت و خوا حافیزییان لێدەکات و (بەرەوەو دەرگاکە دەڕوات، تاکوو ژوورەکە بە جێبهێلێت).

بەڕێوەبەری پەروەردە، دەڵێت:

راوێستە، راوێستە خاڵە عەبە، شتێکمان لە بیرچوو. (دەست دەنێت بە دوگمەی زەنگەکەدا، (فراش)ەکەی خۆی دەرگاکە دەکاتە)و دەپرسێت؛

ئەمرێکتان هەیە، گەورەم.

بەڕێوەبەری پەروەردە دەڵێت:

لەگەڵ خاڵە عەبە برۆ بۆ لای ژمێریار (محاسب)، تا کرێی هاتووچۆی بداتی، لە دێیەکەیانەوە، بۆ ئێرەو گەڕانەوەشی.

(فراش)ەکەی بەڕێوەبەر:

باشە گەورەم بەسەر چاو.

خاڵە عەبە (بە نێوە توورەبوونێکەوە) دەڵێت:

چۆن، چۆن، مامۆستا، چۆن لە دڵت دێت، ئەو کارەم لەگەڵدا بکەیت، بۆ من بۆ پارە ئەم کارەم کردووە، واللە و باللە، یەک فلیسێکیش وەرناگرم و من سوپاسی ئێوە دەکەم، کە وا بە پەلە هاتن بە هانامانەوە بۆ چارەسەرکردنی، کێشەکەمان.

بەڕێوەبەری پەروەردە:

بەڵام خودا (قبول) ناکات، تۆ لە گیرفانی خۆت خەرجی هاتنووچووونەکەت بکەیت.

خاڵە عەبە:

والله، خودا (قبول) دەکات و ئامادەم گیانی خۆشم پێشکەش بکەم، تەنها پاشەرۆژی منداڵەکانمان نەفەوتێت. (بە دەست نیشانە خودا حافیزی پیشان دەدات و دەڵێت:

من رۆیشتم خوداتان لەگەڵ (بە پەلە ژووری بەڕێوەبەری پەروەردە، بە جێدەهێڵێت.)

بەڕێوەبەری پەروەردە (روو لە (مفتش)ەکان، دەڵێت:

مرۆڤی وا دڵسۆزیشمان هەیەو مامۆستای بێویژدانیش وەکوو ئەوانەی قوتابخانەکەی دێیەکەی ئەم خاڵە عەبە دڵپاک و سادەو بە وەفایەشمان هەیە.

(مفتشەکان و بەڕێوەبەری پەروەردە، دادەنیشن)

بەڕێوەبەری پەروەردە (روو لە مامۆستا ستار) دەڵێت:

بەراستی لە ناخەوە سوپاسی بەڕێزت دەکەم کە ئەم ئەرکە گرنگەت گرتە ئەستۆی خۆت و هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم لە کارەکەتدا و جێیشانازیت بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکەمان. تکام وایە تا دەتوانیت بە هێمنی و ئارامی هەڵس و کەوت بکەیت لەگەڵ مامۆستاکانداو بە دیقەت لە کاروبارو رەفتارو کرداریان بکۆڵیتەوەو هەموو شەوێک خاڵ بە خاڵ، ئەوەی بەلاتەوە گرنگە تۆماری بکەیت و کە راستییەکان دەرکەوت و تاوانبار دەرچوون، ئەوجا بزانن چییان بەسەر دێت و چۆن رسوا دەبن و دەبن بە پەندێک بۆ مامۆستایانی دیکەی هەموو دێ و گوندوو شارۆچکەو شارێکی ئەم دەڤەرە، کە ئیتر

هیچ مامۆستایەک نەتوانێت ئەو کارانە ئەنجام بدات، کە ئەوان ئەنجامی دەدەن.

مامۆستا ستار:

سوپاس بۆ بەڕێزتان و پشت بە خودا هەوڵ دەدەم، بە پێی توانا، ئەوەی لە دەستم بێت بیکەم و فەرماییشتەکانی بەڕێزتان جێبەجێ بکەم و هەر ماوەی جارێکیش لە رووداوەکان ئاگادارتان دەکەمەوە. بە هیوای ئەوەی کە ئەو لێژنەیەش کە فەرمووتان لە دوا رۆژەکاندا ئامادە ببن و بگەن بە دێیەکەو پاش لێکۆڵینەوەی بە دیقەت، بڕیاری راستپەروەرانەی خۆیان بدەن و ئەگەر تاوانبار دەرچوون، مامۆستاکانی قوتابخانەکە، بگەێنن بە سزای خۆیان.

بەڕێوەبەری پەروەردە:

دیسانەوە سوپاس و منیش هەر لە ئەمڕۆوە، راپۆرتێکی دوورووودرێژ ئامادەکەم و هەموو شتێک بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەنووسم، لەگەڵ نامەکەی خاڵە عەبە و بڕیارەکانی ئەمڕۆی خۆمانداو ئامادەکردنی ئەو لێژنەیەی کە باسمان لێکرد. بەهیوای سەرکەوتن و پەیداکردنی رێچارەیەکی بنەڕەتی بۆ ئەو گرفتەی قوتابخانەکەی، دێی (کانی بێئاو).

## (پەردە دادەکشێت)

# پەردەی چووارم

## شوێن:

ژووری بەڕێوەبەر و مامۆستایانی قوتابخانەی دێی کانی بێئاو. مێزێک، لە پاڵ دیواری لای چەپی ژوورەکە، دۆڵابێکی دەرگا شووشەیی، لە نێوانی مێزەکەو دیوارەکە، چەند کتێب و دەفتەرو قووتووە (طباشیر)ی تێدایە،کاتژمێرێک لە سەر دۆڵابەکە دانراوە، پێنج شەش کورسی بەملاو ئەولادا، ریزکراوە، پەنجەرەیەک، کە لەوێوە، دەرەوەی قوتابخانەکە دەبینرێت.)

(دەرهێنەری شانۆگەرییەکە دەتوانێت بە گوێرەی دڵی خۆی دۆڵابەکە پڕ بکات.)

(لە کاتی هەڵکشانی پەردە، کاتژمێرەکە (١١)ی سەرلەبەیانی پیشان دەدات.)

(مامۆستا ﷴ لە سەر کورسییەکەیەوە، خۆیداوە بەسەر مێزەکەیدا، مامۆستایان کمال و (فاتح)یش، بە پاڵ دۆڵابەکەوە لە سەر دوو کورسی دانیشتوون، دەرگای ژوورەکە کراوەیە، خاڵە عەبە بە پێوە راوێستاوەو پاڵیداوە بە دیوارەکەوە، پەردە هەڵدەکشێت، خاڵە عەبە بەرەو دەرگاکە دەڕوات، بە دەنگێکی خەماوییەوە، روو لە مامۆستا ﷴ دەکات) و دەپرسێت:

هەی هاوار، هەی، ئەرێ مامۆستا محمد، زەحمەت نەبێت پێمنالێیت، سەعات بۆ بە چەند، ئەو کابرا (فراش)ە هەر دیار نیەو هەر نەهات.

مامۆستا محمد (بەسەر لەقاندنەوە) دەپرسێت:

بەراستی خاڵە عەبە، تۆ زۆر سەیروسەمەری، پێمنالێیت چێت بەسەر هاتووە، شێت بوویت یا خرف بوویت، (فراش)ی تازەی چی و إجازەی چی، هەی هەژار گاڵتەیان پێکردووی و تۆیان خەڵەتاندووە؛ واز لەم بیرکردنەوانە بهێنەو برۆ لە ژووری چێشتخانەکە بۆ خۆت پاڵی لێبدەرەوە، یا لە بیری خواردنی نیوەرۆمان بە.

خاڵە عەبە ( روو لە مامۆستا محمد) دەڵێت:

مامۆستا، تۆ چیدەڵێیت، بە خودای راستیان کردووەو هیچ گاڵتەیان بە من نەکردووەو منیان نەخەڵەتاندووە، بەچاوی خۆت دەبینی، هەر ئەوەندەتزانی پەیدا بوو، مەگەر دەبێت (فراش)ەکەی جەنابی مدیری معارف، لەگەڵ منی نەخۆشدا درۆ بکات. ئەو راست و رەوان گووتی جەنابی مدیری معارف، فەرموویەتی، (فراش)ێکی دیکەیان بۆ دەنێرین تا ئەم (فراش)ەی ئێستا، لە نەخۆشییەکەی چاک دەبێتەوە و دەگەرێتەوە سەر کارەکەی خۆی.

مامۆستا کمال (روو لە خاڵە عەبە) دەڵێت:

ئەگەر وابێت ئەمرۆ بۆمان دەردەکەوێت کە راستییان کردووە، یا، درۆ.

مامۆستا فاتح (روو لە خاڵە عەبە) دەپرسێت:

گووتت، کێ ئەوەی بە تۆ گووت خاڵە عەبە.

خاڵە عەبە:

(فراش)ەکەی جەنابی مدیری معارف، بە زمانی خۆی گووتی.

مامۆستا کمال:

ئەی ترحێو جنابی مدیری معارف.

مامۆستا محمد:

ئەی دەمت خۆشبێت،مامۆستا کمال، سەد جار ترحێو جنابی مدیری معارف.

مامۆستا فاتح:

خاڵە عەبە، لەو باوەڕەدام، تۆ شەوی رابووردوو خراب خەوتبێتی، یا خەونت بینیبێت و لە خەونەکەتدا ئەو قسانەیان پێگووتبێتی، بە (پرسییارەوە)، وا نیە خاڵە عەبە.

خاڵە عەبە:

با وابێت، هەر ئێستا بە چاوی خۆتان دەبینن، ئەوجا دەردەکەوێت خەونم بینیوە یا بەراستی روویداوە.

مامۆستا محمد (روو لە خاڵە عەبە) دەپرسێت:

باشە خاڵە عەبە پرسییارێکی دیکە، ئەو (فراش)ە تازەیەمان کە لە شارەوە دێت، وەکوو تۆ وایە یا لە تۆ باشترە.

خاڵە عەبە (وڵامی مامۆستا محمد دەداتەوە)و دەڵێت:

من لە کوێ بزانم، باشە یا خرابە، (بە پرسییارەوە)، بەڵام بۆچی تا ئێستا من خراب بوومە لەگەڵتاندا، کە لە من باشترتان

دەوێت، ( دەستەکانی دەدات بە یەکداو لەگەڵ هەناسەیەکی قووڵ و درێژدا) دەڵێت:

ئێ، ئێ، بەخوا پێشینان راستیان فەرمووە، بۆ بۆرەسوار خۆت بدە بە کووشت، دەڵێ، بە (أمر)ی خوا مرد؛بەخودا، هەر دەنگ نەکەم، گەلێک باشترە.

(لەسەر کورسییەک بە پاڵ دەرگاکەوە لە دیوی ژوورەوە دادەنیشێت، مامۆستاکان هەرسێکیان، لە یەک نزیک دەبنەوەو بە بێدەنگی، لەگەڵ یەکدا قسە دەکەن، خاڵە عەبە جارێک تەماشای دەرەوە دەکات و جارێک تەماشای مامۆستاکان و جاروباریش دەست بە شانووملی خۆیدا دەهێنی و لەبەر خۆیەوە قسە دەکات) و دەڵێت:

تۆ بڵێیت لە رێگە سەقەت بووبێت، بۆیە دوا کەوتووە. هەرسێ مامۆستاکە دەدەن لە قاقای پێکەنین و دەپرسن:

مەگەر (فراش)ە تازەکە، ئۆتۆمۆبیلە،کە لە رێگە سەقەت بووە.

خاڵە عەبە:

خوا نازانم چیتان لێبکات، من (فراش)ەکە ناڵێم، باسی ترۆمبێلەکە دەکەم، خۆ (فراش)ەکە بە پێ نایەت، خۆتانیش دەزانن تەنها یەک ترۆمبێل هەیە کە هاتووچۆی دێیەکەمان دەکات، ئەگەر سەقەت بوو، خەڵکەکەش پەکیان دەکەوێت و دوا دەکەون لە ئێش و کارەکانیان.

(خاڵە عەبە بەردەوامە لە تەماشاکردنی دەرەوەدا، لە ناکاو هەڵدەستێت و بە دەنگێکی بەرزەوە دەڵێت:

ئەریَ بە خوا، یەکێک بەرەوە ئێرە دێت، وابزانم خۆیەتی.

(شانۆ بەجێدەهێلێت. لە دوورەوە دەنگی دەگاتە سەر شانۆ) دەڵێت:

کاکە، ئەگەر تۆ (فراش)ە تازەکەی، فەرموو، فەرموو ئێرەیە، لەخوا بە زیاد بێت کە بەسەلامەتی گەیشتی، خۆ من وەخت بوو دڵم شەق ببات کە دواکەوتی، ترسام وتم خوا نەکەران، نەکات ترۆمبێلەکە لە رێگە سەقەت بووبێت، بۆیە دوا کەوتی.

(خاڵە عەبەو (فراش)ە تازەکە دەگەنە سەر شانۆ، (فراش)ە تازەکە لە پێش خاڵە عەبەوە رێدەکات، پیاوێکی باڵابەرز، جلێکی کۆنی لە بەردایە، جەمەدانییەکی دڕاوی لەسەردایە،بوخچەیەکی گەورەی لە بنباڵدایە، لە دەرگا دەدات و بە رێزەوە روو لە مامۆستایان) دەپرسێت:

إجازە دەفەرموون بێمە ژوورەوە.

مامۆستاکان هەرسێ پێکەوە دەڵێن:

فەرموو، فەرموو،

(چەند هەنگاوێک نزیک دەبێتەوەو سەڵاویان لێدەکات و ئەوانیش بە ساردی و لالووتەوە،وڵامی دەدەنەوە.)

خاڵە عەبە (روو لە مامۆستا محمد) دەڵێت:

نەمگووت مامۆستا محمد، نەمگووت کە لە شار (فراش)ەکەی مدیری معارف گووتی (فراش)ی تازەتان بۆ دەنێرن، ئەوە هات و ئێوەش گاڵتەتان بە قسەکانی من دەکرد.

خاڵە عەبە (لێینزیک دەبێتەوەو بووخچەکەی لە دەست وەردەگرێت) و بەردەوام دەبێت لە قسەکردن و دەڵێت:

یاخوا بەخێر بێیت، بەسەر چاوەکانم، لە بەیانی زووەوە ملم گێر بوو ئەوەندە تەماشای دەرگای قوتابخانەکەم کرد و هەر دەمگووت خودایە بەسەلامەتی بگات، تا منیش بڕۆمەوە بۆ ماڵ و بۆ ماوەیەک بۆ خۆم پشوو بدەم، کە سوپاس بۆ خوا گەیشتی، بەڵام بەر لە هەموو شتێک با مامۆستاکانت پێبناسێنم، ئەوەیان کە لە پشت مێزەکەوەیە، مامۆستا (محمد)ە، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمانە، ئەم دووانەکەی دیکەش، یەکەمیان مامۆستا (فاتح)ەو ئەوی دیکەشیان، مامۆستا (کمال)ە، مامۆستایەکی دیکەشمان هەیە کە ناوی مامۆستا (علي)ە، ئەو ئێستا خەریکی وانە گووتنەوەیە بە قوتابییەکان، لە هەشتی بەیانییەوە تا ئێستا،دانەنیشتووەو ئەم پۆل و ئەو پۆل دەکات، منیش نێوم عبداللەیە، کە بە خاڵە عەبە بانگم دەکەن.

(فراشی تازە کە هەر بە پێوە راوێستاوە) روو لە خاڵە عەبە دەڵێت:

باشە خاڵە عەبە گیان، تێگەیشتم، زۆر سوپاس.

خاڵە عەبە ( دەست بۆ مامۆستاکان درێژ دەکات) و دەڵێت:

بەڵام ئەم مامۆستایانە لە بەر ئەوەی شەو تا درەنگ وەختێک نەنووستوون، هەر ئێستا، بەر لەوەی تۆ بگەیت، لە خەو هەستاون و هێشتا قاوەڵتییان نەکردووەو خواردنەکانیان لەسەر ئاگرەو ئامادەیە.

(فراش)ی تازە، زۆر باشە هەموو شتێک تێگەیشتم.

مامۆستا محمد (روو لە خاڵە عەبە) دەڵێت:

دە بیبڕەوە خاڵە عەبە ئەوەندە قسە مەکەو برۆ کارەکانت ئەنجام بدە.

خاڵە عەبە، وڵامی مامۆستا محمد ناداتەوە، (روو لە فراشی تازە) دەڵێت:

فەرموو تۆ دانیشە با من بڕۆم ژووری خەوتنەکەیان رێک بخەم و ئەوجا، خواردنەکەیان ئامادە دەکەم.

(فراش)ی تازە:

زۆر چاکە منیش دێم لە گەڵت، تا شوێنەکان و چێشتخانەکەو ژوورەکانم، پیشان بدەیت.

مامۆستا محمد:

نا، نا، مەڕۆ، کەمێک لێرە دانیشە، با یەکتر باشتر بناسین و لەگەڵ یەکدا ئاشنا بین.

(فراش)ی تازە دادەنیشێت، خاڵە عەبە ژوورەکە بەجێدەهێلێت)

مامۆستا محمد (روو لە (فراش)ە تازەکە) دەپرسێت:

چۆن بوو تۆیان هەڵبژارد کە بێیت بۆ ئەم قوتابخانەیە.

(فراش)ی تازە (بە شەرمەوە)دەڵێت:

لە راستیدا من (فراش)ی قوتابخانەیەکی کچانم، لە نزیکی مدیرییەتی معارف، بانگیان کردم، بۆ مدیرییەت و پێیانگووتم "کە (فراش)ەکەی قوتابخانەی دێی کانی بێئاو نەخۆشەو إجازەی وەرگرتووەو کەسێکیتر نیە کە ببێت بە جێنشینی، وامان بە باش زانی کە تۆ رەوانەی ئەوێ بکەین، تا إجازەکەی تەواو دەبێت،" منیش راستتان دەوێت، نەموێرا کە بڵێم ناتوانم و ناچار پەسەندم کرد.

مامۆستا فاتح:

(وەکوو ئەوەی کە لە خەوێکی قوول راچەڵکا بێت، لە ناکاو روو لە (فراش)ە تازەکە دەکات)و دەپرسێت:

چۆن، چۆن، باسی قوتابخانەی کچانت کرد، گووتت (فراش)ی قوتابخانەی کچان بوویت. (هەڵدەستێت و دەچێتە پاڵ (فراش)ە تازەکە)و پێیدەڵێت:

ئادەی کەمێک باسی قوتابخانەی کچانم بۆ بکە،(بە پرسیارەوە) چی دەکەن، و مامۆستاکان چۆنن و چۆن هەڵدەستن و دادەنیشن، چی لەبەر دەکەن، تا کوێیان دەردەکەوێت، لەگەڵ تۆدا چۆنن، تۆ چیت لەگەڵیان دەکرد.

(فراش)ی تازە زەق، زەق، تەماشای دەکات و پێدەکەنێت، مامۆستا محمد و کمالیش بێدەنگن و تەماشایان دەکەن.)

مامۆستا محمد (بیدەنگی دەشکێنێت، روو لە (فراش)ی تازە) دەڵێت:

دەی، دەی، باسی بۆ بکە، جەرگ و دڵی سووتاوە بۆ ئەو قسەو باسانە.

(فراش)ی تازە:

نازانم مامۆستا چۆن وڵامت بدەمەوە، جاروبار کورت لەبەر دەکەن و جاروباریش درێژ یا پانتۆڵ، بەڵام، من وەکوو (فراش)ێک خزمەتیان دەکەم و دەبێت چۆن بن لەگەڵ هەژارێکی وەکوو مندا.

مامۆستا فاتح دەپرسێت:

شەرمت لێناکەن ئەگەر لەگەڵتدا دانیشن، تاکوو کوێیان رووت دەبێت.

(فراش)ە تازەکە، من باوەڕ ناکەم کاتی ئەوەم هەبێت لەگەڵیاندا دانیشم، مەگەر بۆ کارێکی زۆر پێویست، بەڵام ئەوان ئازادن، چۆن هەڵس و کەوت بکەن و شەرمیش ناکەن چونکە وەک وتم من تەنها (فراش)ێکم و بەس.

مامۆستا فاتح دەپرسێت:

باشە ئەگەر گەنجێکی وەکوو من لەوێدا بم، بە بۆچوونی تۆ چۆن دەبن لەگەڵمداو چیم لەگەڵدا دەکەن.

(فراش)ە تازەکە:

ئەوە دەمێنێتە سەر رەفتاروو کرداری خۆت و بە چی شێوەیەک مامەلە لەگەڵ هەموویاندا دەکەیت، یا لەگەڵ یەکێکیاندا، هەموویان ئافرەتی بیرکراوەن و مامۆستای پیاویشمان هەیە لە قوتابخانەکەدا. (مامۆستا فاتح، قسەکەی دەبڕێت و بە سەرسامییەوە) دەپرسێت:

مامۆستای پیاویشی لێیە، باشە من دەتوانم خۆم (نقل)ی ئەوێ بکەم.

(فراش)ە تازەکە:

ئەوە دەمینێتەوە سەر ئەوەی کە چەند پێویستیان بە مامۆستا هەبێت و مدیریەتی معارفیش دەبێت، بڕیاری لەسەر بدات.

مامۆستا فاتح دەپرسێت:

باشە لە کاتی پشووی نێوانی وانەکاندا، ژووری ژن و پیاو جودایە، یا پێکەوە دادەنیشن.

(فراش)ە تازەکە:

هەموو پێکەوە لە ژووری مامۆستایان دادەنیشن.

مامۆستا فاتح دەپرسێت:

باشە من دەتوانم چییان لەگەڵدا بکەم.

(فراش)ە تازەکە:

ئەوەیان نازانم و داوای لێبووردن دەکەم، کە وڵامم پێنەبێت.

مامۆستا فاتح (خۆی راست دەکاتەوە دەستەکانی دەخشێنێت بە یەکداو روو لە مامۆستا محمد) دەڵێت:

تەواو مامۆستا محمد، خوا حافیز من رۆیشتم، تکایە فەرمانی گواستنەوەم بۆ بنووسە بۆ قوتابخانەیەکی کچان.

مامۆستا محمد:

نەیخۆیت تاڵە، وا بە ئاسانی، هێشتا تۆ دەبێت، چەند ساڵی دیکە لە دێیەکاندا مامۆستایی بکەیت، ئەوجا دەتوانیت داوای (نقل) بۆ شار بکەیت و کێ دەڵێت قوتابخانەی کچان دەبێت بە بەشت.

مامۆستا فاتح دەم دەنێت بە گوێی (فراش)ە تازەکەداو چەند شتێکی پێدەڵێت.)

(فراش)ە تازەکە بە (دەنگێکی بەرزەوە) دەڵێت:

ئەی چۆن ئەویش دەهێلن و دەبێت.

(مامۆستا فاتح. خۆی دەدات بە پشتدا لەسەر کورسییەکەو هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و بێدەنگ دەبێت و دەچێتە خەیاڵەوە.

مامۆستا کمال (تا ئەو چرکەیە بێدەنگ بووە) دەپرسێت:

نا، نا، وادەردەکەویت، (فراش)ە تازەکەمان، حەزی لە کەیف و (صفا)یە، وەک خاڵە عەبە تووڕەو مۆن و توونده (مذهب)نیە، خۆی لێکردووین بە بەڕێوەبەری پەروەردەو فێرکردن و (أمر)مان بەسەردا دەکات.

مامۆستا فاتح:

بەڵێ، بەڵێ، لە قسەکانی و روو خۆشییەکەیدا دەردەکەوێ، هەروایە، مامۆستا کمال.هەزار خۆزگە هەر لە سەرەتاوە ئەم برایە (فراش)ی ئێمە ببوایە (دەست بۆ ئاسمان بەرزدەکاتەوە)، خودایە نەخۆشییەکەی خاڵە عەبە هەمیشەیی بێت و هەرگیز نەگەڕێتەوە و هەر ئەم کاکەیەمان لەگەڵدا بمێنێتەوە.

مامۆستا کمال:

نا، نا، فاتح وا دەردەکەوێت، کە بەخت یاریدەرت بێت و ئەم برایە بە کەڵکت دێت .

مامۆستا محمد (روو لە فراش)ە تازەکە دەپرسێت:

ئەی کاکە ببوورە ئێمە لەبیرمان کرد بپرسێن نێوت چیە.

(فراش)ە تازەکە:

گەورەم نێوم، جلالە.

مامۆستا فاتح:

أهلا و سهلا.

جلال (دەست دەکات بە باخەڵێداو کاغەزێکی سپێ دەردەهێنێت و درێژی دەکات بۆ مامۆستا محمد)و دەڵێت:

بە یارمەتی، تکایە تەماشای ئەم کاغەزە بکە، لە شار فەرموویان کە بیدەم بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە.

مامۆستا محمد (کاغەزەکە وەردەگرێت و دەیخوێنێتەوە) و دەڵێت:

ئەم نامەیە بڕیاری ناردنی تۆیە بۆ قوتابخانەکەمان، بۆ ماوەی بیست ڕۆژ،کە دوای ئەوە (فراش)ە کۆنەکە، دەگەڕێتەوە.

مامۆستا فاتح:

چۆن، چۆن، بیست ڕۆژ، ئەوجا بیست ڕۆژ بە کەڵکی چی دێت، بەخوا دەبێت کارێکی وابکەین کە هەمیشەیی بێت و نەهێڵین کە عەبەی (فراش) بگەڕێتەوە.

مامۆستا کمال (قسەکانی مامۆستا فاتح دەبڕێت)و دەڵێت:

بەخودا کاک جلال ئەگەر لەگەڵماندا بگوونجێیت، ئەم ماوەیە بەخۆشی و شادی دەبەینە سەر.

جلال لە وڵامدادەڵێت:

إن شاءالله بە گوێرەی دڵتان دەبم، تا ڕۆژێک کە لێرەم.

مامۆستا محمد (روو لە مامۆستا فاتح) دەڵێت:

فاتح لەوەدایە، کاک جلال، زۆریش بە کەڵکت بێت، لە لایەن ئەوەوە.

مامۆستا فاتح دەپرسێت:

ئەو کێیە، مامۆستا محمد.

مامۆستا محمد:

ئەو، ئەو (بەسەر ئاماژە بۆ لایەک دەکات)، نازانی ئەوەندە (فەقیری)، وایش، وایش، وەرە، وەرە، بزانم دەتوانی پەنجەم بگەزێت (پەنجەی بۆ مامۆستا فاتح درێژ دەکات)، یا پێتخۆشە، نێوەکەی بە کاک جلال بڵێم.

مامۆستا فاتح:

نا، نا، تێگەیشتم باسی کێ دەکەیت، پێویست ناکات تۆ بێڵێیت، کەی کاتی هات خۆم پێیدەڵێم.

جلال (دێتە قسە)و دەپرسێت:

دەبێت چی بێت، ئەی بۆچی ئێستا نایڵێیت، چەند زووتر بیڵێیت، ئەوەندە باشترە.

مامۆستا کمال (خۆی تێکەڵ بە باسەکە دەکات)و دەڵێت:

نا، نا، کاکە، ئێستا نایڵێت، ئەوە کاتی تایبەتی و بە درێژی باسکردنی، دەوێت، چونکە، باسەکە، باسی ، دڵ و دڵدارییە.

جلال دەپرسێت:

دڵی چی لە رێ خودا، خۆ ناشێ حەزی لە کچێکی ئەم دێیە کردبێت و دڵداری لەگەڵدا بکات.

مامۆستا محمد:

خۆیەتی، چاک بۆی چوویت، دۆزیتەوە.

مامۆستا فاتح:

(دەم دەنێت بە گوێی جلالەوە، قسەی بۆ دەکات، خاڵە عەبە لە ناکاو دێتە ژوورەوە، روو لە مامۆستا محمد) دەڵێت:

خواردنی بەیانیتان ئامادەیە، فەرموون، قاوەڵتی بکەن.

مامۆستا محمد:

باشە، جارێ راوێستە، چەند خوولەکێکی دیکە دێین.

(خاڵە عەبە، دەیەوێت دەرچێت، پێش دەرچوون، مامۆستا فاتح سرنجی رادەکێشێت، کە دەمی ناوە بە گوێی جلالدا و بە دەست ئاماژە بۆ ئەملاو ئەولا دەکات، دەمی دوور دەخاتەوە، جلال بەسەر لەقاندنەوە) دەڵێت:

خوا گەورەیە، بزانین چۆن دەبێت، لە رۆژانی داهاتوودا.

(خاڵە عەبە راوێستاوەو تەماشای مامۆستا فاتح و جلال دەکات، بە دەست ئاماژە بۆ جلال دەکات و بە نیشانەی بانگکردن) و دەڵێت:

کاکە، کاکە، (فراش)ی تازە، ئەگەر زحمەت نابێت بە لاتەوە، دێیتە دەرەوە لەگەڵم، کەمێک کارم پێتە.

مامۆستا فاتح (روو لە خاڵە عەبە) دەڵێت:

دەک دەمت گێربێت یاخوا خاڵە عەبە، (فراش)ی تازە، (فراش)ی تازە (دەمی گێر دەکاتەوە، لاسایی خاڵە عەبە دەکاتەوە)، بۆ ناڵێیت، کاک جلال، (دەپرسێت) بۆچی نازانی نێوی (جلال)ە.

خاڵە عەبە ( بە نەرمییەوە):

بۆچی تووڕە دەبێت مامۆستا فاتح، من چۆن لە خۆمەوە نێوی بزانم، ئێوە بینیتان من نێوی لێبپرسم، ئەوە ئێستا زانیم کە تۆ پێمت گووت.، باشە کاک جلال زحمەت نەبێت، دێیتە دەرەوە لەگەڵم.

مامۆستا کمال:

خاڵە عەبە راست دەکات، فاتح، ئەو هەژارە لە کوێ بوو، کە ئێمە نێویمان پرسی، پێویست ناکات خۆتی لێتووڕە بکەیت.

مامۆستا فاتح:

باشە، باشە، تێگەیشتم، خۆتمان لێمەکە بە پارێزەر.

مامۆستا محمد (روو لە جلال)دەڵێت:

جلال، جارێ وەرە دانیشە، چەند نهێنییەک هەیە، با، بۆ تۆی باس بکەم و روون بکەمەوە تا ئاگاداری بیت وهاوکارمان بیت و بە کەڵکمان بێیت و یارمەتیمان بدەیت، تا رۆژێک کە لەگەڵماندا دەبیت.

جلال (نزیک دەبێتەوەو لەسەر یەکێک لە کوورسییەکان دادەنیشێت) و دەڵێت:

فەرموو مامۆستا محمد، بەسەر چاو من لەگەڵتاندام بۆ هەموو یارمەتیدانێک تاوەکوو لەم قوتابخانەدا دەبم.

مامۆستا محمد:

زۆر سوپاس. یەکەم، مامۆستایەکی دیکەمان لەگەڵدایە، بەڵام پیاوێکی زۆر روو گرژو و خراب و ئاژاوەکارە، هەرگیز خۆتی لێنزیک مەکەرەوەو رووی مەدەرێ، تا تووشی زیانت نەکات و ناویشی (علي)ە.دووهەم، ئێمە هەرسێکمان کاغەز یاری دەکەین لەسەر پارەو

لەگەڵیدا مشروب دەخۆینەوە، ئەوجا داوام وایە لە تۆ، کە تا لێرەدای بە ڕێکووپێکی، پێویستییەکانمان بۆ ئامادە بکەیت و کە تەواویش بووین سەر مێزەکە پاکدەکەیتەوەو شووشەکان فڕی دەدەیت و ئەوجا دەڕۆیت، بۆ خۆت پشوو دەدەیت. سێهەم، بەیانییان، بە هیچ شێوەیەک، دەنگە دەنگ ناکەیت و ئێمە لە خەو هەڵناستێنی، تا خۆمان هەڵدەستێین و ئەوجا خواردنی بەیانیمان بۆ ئامادە دەکەیت.

جلال (دەست دەخاتە سەرچاوی)و دەڵێت:

بەسەر چاو مامۆستا، بەڵام، کوا مامۆستا علي دیار نیە و لە کوێیە، لەو کاتەوە گەیشتووم، نەهاتووەتە ئەم ژوورەوە تا بیبینم و بیناسم.

مامۆستا محمد:

خودا شێتی کردووەو خەریکی وانە گووتنە و ئەم پۆل و ئەو پۆل دەکات و لە بەیانی زووەوە، خەریکەو بۆ خوولەکێکیش پشوو ناداتو خۆی بەم منداڵە دەشتەکییانەوە ماندوو دەکات.

جلال لە مامۆستا محمد دەپرسێت:

ئەی چۆنە ئێوە ناچنە پۆلەکانەوە بۆ وانە گووتنەوە.

مامۆستا کمال (خۆی تێکەڵ بە گووتووبێژەکە دەکات )و بەر لە مامۆستا محمد دەڵێت:

کورە وانەی چی، بە خودا، لەوەتەی قوتابخانە کراوەتەوە، هێشتا بە تەواوی من وانەیەکم نەگووتووەتەوە.

مامۆستا فاتح (بە پێکەنینەوە):

بە خودا منیش بە هەمان شێوە.

مامۆستا محمد:

باسی من هەر مەکە (وشە درێژ دەکاتەوە)، ئەویش بزانە من بەڕێوەبەرم و کەس بۆی نیە ڕەخنەم لێبگرێت و بەڕێوەبەر بۆی نیە پشتی مێزەکەی بەجێ بهێڵێت، ئەگەرچی وانەی ئینگلیزیشم گرتووەتە ئەستۆی خۆم.

مامۆستا فاتح (ڕوو لە مامۆستا محمد) دەپرسێت:

کام مێز، مامۆستا محمد، مێزی قومار، یا مێزی، مشروب.

مامۆستا محمد:

هەردووکیان، قوربان.

مامۆستا فاتح (ڕوو لە جلال) دەپرسێت:

بێگومان کاک جلال، تۆش مشروب دەخۆیتەوە.

جلال:

نەخێر مامۆستا، من لەبەر بارودۆخی نالەباری تەندرووستیم، ناتوانم مشروب بخۆمەوە.

مامۆستا فاتح:

ئەی خوا سەلامەتت بکات، خۆی مشروب دەرمانی هەموو دەردوو نەخۆشییەکە.

جلال وڵام ناداتەوەو (دیسانەوە ڕوو لە مامۆستا محمد) دەپرسێت:

ئەگەر وایە، هەروا دادەنیشن و هیچیتر. بێزار نابن لە دانیشتن، (بە پرسیارەوە)

مامۆستا محمد:

شەوان تا دەمەو بەیان یاری دەکەین و دەخۆینەوە و لە پاشان دەخەوین تا دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ، ئیتر بەو جۆرە رۆژەکان دەبەینە سەر، تەنها مامۆستا علي نەبێت، وەک گووتم خۆی شێت کردووەو لە بریتی ئێمەش وانەکان دەڵێتەوە.

جلال (ئارام و نەرم وڵام دەداتەوە)و دەڵێت:

شتێکی زۆر چاکە، منیش وەکوو ئێوە دەکەم.

مامۆستا فاتح (روو لە جلال) دەڵێت:

بەڵام من کاک جلال، من نهێنییەکت پێدەڵێم، کە لە هەموو ئەوانەی کە باسکران گرنگترەو (لە ناکاو دەرگاکە دەکرێتەوەو مامۆستا علي دێتە ژوورەوە، هەموو بێدەنگ دەبن)

مامۆستا علي:

ئەم کاتەتان باش، (هەموو وڵام دەدەنەوە)

(مامۆستا علي لەسەر یەکێک لە کورسییەکان دادەنیشێت.)

مامۆستا محمد (روو لە مامۆستا علي) دەپرسێت:

مامۆستا علي وابزانم ئەم مێوانەمان ناناسیت. (ئاماژە بۆ جلال دەکات).

مامۆستا علیدەڵێت:

نەخێر مامۆستا محمد نایناسم.

مامۆستا محمد:

ئەم کاکەیە (فراش)ی تازەمانەو نێوی کاک جلالەو لە شوێنی خاڵە عەبە کارمان بۆ دەکات، تا ئەو نەخۆشییەکەی چاک دەبێت و دەگەڕێتەوە.

(مامۆستا علي هەڵدەستێتە سەرپێ و دەست بۆ جلال درێژ دەکات و تەوقەی لەگەڵدا دەکات) و دەڵێت:

یاخوا بەخێر بێیت، ببوورە نەتمناسی.

جلال (زۆر بە ڕێزەوە) دەڵێت:

زۆر سوپاس، منیش داوای لێبووردن دەکەم کە نەتمناسی.

(دەرگاکە دەکرێتەوەو خاڵە عەبە دێتە ژوورەوە)و دەڵێت:

بەس نیە، دە هەستن و نانی بەیانیتان بخۆن، تا سارد نەبووەتەوەو منیش بڕۆمەوە بۆ ماڵ (إستراحة)یێک بکەم، پشتم زیرەی دێت لە ئێش و ئازاردا (دەستەکانی دەخاتە سەر نێوتەنگای خۆی و خۆی بەرەو پشتەوە گێڕ دەکاتەوەو دەست دەکات بە بەرباخەڵی خۆیداو دوو کلیل دەردەهێنێت و دەچێتە پێشەوە بەرەو جلال و کلیلەکانی دەداتێ و ئەویش لێیوەردەگرێت) و دەڵێت:

ئەمەش کلیلی ژوورەکانە، با لای تۆ بێت، تا من دەگەڕێمەوە، بەڵام ترست نەبێت جاروبار دێم سەرت لێدەدەم و تۆش لە کاتی (استراحة)دا، تشریف بێنە بۆ ماڵمان و چاییەکمان لەگەڵدا بخۆرەوە.

(ڕوو لە هەموویان، دە هەڵسن، با خواردنەکان سارد نەبنەوە، بەس نیە دانیشتن. هەموو هەڵدەستنە سەرپێ، نەرم، نەرم،

بەرەو دەرگاکە دەکەونە ڕێ، لە ناکاو دەرگاکە دەکرێتەوە، دوو قوتابی دەردەکەون)

یەکێکیان (ڕوو لە مامۆستا محمد) دەڵێت:

مامۆستا ئەمڕۆ وانەی ئینگلیزیمان هەبوو، نەهاتی، هەمووومان چاوەڕوانین، نایەیت (دەپرسێت).

مامۆستا محمد (بە تووڕەییەوە) دەڵێت:

وەل بە ئێستا وەختی وانە گووتنەوەیە، من خەریکە لە برساندا دڵم دەبوورێتەوە. (قوتابییەکە، سەر دادەگرێت و دەکشێتەوە).

قوتابی دوهەم (ڕوو لە مامۆستا فاتح) دەپرسێت:

مامۆستا فاتح، ئێمەش وانەی حسابمان هەیە، نایەیت وانەمان پێ بڵێیتەوە.

مامۆستا فاتح (پەلاماری دەداو دەیگرێت و بە هەموو هێزی دەستی گوێی دەگووشێت )و دەڵێت:

ئەم جارەیان قەیدی نیە، هاتیتە ژوورەوە، بەڵام جارێکی دیکە، بەم شێوەیە بێیت، هەردوو چاووت دەردەهێنم و دەیخەمە نێو دەستەکانتەوە، (بە پرسیارەوە) تێگەیشتی، (زلەیەکی لێدەدات و پاڵێکی پێوە دەنێت و منداڵەکە دەکشێتەوە).

مامۆستا علي (ڕوو لە مامۆستا فاتح) دەپرسێت:

بۆ، بۆ مامۆستا فاتح، بەم شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەیت، بە ئارامی وڵامی بدەرەوەو ئیتر بۆ لێیدەدەیت.

مامۆستا فاتح:

چاوی دەردەهێنم، با تۆبە بکات و جارێکی دیکە، نەیەتە ژووری مامۆستایانەوەو ئەو پرسیارە بکات، نایەیت وانەمان پێبلێیت، (بە دەنگ لاسایی منداڵەکە دەکاتەوە، هەمووان، یەک لە دوای یەک ژوورەکە بە جێدەهێلن.)

## پەردە دادەکشێت

# پەردەی پێنجەم

شوێن:

هەمان ژووری پێشوو، ژووری بەڕێوەبەر.

پاش تێپەڕبوونی (٢٠) بیست رۆژ.

(جلال لەسەر کورسییەک دانیشتووە، خاڵە عەبە بە تەنیشتییەوە، راوێستاوە.)

خاڵە عەبە:

باشە مامۆستا، ئەمڕۆ بیست رۆژەکە کۆتایی پێهات و منیش گەڕامەوە بۆ سەر کار، ئێستا نزیکی نیوەڕۆیەو لیژنەکە دەرنەکەوت، مەگەر بڕیار نەبوو کە ئەمڕۆ تشریف بهێنن.

جلال (بە ئارامی) دەڵێت:

پەلە مەکە، خاڵە عەبە، (صبر)ت هەبێت، دەگەن، هەر ئێستا، دەگەن.

خاڵە عەبە:

بە خودا لەم کاتەدا بگەیشتبایەن، زۆر باش دەبوو، چونکە جگە لە مامۆستا علي، ئەوانی دیکە هێشتا هەر نوستوون.

جلال دەڵێت:

دێن، دێن، هەر ئەوەندەتزانی کردیان بە ژووردا.

خاڵە عەبە دەپرسێت:

باشە مامۆستا، ئەو کارانەو ئەو ڕەفتارانەی، کە لەو بیست ڕۆژەی رابووردوودا ئەنجامیانتداوە، لە بیرت ماوە.

جلال دەڵێت:

خاڵە عەبە گیان، تۆ چیدەڵێیت، بە خودای لەم بیست ڕۆژەی رابووردوودا، ئەوەی کردوویانە، گووتوویانە، کە من بە چاووی خۆمبینیومە، نە تەنها هەر لە بیرم ماوە، بەڵکوو، خاڵ بە خاڵیانم نووسیوەو ڕەوانەی شاریشم کردووەو ئەوانیش لە هەر هەمووی ئاگادارن.

خاڵە عەبە (بە سەرسامییەوە):

هەی بارک اللە، هەزار ئافەرین، مامۆستا گیان، خوای گەورە تەمەن درێژت بکات، بەڕاستی بە تواناو دڵسۆزی.

جلال (پەنجە دەخاتە سەر دەمی خۆی و ڕوو لە خاڵە عەبە) دەڵێت:

ئارام، ئارام، خاڵە عەبە، دەنگت بەرز مەکەرەوە، با گوێیان لێنەبێت و هەڵسن لە خەو.

خاڵە عەبە دەپرسێت:

مامۆستا، خۆ باسی مامۆستا فاتح و کچەکەی کاکە عەوڵاتیش نووسیوە و لە بیرت نەچووە.

جلال دەڵێت:

چۆن لە بیرم دەچێت، ئەوە لە هەموو کردەوەکانی دیکەیان ناشێرینترو بێویژدانەترە، چونکە لەوە ناخۆشتر نیە، کە یەکێکی وەکوو

مامۆستا فاتح، لە رێگەی کانی، شەڕ بەو کچە بە ئابڕو و پاکە بفرۆشێت و تانەی لێبدات.

خاڵە عەبە (دەست دەدات بە یەکدا)و دەڵێت:

ئاخ، ئاخ، مامۆستا، هەمووی خەتای منە، ئەگەر من نەبوایەم، ئێستا دوو مانگ بوو، مامۆستا فاتح، کوژرابوو.

جلال دەپرسێت:

چۆن کوژرابوو، خاڵە عەبە.

خاڵە عەبە (دەپرسێت):

ئەی بۆتم نەگێراوەتەوە

جلال:

نە بەخودا خاڵە عەبە، باست نەکردووە. هەر ئەوەندەت گووت، کە مامۆستا فاتح، شەڕی بە کچێک فرۆشتووەو ئیتر نەتگووت، چۆن و کەی.

خاڵە عەبە:

رۆژێکیان، کچەکەی کاک عەوڵا، لای باوکی شکات دەکات و پێیدەڵێت، کە یەکێک هەیە لە پەنجەرەی قوتابخانەکەوە، هەمیشە مل دەردەکاتە دەرەوەو تەماشای ماڵێ ئێمە دەکات و جارێکیش لە رێی کانی کەوتە شوێنم و هەر قسەی بۆم دەوەشاند و من لە ترسدا، بە پەلە خۆم گەیاندە ماڵەوە.

جلال بە (سەرسامییەوە) دەپرسێت:

بەراستی، ئەم کارەشی کردووە.

خاڵە عەبە:

ئەری بە خودا.

جلال دەپرسێت:

ئێ، دوای ئەوە چی روویدا.

خاڵە عەبە:

کاکعەوڵاش بەڵکوو بیستبێتت، ئاگر لەسەر ئاو دەکاتەوە، نایکات بە نامەردی، دەست دەبات بۆ پیرە برنەوەکەی و دەیەوێت هێرش بهێنێت بۆ قوتابخانەکەمان، بەڵام خێزانەکەی و کچەکەی، پێشی لێدەگرن و دەکەونە دەست و پێ و تکای لێدەکەن، کە ئێستا تووڕەی، مەڕۆ بێگوومان دەیکوژیت، کەی سارد بوویتەوە، ئەوجا چیدەکەیت بیکە، ئێستا گرفتاری بۆ خۆت درووست مەکە، بە تەواویش نازانین کێیە؛ کەی پەیدامان کرد کامیانن، ئەوجا، هەرچی دڵت دەیەوێت، بیکەیت، بیکە. کاک عەوڵاش دەڵێت، هەر دەیدۆزمەوە، کێیە و هەر دەبێت بیکووژم، ئەی لەسەر ناموس و شەرەفی خۆم نەیکوژم، ئەی دەبێت چی لێبکەم. ژنەکەی و کچەکەی بەهەر شێوەیەک دەبێت، رازی دەکەن و نایەلن بێت بۆ ئێرە.

جلال دەپرسێت:

باشە، کە پێشیان لێگرتووە، دوای ئەوە کاکە عەوڵا، چیکرد، وازی لێهێنا، یا شتێکیتر.

خاڵە عەبە:

وازلێهێنانی چی مامۆستا گیان، کاک عەوڵا، ناردی بە شوێن مندا، رۆیشتم، هەزار رجاو تکام لێکرد، تا توانیم کەمێک ساردی

بکەمەوە، بەڵام گووتی، ئەگەر جارێکی دیکە ئەو کارانەی کە کردوویەتی، هەر کەسێک بێت و لە پەنجەرەوە تەماشای ماڵی من بکات، لەسەر بانەوە دەیدەمە بەر گوولەو مێشکی دەپەڕێنم، ئەگەر دوای ئەوە لە سێدارەشم بدەن. منیش کە گەڕامەوە بۆ قوتابخانەو ئەوەی کاک عەوڵا گووتی، هەمووم بۆ مامۆستا فاتح گێڕایەوە، یەک، دوو هەفتە، وازیهێناو دوورکەوتەوە لە پەنجەرەکەو لە ملە تاتکێ و چوون بۆ ڕێی کانی؛ بەڵام، دوای ئەوە دیسانەوە، دەستی پێکردەوە، زۆر دەترسێم، ڕۆژێک کابرا بیبینێت و بیکووژێت وگرفتێکی گەورە بۆ خۆی و بۆ هەموو لایەکمان و قوتابخانەکەمان و دێیەکەشمان درووست بکات. ترسی گەورەتریشم ئەوەیە، خوانەکەران، یەکێکیتر لە مامۆستاکان، بە بێ هیچ مەبەستێکی خراب، لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوە بکات، کاک عەوڵا بیبینێت و بیداتە بەر گولەی تفەنگ.

جلال (زۆر بە دڵنیاییەوە) دەڵێت:

نا، نا، خاڵە عەبە، ترست نەبێت، بەر لەوەی بکووژرێت، ئەو یا کەسێکی دیکە، لێرە دەردەکرێن و نامێنن.

خاڵە عەبە دەپرسێت:

تۆ بڵێیت وا بێت.

جلال:

دڵنیابە و بێگوومان وا دەبێت.

خاڵە عەبە:

یاخوا هەر وابێت و بڕۆن و رزگارمان بێت لە دەستیان.

( لە ناکاو دەنگی ئۆتۆمۆبیلێک دێت، جلال رادەپەڕێت) و دەڵێت:

بەڵێ دەنگی ئۆتۆمۆبیلێک هات، وابزانم، خۆیانن.

خاڵە عەبەش رادەپەڕێت و دەردەکەوێت و لە دوورەوە دەنگی فەرموو، فەرمووی خاڵە عەبە دێت. جلال بە پەلە کورسییەکان، رێکدەخات، دەرگاکە دەکرێتەوە، بەڕێوەبەری پەروەردەو فێرکردن، بەر لەوانی دیکە دێتە سەر شانوو، جلال بەرەو رووی دەڕوات و باوەشی پێدا دەکات، یەکتر ماچ دەکەن، دوای ئەو دوو (مفتش)ەکەی دیکە، نەریمان و حسیب. بە هەمان شێوە جلال باوەشیان لێدەدات و هەموو دادەنیشن. خاڵە عەبەش دێتە ژوورەوە، بەخێرهاتنیان لێدەکات، خاڵە عەبە بە پێوە رادەوەستێت).

بەڕێوەبەری پەروەردە (روو لە جلال) دەپرسێت:

ئێ مامۆستا ستار، ئەم بیست رۆژەت چۆن بردەسەر. هیوادارم زۆر ماندوو نەبووبێتی. بەراستی، نازانم بە شێوەیەک سوپاست بکەم.

جلال دەڵێت:

سوپاسی پێناوێت و ئەرکێکی سەر شانم بوو و سوپاس بۆ خودا بە باشی ئەنجاممدا.

بەڕێوەبەری پەروەردە:

دەستەکانت خۆش و دیسانەوە سوپاس. ئەی مامۆستاکان، لە کوێن (دەپرسێت).

جلال (زۆر بە نەرمی) دەڵێت:

مامۆستا علي نەبێت کە لە کاتژمێری هەشتەوە خەریکی وانە گووتنەوەیە، ئەوانی دیکە هێشتا نووستوون.

بەڕێوەبەری پەروەردە (بەسەرسامییەوە) دەپرسێت:

سەعات یازدەیەو، هێشتا نووستوون،

(بەر لەوەی جلال وڵام بداتەوە) خاڵە عەبە دەڵێت:

گەورەم، هێشتا لە کوێیانە، لە دوازدەی نیوەڕۆ بە دوواوە، ئەوجا، کەم کەم، دەکەونە جوولە جوول و سەر بەرز دەکەنەوە.

بەڕێوەبەری پەروەردە:

بەخوای باشە، زۆریش باشە.

جلال (روو لە بەڕێوەبەری پەروەردە) دەپرسێت:

بێگوومان ئەو راپۆرتانەی کە رەوانەی بەڕێزتانم دەکرد، بە تەواوی گەیشتوون.

بەڕێوەبەری پەروەردە:

بەڵێ، بەڵێ، مامۆستا ستار هەموو گەیشتوون و بە تەواوی لەگەڵ ئەم بەڕێزانەدا (ئاماژە بۆ نەریمان و حسیب) باس و گفتووگۆمان لەسەریان کردووە.

جلال :

زۆر باشە، دەستی هەمووتان خۆش بێت.

بەڕێوەبەر (روو لە خاڵە عەبە) دەپرسێت:

تۆ چۆنی خاڵە عەبە.

خاڵە عەبە:

لە سایەی سەری ئێوەوە، من باشم.

بەڕێوەبەری پەروەردە دەپرسێت:

کەی دەوامت کرد.

خاڵە عەبە، ئەمڕۆ قوربان.

بەڕێوەبەری پەروەردە:

زۆر باشە.زەحمەت نەبێت، مامۆستاکان لە خەو هەڵناستێنی، (خاڵو عەبە دەیەوێت دەرچێت)، نا، نا، تۆ مەڕۆ، (روو لە جلال) مامۆستا ستار تکایە دوا کاریشمان بۆ ئەنجام بدەو خۆت هەڵیان بستێنە.

(مامۆستا ستار هەڵدەستێت و شانۆ بەجێدەهێلێت).

بەڕێوەبەر (روو لە خاڵە عەبە) دەپرسێت:

ئەی مامۆستا علي لە کوێیە.

خاڵە عەبە:

قوربان، لە بەیانی زووەوە، خەریکی وانە گووتنەوەیە، نە تەنها بۆ پۆلەکەی خۆی، بەڵکوو بۆ پۆلەکانی مامۆستایانی دیکەش، تا، قوتابییەکان لە خوێندن، دوا نەکەون.

بەڕێوەبەری پەروەردە:

زەحمەت نەبێت، بڕۆ بانگی بکە، با ئەویش بێت بۆ ئێرە.

(خاڵە عەبە شانۆ بەجێدەهێلێت)

(مامۆستا نەریمان (مفتش)، جانتاکەی لەسەر زەمین بەرزدەکاتەوەو لەسەر رانەکانی دایدەنێت و فایلێک و چەند کاغەزێک دەردەهێنێت و لەسەر کورسییەکەی تەنیشتی خۆی دایان دەنێت).

بەڕێوەبەری پەروەردە (ڕوو لە هەردوو مفتش) دەپرسێت:

ئێوە ئەم بەڕێوەبەروو مامۆستایانەتان، لەمەو پێش بینیوە.

مامۆستا حسیب وڵام دەداتەوە:

من هیچکامیانم نەبینیوە و هەر لەسەرەتاشەوە نێوەکانیشیان ئاشنا نەبوون لای من.

مامۆستا نەریمان:

منیش بە هەمان شێوە.

(دەنگی یەکێک لە مامۆستا نووستووەکان، دەگاتە سەر شانوو و بەڕێوەبەری پەروەردەو هەردوو (مفتش)ەکە گوێیان لێیدەبێت کە بە دەنگێکی بەرزەوە) دەڵێت:

شێت بوویت جلال، بەم بەیانی زووە لە خەومان هەڵدەستێنیت، دە بڕۆ وازمان لێبێنە، تۆش خەریکە وەکوو عەبەی (فراش)ت لێبێت.

(دەنگی جلال ناگاتە ئەو ژوورەی کە بەڕێوەبەری پەروەردەو (مفتش)ەکانی تێدا دانیشتوون، بەڵام لە دەنگی بەرزی یەکێک لە مامۆستاکان دەردەکەوێت، کە جلال پێیانی گووتووە، مێوانتان بۆ هاتووە، کە دیسان بە دەنگێکی بەرزەوە) دەڵێت:

مێوانی چی، تۆ دیارە شەو خراب نووستووی، بەم بەیانی زووە میوان بۆچی دێت بۆ لای ئێمە.

جلال بە دەنگێکی کەمێک بەرزەوە کە بگاتە ژوورەکەی دیکە:

باشترە کە هەستن و کتووپڕ بێن بۆ ژووری ژوورەکەی دیکە، مێوانەکان لەوێدا، چاوەڕوانتانن. ئەگەر دەتانەوێت بزانن کێن، پێتان

دەڵێم کە بەڕێوەبەری پەروەردەو فێرکردنەو لیژنەیەکی تایبەتیشی لەگەڵدایە. پێویست ناکات جلەکانیشتان بگۆڕن، چونکە زۆر لەوێدا نامێننەوە.

(کەمێک بێدەنگی، جلال دێتەوە سەر شانۆ، هەرسێ مامۆستاکەش بە شوێنیدا بە جلی نووستنەوە)

هەرسێکیان پێکەوە:

سلام علیکم، یاخوا بەخێر بێن.

(بەڕێوەبەر و ئەوانی دیکەش بە ساردی و بە نەرمییەوە وڵامیان دەدەنەوە، هەرسێکیان وشک رادەوێستن و سەر بەرزناکەنەوە)

بەڕێوەبەری پەروەردە (روویان تێدەکات) و دەڵێت:

سوپاس، سوپاس، بژین مامۆستایان، هەڵگرانی مەشخەڵی رووناککەرەوەی رێگەی تاریک، لە پێش ئەندامانی نەتەوەکەمان، بژین دڵسۆزانی گەڵ و نیشتمان، صحتی خەو، ببوورن لەخەوتانمان کرد و نەمانهێشت تێرخەو ببن.

مامۆستا محمد (بە دەنگێکی پڕ لەرزەوە) دەڵێت:

قوربان بە داوای لێبووردنەوە، ئەگەر راستتدەوێت، من شەوی رابووردوو، زۆر درەنگ نووستم، هەمووی خەریکی خوێندنەوەی کاغەزی تاقیکردنەوەی وانەی ئینگلیزی قوتابیان بووم.

بەڕێوەبەری پەروەردە:

ئافەرین، ماندوو نەبیت، ئەگەر وایە، زەحمەت نەبێت، کاغەزەکانمان بۆ ناهێنیت تا تەماشایان بکەین و بزانین رادەی زانینی ئینگلیزیان لە چی ئاستێکدایە.

(مامۆستا محمد زۆرتر دەکەوێتە لەرزەلەرز و بە پەلە بەرەو مێزەکەی خۆی دەڕوات، سەر مێزەکەی، سەروو نێوی دۆلابەکەو ژێر مێزەکەی و شوێنەکانی دیکەش دەپشکنێت) و بە دەنگێکی بەرزەوە (بەبێ ئەوەی تەماشایان بکات) دەپرسێت:

عەبە، جلال، وەرن بزانم. ئەو کاغەزانەی لەسەر مێزەکەم دانابوو، چییان لێهات.

خاڵە عەبە . (بەپاڵ دەرگاکەوە راوێستاوە) دەڵێت:

دوێنی شەو کە من لێرە نەبووم و تا ئێستاش من بە چاوی خۆم نەمبینیوە، منداڵەکان امتحان بکەیت و وەرەقەکانیان، تەماشا بکەیت.

جلال (بە نەرمە زەردەخەنەوە، روو لە مامۆستا محمد) دەڵێت:

فەرموو مامۆستا چیت دەوێت.

مامۆستا محمد:

خۆ دوێنی شەو تۆ لێرەبوویت و هەموو شتێکت بە چاوی خۆت دەبینی، (دەپرسێت) کوا کاغەزەکانی تاقیکردنەوەی قوتابیان، کە لەسەر مێزەکەم دانابوو.

جلال (زۆر بە ئارامی) دەپرسێت:

کاغەزی چی، مامۆستا محمد، کەی تۆ کاغەزت لێرە دانابوو.

مامۆستا محمد (روو لە کەمال و فاتح) دەپرسێت:

کمال، فاتح، ئێوە نازانن، کاغەزەکانم لە کوێ داناوە.

هەردووکیان پێکەوە دەپرسن:

کاغەزی چی، کوا، شەو تۆ هاتیتە ئەم ژوورەوە.

(مامۆستا محمد بەرەو دەرگاکە بە پەلە دەڕوات و لەبەر خۆیەوە) دەڵێت:

وا دیارە لە ژووری نووستن جێمهێشتوون.

(شانۆ بەجێدەهێلێت و لە پشت خۆی دەرگاکە، دادەخات).

(دەرگاکە دەکرێتەوە، مامۆستا علي لەگەڵ خاڵە عەبە دێنە سەرشانۆ).

(مامۆستا علي بە روویەکی شاد و دەم بە پێکەنینەوە، سەڵاویان لێدەکات، هەموویان هەڵدەستنە سەرپێ و دەستییان دەگووشێت و بەگەرمی بەخێرهاتنیان دەکات.

(هەموویان دادەنیشن، فاتح و کمال و جلال و خاڵە عەبە نەبێت بە پێوە رادەوێستن).

بەڕێوەبەری پەروەردە (روو لە کمال و فاتح) دەپرسێت:

باشە، زانیمان کە مامۆستا محمد، درەنگ نووستووە، چونکە خەریکی تەماشای کاغەزی تاقیکردنەوەی قوتابیانی وانەی ئینگلیزی بووە، ئەی ئێوە، چی.

مامۆستا کمال (بە دەنگێکی پڕ لەرزەوە) دەڵێت:

بە خودا من، دوور لە ئێوە، یەک دوو ڕۆژە زۆر نەخۆشم، بەو هۆیەوە ئەمڕۆ کەمێک زۆرتر لە جێگەی نووستندا مامەوە. (روو لە جلال) دەپرسێت:

وانیە جلال (جلال وڵام ناداتەوە)، لەگەڵ تۆمە، بۆ وڵام نادەیتەوە (جلال بێدەنگەو تەماشای ناکات).

بەڕێوەبەری پەروەردە:

کەمێک لەسەر خۆت، دەنگت بەرزمەکەرەوە، تێگەیشتین کە تۆ نەخۆش بوویت (روو لە مامۆستا فاتح) دەپرسێت:

ئەی تۆ چی مامۆستا فاتح.

مامۆستا فاتح (بە قسەکردنێکی بچڕاو بچڕەوە) دەڵێت:

دوێنێ تا ئێوارەیەکی درەنگ خەرێکی وانە گووتنەوە بووم بە قوتابیانی پۆلی پێنجەم و شەشەم، چونکە کەمێک لە ماتماتیک لاوازن و دوواکەوتوون و بە باشمزانی، کە بۆ چەند هەفتەیەک دوای دەوام و بە ئێواران وانەی زیادەیان پێ بڵێم، بۆیە دوێنی یەکێک لەو رۆژانە بوو کە زۆر ماندوو بووم، بەو هۆیەوە، ئەمڕۆ زۆرتر لە رۆژانی رابووردوو نووستم.

بەڕێوەبەری پەروەردە:

زۆر باشە ئافەرین، قوتابیان هەموو ئامادە ببوون دوێنێ ئێوارە، لە پاش دەوام.

مامۆستا فاتح:

بەڵێ، بەڵێ، قوربان، بە بێگوومان.

بەڕێوەبەری پەروەردە (روو لە جلال) دەپرسێت:

جلالی (فراش) تۆ دوێنی ئێوارە لێرە بوویت، راستە کە مامۆستا فاتح، سەر لە ئێوارە وانەی زیادەی بە قوتابیان گووتووەتەوە.

جلال لە وڵامدا دەڵێت:

نەخێر قوربان راست نیە.

مامۆستا فاتح (بە تووڕەییەوە) دەڵێت:

چۆن وانیە، بۆ درۆ دەکەیت، وانەکانم لەو کاتانەدایە، کە ئێواران تۆ بۆ خۆت دەنویت.

جلال (بە پێکەنینەوە)دەپرسێت:

من ئێواران دەنووم.

بەڕێوەبەر (بەرلەوەی مامۆستا فاتح وڵام بداتەوە) دەڵێت:

باشە، باشە، ئەوا زانیمان جلال نووستبوو (روو لە خاڵە عەبە) دەڵێت:

خاڵە عەبە زەحمەت نەبێت بڕۆ قوتابییەکی پۆلی شەشەممانبۆ بانگ بکە، با بێت بۆ ئێرە.

(خاڵە عەبە بە پەلە شانۆ جێدەهێلێت، کەمێک بێدەنگی).

دەرگاکە دەکرێتەوە، خاڵە عەبە دێتە ژوورەوە لەگەڵ قوتابییەکدا.

بەڕێوەبەری پەروەردە (روو لە قوتابییەکە) دەڵێت:

وەرە پێشەوە کوڕم، وەرە، هەر پرسیارێکت لێدەکەم، راست بڵێ و مەترسێ.

قوتابییەکە دەڵێت:

باشە، بەسەر چاو.

بەڕێوەبەری پەروەردە دەپرسێت:

لەم ڕۆژانەی رابووردوودا، چەند جار بۆ وانەی زیادە، دوای دەوام و سەر لە ئێواران، هاتوویت لەگەڵ قوتابیانی دیکەدا، بۆ قوتابخانەو مامۆستا فاتح وانەی پێتان گووتووەتەوە.

قوتابییەکە دەڵێت:

هەرگیز نەهاتووم.

(مامۆستا فاتح قسەی قوتابییەکە دەبڕێت و بە توورەییەوە) دەپرسێت:

هەی درۆزن، دوێنێ بەر لە رۆژئاوابوون، هەمووتان نەهاتن و من وانەی حسابم ، پێتانگووت.

قوتابییەکە دەڵێت:

نە بەخوا نەهاتی و وانەی حسابیشت پێنەداین و تۆ (دەست بۆ مامۆستا فاتح درێژ دەکات) تاوەکوو ئێستا لە کاتی دەوامدا، وانەی حسابت پێنەداوین، چی بگاتە دوای دەوام و سەر لە ئێواران.

(مامۆستا فاتح دەیەوێت قسە بکات، بەڕێوەبەر رایدەگرێت) دەڵێت:

بەسە، بەسە، لەسەری مەڕۆ، هەموو شتێک تێگەیشتین (روو لە قوتابییەکە دەکات) و دەڵێت:

ئافەرین، کورم، ئافەرین، دەتوانیت بڕۆیت. (قوتابییەکە شانۆ بەجێدەهێلێت. بەڕێوەبەری پەروەردە روو لە فاتح و کمال دەکات) و دەڵێت:

دانیشن، دانیشن، (هەردوو دادەنیشن، جلال و خاڵە عەبە هەر بەسەر پێوە راوێستاوون.

بەڕێوەبەری پەروەردە (روو لە خاڵە عەبە) دەڵێت:

خاڵە عەبە زەحمەت نەبێت، بڕۆ مامۆستای محمد بانگە بکە، چووە لە ژووری نووستنەکەیان، کاغەزی تاقیکردنەوەی قوتابیان بهێنێت. دەیەوێت فێل لە ئێمە بکات.

(خاڵە عەبە شانۆ بەجێدەهێلێت، ماوەیەک بێدەنگی، دەرگاکە دەکرێتەوە، مامۆستا محمد و خاڵە عەبە دێنە ژوورەوە، مامۆستا محمد لە شەرماندا وشک رادەوەستێت و چاو بەرزناکاتەوە)

بەڕێوەبەری پەروەردە (روو لە مامۆستا محمد) دەڵێت:

دانیشە، دانیشە،(مامۆستا محمد دادەنیشێت) دەزانم کاغەزەکانت بۆ نەدۆزرایەوە، رەنگە مشک خواردبێتیانی یا، با بردبێتیانی.

بەڕێوەبەری پەروەردە (روو لە هەرسێ مامۆستاکانی قوتابخانەی کانی بێئاو) دەڵێت:

بەر لە هەموو شتێک، بەڵگەو بۆچوونەکانی هەرسێکتان لەبارەی نووستنی ئەمڕۆتانەوە، راست نەبوو، چونکە نووستنتان تا نیوەڕۆ بەڵکوو درەنگتریش، هەر کارو پیشەی ئەمڕۆتان نەبووە، بەڵکوو پیشەی هەمە رۆژەو هەمیشەییتان بووە.

(روو دەکات لە مامۆستا علي و بەردەوام دەبێت) و دەڵێت:

بە راستی مامۆستا علي نازانم بە چی وشەو رستەیەک سوپاسی بەڕێزت بکەم بۆ دڵسۆزی و ماندوونەناسی و مرۆڤدۆستي و رەوشتپاکیت، ئەوە نەبێت کە بڵێم، هەزار خۆزگە هەموو

مامۆستاکانمان وەکوو تۆ ببوایەن و لەهەر قوتابخانەیەکدا کەسێکی وەکوو تۆمان هەبوایە، کە بەرژەوەندی نەتەوەکەی بخستبایە پێش بەرژەوەندی خۆی.

مامۆستا علي دەڵێت:

من زۆر سوپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەم بۆ هاتنتان و بەڵام (بەسەرسامییەوە) من کارێکی ئەوتۆم ئەنجام نەداوە کە شایانی ئەو هەموو سوپاس و رێزەی بەڕێزتانبم، هەر کارێکم کردبێت ئەرکی سەرشانم بووە و بە دڵسۆزییەوە پێی هەستاووم و ئەنجاممداوە.

بەڕێوەبەری پەروەردە،دەڵێت:

مامۆستا علي، وەک ئێمە ئاگاداربین، بەڕێزت زۆر لەوە زۆرترت کردووە کە ئەرکی سەر شانی مامۆستایەک بێت.

(بەڕێوەبەری پەروەردە، روو دەکات لە هەموو ئامادەبووانی ژوورەکە) دەڵێت:

وابزانم ئێستا کاتی ئەوە هات، کە نهێنییەک بۆ مامۆستا محمد و مامۆستا فاتح و مامۆستا کمال و مامۆستا علي، ئاشکراو روون بکەمەوە. (هەموو بە سەرسامییەوە چاودەبڕنە دەمی) ئەوەش ئەوەیە کە ( روو دەکات لە جلال) و دەپرسێت:

جلال، تۆ هیچ ناسنامە، هویة، یا شتێکت پێیە، کە بتناسێنێت.

جلال دەڵێت:

بەڵێ گەورەم هەویەکەی خۆمم پێیە.

بەڕێوەبەری پەروەردە( روو لە جلال) دەڵێت:

کەوایە، زەحمەت نەبێت بیدە بە مامۆستا محمد تا تەماشای بکات و بۆمانی بخوێنێتەوە.

(جلال دەستدەکات بە باخەڵی خۆیداو هەوییەکەی دەردەهێنێت، لە مامۆستا محمد نزیک دەبێتەوەو دەیدات بە دەستییەوە و دەگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی، مامۆستا محمد هەر کە چاوی بە هەویەکە دەکەوێت، چاوەکانی زەق دەکاتەوەو دەستەکانی دەکەوێتە لەرزە لەرزو توانای قسەکردنی نابێت.)

بەڕیوەبەریً پەروەردە (روو لە مامۆستا محمد) دەڵێت:

چی بوو، بێدەنگ بوویت، شتێک بڵێ با گوێمان لێبێت، ئەگەر پێت ناخوێنرێتەوە، بیدە بە مامۆستا فاتح، تا ئەو بۆمانی بخوێنێتەوە، وا دەردەکەوێت کە خوێندەوارێت لە بیرچووبێتەوە (روو لە مامۆستا فاتح) دەڵێت:

هەویەکەی لێوەربگرەو بۆمانی بخوێنەرەوە.

مامۆستا فاتح (دەستدرێژ دەکات و هەوییەکە لە تۆی پەنجەکانی مامۆستا محمد دەردەهێنێت و لەگەڵ تەماشا کردنیدا هەمان بەسەرهاتی مامۆستا محمدی بەسەر دێت و لە دەستیشی بەردەبێتەوە سەر زەمین.)

بەڕێوەبەری پەروەردە (روو لە مامۆستا کمال) دەڵێت:

مامۆستا کمال، نۆرەی تۆیە، هەویەکە هەڵبگرەو بۆمانی بخوێنەرەوە.

مامۆستا کمال (دەچەمێتەوەو هەویەکە هەڵدەگرێت و کە تەماشای دەکات، دەپەشۆکێ و سەرسام دەبێت و بە دوو دەستی چاوەکانی خۆی دادەپۆشێت و وشەیەکی لە دەمەوە دەرناچێت) بەڕێوەبەری پەروەردە، ڕوو لە خاڵە عەبە دەڵێت:

خاڵە عەبە زەحمەت نەبێت، هەویەکە لە مامۆستا کمال وەربگرەو بیدە بە مامۆستا علي تا ئەو بۆمانی بخوێنێتەوە.

خاڵە عەبە:

باشە قوربان بەسەر چاو (بەرەو مامۆستا کمال دەڕوات و هەویەکەی لێوەردەگرێت و دەیبات بۆ مامۆستا علي و دەیداتە دەستییەوە، مامۆستا علي هەویەکە وەردەگرێت و ئەویش کە تەماشای دەکات سەرسام دەبێت و تەماشای جلال و بەڕێوەبەری پەروەردە دەکات و هەویەکە بە دەنگێکی بەرز دەخوێنێتەوە.)

مامۆستا علي (چاوێلکەکەی لە باخەڵی چاکەتەکەی دەردەهێنێت و لە چاوی دەکات) ودەڵێت:

ناو: ستار عبدوالله عبدالقادر.

ساڵی لە داییکبوون: ١٩٢٢ زاینی.

مووچە: ٩٠ دینار.

پیشە: مفتشی پەروەردە.

مامۆستا علي ( بەسەرسامییەوە هەڵدەستێتە سەر پێ و لە مامۆستا ستار (جلال) نزیک دەبێتەوەو هەویەکەی دەداتە دەست و دەستی دەگووشێت و باوەشی لێدەدات) و دەڵێت:

مامۆستا ستار گیان، زۆر، زۆر داوای، لێبووردنت لێدەکەم، ئەگەر لەم ماوەیەدا، کە لێرە بوویت، من داوایەکم لە بەڕێزت کردبێت یا کارێکم پێت سپاردبێت.

مامۆستا ستار (جلال) دەڵێت:

مامۆستا علي ئازیز، وا بزانم لەم بیست ڕۆژەدا هەرگیز نە کارێکت بە من سپاردووە نە داوایەکت کردووە کە لە بیرم بێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە ئارەزووم دەکرد کە داوایەکت هەبوایەو بۆتم جێبەجێ بکردبایە، کە نەتبوو، جگە لەوە، هەرگیز لە بیری ناکەم، نوێنەکەی خۆت، خۆت دەتگوڕی و ڕۆژانە ڕێکت دەخست، قابی خواردەکانی خۆت، خۆت دەتشۆری و مێزی خواردنەکەت پاک دەکردەوە و کە دەمویست من بەو کارانە هەڵبستێم، سوێندت دەخوارد و قبولت نەدەکرد.

بەڕێوەبەری پەروەردە، ڕوو لە مامۆستا ستار دەڵێت:

داوای لێبووردن دەکەم، لە راگرتنت، با قسەکان بمێنێتەوە بۆ کەمێکی دیکە، (ڕوو لە مامۆستا نەریمان) دەڵێت:

مامۆستا نەریمان. ئەگەر زەحمەت نەبێت، یەکەم راپۆرتمان بۆ بخوێنەرەوە، کە بە سوپاسەوە خاڵە عەبە لەسەر ئەم مامۆستایانەی نووسیبوو و بە دەستی خۆی هێنابووی بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی شارەکەمان.

(مامۆستا محمد و کمال و فاتح، هەرسێ بەیەکجار سەربەرز دەکەنەوەو بە مۆنییەوە تەماشای خاڵە عەبە دەکەن و مامۆستا محمد بێدەنگی دەشکێنێت و (روو لە خاڵە عەبە) دەپرسێت:

خاڵە عەبە ئەمەشت کرد.

خاڵە عەبە (بە دەنگێکی سەرکەوتووانەوە) دەڵێت:

ئەرێ بە خودا، ئەوەشم کردوو دەستم بڕۆیشتبایە زووتر و زۆرتریشم دەکرد، لە پێناوی پاشەرۆژی منداڵەکانمان و دێیەکەماندا. (چەند چرکەیەک بێدەنگی)

(مامۆستا نەریمان کاغەزەکان دەردەهێنێت و ئەو نامەیە دەخوێنێتەوە کە شێرکۆ بۆ خاڵە عەبەی نووسیبوو).

(مامۆستا نەریمان لە خوێندنەوەی نامەکە دەبێتەوە)

بەڕێوەبەری پەروەردە ( روو لە هەرسێ مامۆستاکە) دەپرسێت:

گوێتان لێبوو ( هەرسێکیان سەر لە خوارو وڵام نادەنەوە) راست نووسراوە ،یا، راست نیە، مافی پارێزگاری لە خۆتان هەیە.

هەرسێ مامۆستاکان (پێکەوە وڵام دەدەنەوە)و دەڵێن:

بەڵێ، هەمووی راستە.

بەڕێوەبەری پەروەردە (روو لە مامۆستا نەریمان)دەڵێت:

زەحمەت نەبێت راپۆرتەکانی مامۆستا ستاریش دەربهێنەو بیدە بە دەستی مامۆستایانەوە، تاکوو بزانن رۆژانە چییان کردووەو رەفتاروکرداریان چۆن بووە، چونکە بە سوپاسەوە، مامۆستا ستار رۆژانە هەموو شتێکی لە دەفتەرێکدا تۆمار کردووەو و هەر ماوەی

جارێکیش ناردوویەتی بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکەمان، تا ئێمەش ئاگاداربین و بە گوێرەیان بڕیاری خۆمان بدەین.

(مامۆستا نەریمان، لە مامۆستاکان، نزیک دەبێتەوەو فایلەکەیان پیشان دەدات کە پەنجا لاپەرەی لە تۆدایە، هەرسێکیان بە بێدەنگی پێکەوە تەماشای دەکەن و لاپەڕەکان هەڵدەدەنەوە. لەو کاتەدا مامۆستا ستار و بەڕێوەبەری پەروەردەو خاڵە عەبە سەر لەیەک نزیک دەکەنەوەو لە نێوانی خۆیاندا زۆر بە ئارامی قسە دەکەن (ماوەیەک بێدەنگی)

بەڕێوەبەری پەروەردە (روو لە هەرسێ مامۆستاکە) دەپرسێت:

بێگومان، راستیشە، کە هەموو شەوێک (عرق)تان خوواردووەتەوە، کاغەزتان یاری کردووەو قومارتان کردووەو (روو لە مامۆستا فاتح)، لە پەنجەرەی ژووری قوتابخانەکەوە سەیری ماڵی ئافرەتانی خەڵکتان کردووەو تانەتان لێیان داوەو راستیشە کە لەرێگەی کانی، رێگەتان لە کچی خەڵک گرتووەو شەڕتان پێیانفرۆشتووە، لەگەڵ مامۆستا (علي) دا لەبەر دڵسۆزی و خۆماندووکردنیدا، نەرم نەجوولاونەتەوەو حەزی لێناکەن و گوێتان بە ئامۆژگارییەکانی نەداوە، بێگومان راستیشە، کە هەرگیز سەرتان بە پۆلەکاندا نەکردووەو وانەتان بە قوتابیان نەگووتووەتەوەو لە قوتابیانتان داوە، تەنها لەبەر ئەوەی کە داوایان لێکردوون کە دەرسیان پێ بڵێنەوە، (بە تووڕەییەوە) دەپرسێت، ئەوانەی کە گوێتان لێبوو راستە یا راست نیە.

هەرسێ مامۆستاکە پێکەوە:

بەڵێ قوربان، هەمووی راستە.

بەڕێوەبەری پەروەردە (روو لە مامۆستا حسیب) دەڵێت:

مامۆستا حسیب زەحمەت نەبێت، بڕیاری کۆتایی بنووسە کاغەزی کۆپیش (کاربۆن-قۆپیا)ش بە کار بهێنە تا، (نسخەیەک)یش لە قوتابخانەکەدا هەڵبگیردرێت. (مامۆستا حسیب، لە مێزەکە نزیک دەبێتەوەو چەند پارچە کاغەز دەردەهێنێت لە جانتاکەی خۆیداو روو لە بەڕێوەبەری پەروەردە) دەڵێت:

فەرموو گەورەم، ئامادەم.

بەڕێوەبەری پەروەردە، (بەر لەوەی وڵامی مامۆستا حسیب بداتەوە، روو لە هەرسێ مامۆستاکە) دەڵێت:

ئێمە ئەندامانی ئەملیژنەیە، لە سەرەتادا،بۆچوونمان وابوو کە کێشەکانتان، بەرز بکەینەوە بۆ لیژنەی باڵای پشکنین و چاودێری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە پایتەخت، بەڵام دوایی بیری خۆمان گۆڕی، دەزانن بۆ، چونکە ویستمان کەمێک بەزەییمان پێتاندا بێت و کەمێک رێزو بایەخ بۆ وشەی مامۆستا بهێلینەوە، چونکە بە بێگوومان، ئەوان بڕیاری زندانی کردنیان بۆتان دەردەهێناو دوای ئەوە، هەتاهەتایە، بۆتان نەدەکرا، جارێکی دیکە کاری مامۆستایی ئەنجام بدەن، ئەگەرچی، ئەو دەسەڵاتەش کە بە ئێمە دراوە، بەرابەرە بە دەسەڵاتی ئەوان ئەگەر زۆرتر نەبێت، ئەوجا وریایی خۆتان بن بۆ پاشەرۆژ.

(لە قسەکردن رادەوەستێت و روو لە مامۆستا حسیب) دەڵێت:

ببوورە ماموٚستا حسیب، فەرموو، بنووسە، "بڕیاری لیژنەی لێکوٚڵینەوە لە کێشەی ماموٚستایانی قوتابخانەی دێی (کانی بێئاو)"

ماموٚستا حسیب (بە پەلە دەنووسێت) و دەڵێت:

بەڵێ، نووسیم، فەرموو.

بەڕێوەبەری پەروەردە:

دەستنیشان بەو نامەیەی کە بە سوپاسەوە لە لایەن، بەڕێز، عبداللەی مەلا شەریف، (فراش)ی قوتابخانەی دێی (کانی بێئاو)وە بە دەستمان گەیشت، لە بەرواری ١٩٧٢/١٠/٤ و دوا بە دوای نووسراو ژمارە ٩٧٤٢ ی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان لە بەرواری ١٩٧١/١٠/١٢، کە بە گوێرە، بڕیارمان دابوو بە ناردنی ماموٚستا ستار عبدالله عبدالقادر، بە نێوی (فراش)ەوە بوٚ قوتابخانەی نێوبراو لەسەرەوە، تا لەو کاروکردەوانەی ماموٚستاکانی قوتابخانەکە، بکوٚڵێتەوە، کە لە نامەکەی (فراش)ی قوتابخانەکەدا هاتبوو و پاش راستبوونی ئەوەی کە باسی لێکرابوو و راپوٚرتەکانی ماموٚستا ستار و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی کە لە لایەن شالیاری پەروەردەو فێرکردنەوە، پێماندراوەو پاش لێکوٚڵینەوە لەگەڵ ماموٚستایانی قوتابخانەکەدا کە ئەمانەن:

یەک: محمد حسن أحمد.

دوو: فاتح حسین میرزا.

سێ: کمال دارا کریم.

باش ئەوەی نێوبراوان، دانیان بە کردەوەکانی خوٚیاندا، نا، ئێمە ئەندامانی لێژنەکە، پێکڕا بڕیارماندا، لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

یەک: دوورخستنەوەی نێوبراوان، لە کارکردن وەکوو مامۆستا، بۆ ماوەی یەکساڵ، لە بەرواری دەرچوونی ئەم بڕیارەوەو لە ئەمڕۆوە (١٩٧١/١١/٢) بە بێ مووچە.

(کە ئەوەیان لە بەڕێوەبەری پەروەردە گوێ لێدەبێت، هەرسێ مامۆستاکە، هەڵدەستن و خۆیان فڕێ دەدەنە سەر دەستی و بە گریان و پاڕانەوەو تکا کردنەوە) دەڵێن:

بیکەن بە خاتری خودا، ئێمە کردمان، ئێوە مەیکەن، هەڵەمان کرد، بەڵێن دەدەین، کە ئەو کارانەمان دووپات نەکەینەوە، دڵتان پێمان بسووتێ.

بەڕێوەبەری پەروەردە (پاڵیان پێوە دەنێت و لە خۆی دووریان دەکاتەوە)و دەڵێت:

لە دوای چی، دانیشن لە شوێنەکەی خۆتان و گوێ بگرن لە پاشماوەی بڕیارەکە.

(کە ئەوەیان گوێ لێدەبێت، ئەوجا خۆیان فڕی دەدەنە سەر دەستی مامۆستا نەریمان و ئەویش پاڵیان پیوە دەنێت و ئەوجا، هەرسێکیان پێکەوە بەرەو مامۆستا ستار (جلال) دەڕۆن و بە تکاو پاڕانەوەوە) دەڵێن:

مامۆستا ستار، بیکە بە خاتری خودا، خاتری پێغەمبەر، ئێمە پەشیمانین لە کردارەکانی خۆمان، تۆ لێمان ببوورە، مامۆستا ستار قسەکەیان پێدەبڕێت) و دەڵێت:

زۆر درەنگە، ئیتر پەشیمانی بێسوودە، تاوانی خۆتانە و خۆتان بوون بە هۆی ئەم بەسەرهاتەتان.

(هەرسێکیان، دەکشێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان و دادەنیشن.)

بەڕێوەبەری پەروەردە (روو لە مامۆستا حسیب) دەڵێت:

مامۆستا حسیب بنووسە.

مامۆستا حسیب:

فەرموو گەورەم، من ئامادەم.

بەڕێوەبەری پەروەردە:

دووهەم: پاش تەواوبوونی یەکساڵەکە، بگوێزرێنەوە لە بەڕێوەبەرایەتییەکەمانەوە، بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکی دیکە لە شارێکی خوارووی وڵات.

سێهەم: بۆ ئەوەی خوێندن لە قوتابخانەکەدا، بەردەوام بێت و قوتابیان، لە وانەکانیان بێبەش نەبن، بریارماندا بە:

أ. دامەزراندنی مامۆستا علي مولود أمين، بە بەڕیوەبەری قوتابخانەی دێی کانی بێئاو.

ب. داوا دەکەین لەبەر دڵسۆزی و چالاکی و خۆماندووکردنی بە قوتابیانەوە، کە پلەیەکی تایبەتی پێ پێشکەش بکرێت.

ت. گواستنەوەی سێ مامۆستا، لە شارەوە بۆ قوتابخانەکە، بە رەزامەندی مامۆستاکان، خۆیان.

ث. لەبەر دلسۆزی و ماندوونەناسی و ئاگادار کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان لە رەفتارو کرداری ناشیرین و نارەوای مامۆستاکان، بڕیارماندا بەزیادکردنی مووچەی عبدالله مەلا شريف، (فراش)ی قوتابخانەکە، لە دوازە

دینارەوە بۆ چواردە دینار، لە بەرواری دەرچوونی ئەم بڕیارەوە.

چووارەم: بڕیاری سەرەوە بە ڕەزامەندی هەموو ئەندامانی لێژنەکە، کە نێوەکانیان لای خوارەوە هاتووە، دەرچووەو لە ئەمڕۆوە (١٩٧١/١١/٢) جێبەجێ دەکرێت،

یەک: رشید لطیف أحمد. سەرۆکی لیژنە.

دوو: ستار عبدالله عبدالقادر. ئەندام.

سێ : نەریمان محمود سلیمان. ئەندام.

چووار: حسیب عمر. ئەندام.

(بەڕێوەبەری پەروەردە، بێدەنگ دەبێت، مامۆستا حسیب، لە نووسین دەبێتەوە، هەڵدەستێت و بڕیارەکە دەبات بۆ بەڕێوەبەر)و دەڵێت:

فەرموو گەورەم، تەماشایەکی بکەو لە پاشان، واژۆی بکە.

(بەڕێوەبەری پەروەردە، کاغەزەکان وەردەگرێت)

(لە ناکاودا، مامۆستایان، محمد و فاتح وکمال، هەریەکەیان بەڕەوە یەکێک لە ئەندامانی لیژنەکە دەڕۆن و خۆیان فرێدەدەنە سەر دەستیان و دەکەونە ماچکردنیان و بە پاڕانەوەوە) دەڵێن:

بیکەن بە خاتری خودا، لێمان ببوورن، ئێمە هەڵە بووین، سوێند بە خودا ئیتر هەرگیز ئەو هەڵانەمان دووپات ناکەینەوە.

(هەر یەک لە ئەندامانی لیژنەکە، بە زۆر پاڵیان پێوە دەنێن و لە خۆیانیان دوور دەکەنەوە)

خاڵە عەبە کە تا ئەو کاتە بێدەنگ بووە، لە ناکاو خۆی تێکەڵ دەکات و روو لە مامۆستایان محمد وفاتح و کمال دەکات و لێیان نزیکدەبێتەوە) و دەڵێت:

هەی، هەی، تەواومان کرد، لە دوای چی، دەکەونە دەست و پێ ماچکردن، چەند جار لە ماوەی رابووردوودا پێتانمگووت، پیاوی چاک بن، دڵتان بەو منداڵانە بسووتێت، بە هەزار هیواو ئومیدەوە دێن بۆ قوتابخانە، کە شتێ فێربن و کە گەورەتر بوون بگەن بە ئاواتەکانی خۆیان و خێزانەکانیان، (روو لە مامۆستا محمد) مامۆستا محمد لەبیرت ماوە رۆژێکیان گووتم، مامۆستا محمد بەسیەتی، هەتا، هەتایە، بۆتان ناچێتە سەر، ئەزانی چیت بە من گووت (بە پرسییارەوە)، گووتت، عەبەی (فراش)، بیبڕەوە، ئەگەر جارێکی دیکە لەم قسانە بکەیت، دەرگای قوتابخانەکە گەورەو کراوەیە و لێیەوە دەرچوو دەرەوە، بەڵام خودا کارێکی وایکرد، لە بریتی من، ئێوەی لێوە بڕۆنە دەرەوە، ئەمەیە عاقبتی مرۆڤی بێویژدان و فێڵباز.

(لە ماوەی قسەکردنی خاڵە عەبەدا، ئەندامانی لیژنەکە، خەریکی واژۆکردنی بڕیارەکەیان دەبن، هەر سێ مامۆستاکە سەریان لە خووارەو بێدەنگن، مامۆستا نەریمان، هەموو کاغەزەکان، کۆ دەکاتەوەو دەیانخاتە، جانتاکەیەوە.

بەڕێوەبەری پەروەردە (هەڵدەستێتە سەر پێ و روو لە هەموو ئامادەبووان) دەڵێت:

ئەمەیە ئەنجامی مرۆڤی بێ هەست و بێ ویژدان، ئەمەیە ئەنجامی ئەو کەسانەی وا دەزانن لە نێو ئەندامانی نەتەوەدا، مرۆڤێکی دڵسۆز نەماوە، تا لە کارە ناڕەواکانیان، لێپرسراوان ئاگادار بکاتەوە، تا ئەوانیش بکەونە پەیداکردنی ڕێچارە بۆ کردارو ڕەفتارە ناشیرین و ناڕەواکان، ئەمەیە بەسەرهاتی ئەو کەسانەی کە بەرژەوەندی خۆیان دەخەنە پێش، بەرژەوەندی ئەندامانی نەتەوەکەیانەوە.

(بەڕێوەبەری پەروەردە، دەڕواتە پاڵ مامۆستا علي و دەستی دەگووشێت) دەڵێت:

پیرۆزت بێت پلەو پایەی تازەت، دووبارە من سوپاسی تۆ دەکەم و پشت بە خودا، بە زووترین کات سێ مامۆستا لە شارەوە ڕەوانەی ئێرە دەکەین و تا ئەوان دەگەن، تکام وایە، ئەرکی وانە گووتنەوەی هەموو پۆلەکان بگریتە ئەستۆ و وەکوو هەمیشە دڵسۆزی خۆت بنوێنی و کارێکی وا بکەیت لەگەڵ مامۆستا تازەکاندا، وەختە بە فیرِۆ چووەکان، بگەڕێننەوەو زانیاری قوتابییەکان بگەێننە رادەی قوتابیانی قوتابخانەکانی دیکەی دێیەکانی دەوروبەر.

مامۆستا علي:

من سوپاسی بەڕێزتان و لیژنەکەتان دەکەم کەوا بە پەلەو بەو شێوەیە، کێشەی قوتابخانەکەمانتان، چارەسەر کردوو و منیش بەڵێن دەدەم لە رابووردوو زۆرتر، هەوڵ و کۆشش بکەم لە پێناوی بەرژەوەندی قوتابیانماندا.

بەڕێوەبەری پەروەردە (لە خاڵە عەبە نزیک دەبێتەوەو توند دەستی دەگووشی) و دەڵێت:

لە ناخەوە سوپاسی بەڕێزت دەکەم کە ئەو ئازایەتی و دڵسۆزییەت نواند، بەرامبەر بە بەرژەوەندی قوتابییەکانی قوتابخانەکەو رەفتارو کرداری مامۆستابێویژدانەکانت، ئاشکرا کرد و بە ئێمەت راگەیاند.

خاڵە عەبە:

قوربان سوپاسی پێناوێت، چونکە ئەوەی کردم ئەرکی سەر شانم بوو و من سوپاسی ئێوە دەکەم، کە بەوپەری دڵسۆزییەوە گوێتان لە سکاڵاکەی من گرتوو و دەست بە کار بوون و سوپاس بۆ هەر هەمووتان و بۆ مامۆستا ستارو ئەو لەخۆ بووردنەی، کە زۆر زۆر کەمن و یا لە راستیدا دەستناکەون، ئەو کەسانەی لەو پلەو پایەی ئەودا، کاری (فراش)ی بگرنە ئەستۆ و بەو شێوەیە خزمەتی قوتابخانەکەو کەسانێک بکەن کە هەرگیز شایانی خزمەتکردن نەبوون.

بەڕێوەبەری پەروەردە (دەستی بەردەداو دەست دەخاتە سەر شانی) دەڵێت:

ئافەرین خاڵە عەبە ئافەرین، وێنەت زۆر بێت لە نێو ئەندامانی نەتەوەکەماندا. (روو لە مامۆستا علي دەکات  و بەردەوام دەبێت لە قسەکردندا)و دەڵێت:

هەر لە ئەمڕۆوە نووسراوی لەکار دوورخستنەوەیان بنووسە و با هەر ئەمڕۆ یا سبەینێ قوتابخانەکەو دێیەکە بەجێبهێڵن.

مامۆستا علي:

بەسەرچاو مامۆستا.

(بەڕێوەبەری پەروەردە و ئەندامانی لیژنەکە، روو لە دەرگاکە دەکەن، تاوەکوو دەرکەون، لە ناکاودا خاڵە عەبە روو لە تەماشاکەران دەکات و بە دەنگێکی بەرزەوە) دەڵێت:

بینیتان خوشک و برایانی خۆشەویست، بینیتان، رەفتارو کرداری ناڕەواو ناشیرینی، هەندێک لە مامۆستایانی بێویژدان و بێ بەزەیی، لەوانەی کەوا هەست دەکەن ئەگەر بوون بە مامۆستاو رەوانەی گوندو دێهاتەکان کران، ئیتر ئازادن هەر کارێک ئەنجام بدەن و کەس ناتوانێت بەرانگایان ببێتەوە. بە چاوی خۆتان، ئاکامی کارەکانیانتان بینی و ئەوەشتان بینی کە چۆن گەیشتن بە سزای خۆیان و دەست و پێ ماچ کردنیش بە کەڵکیان نەهات و مرۆڤە دڵسۆزەکانی بەرپوەبەرایەتی پەروەردەو فێرکردنیشتان بینی، کە بەچی دڵسۆزییەکەوە و چەند بە پەلە هاتن بە هانامانەوەو کێشەکەیان بە شێوەیەک چارەسەر کرد، کە هەرگیز بیرمان لێینەدەکردەوە، خوداوەند، پشت و پەنایان بێت و تەمەندرێژیان بکات لە پێناوی خزمەتکردن بە ئەندامانی نەتەوەکەمان.

(لە ناکاو ئاوەڕ دەداتەوە و دەڕوات بەرەو مامۆستا ستار و بەگەرمی باوەشی لێدەدات و ئەملاو ئەولای ماچ دەکات و هێشتا

دەستی لەسەر شانیەتی، دیسانەوە ئاوەڕ دەداتەوە بەرەو تەماشاکەران) و دەڵێت:

مامۆستای وامان پێویستە، کە لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەیەک و لە پێناوی خزمەت بە قوتابیانمان، خۆی بکات بە (فراش) و بە ئەوپەڕی لەخۆ بووردنەوە بۆ ماوەی بیست رۆژی تەواو خزمەتی قوتابخانەکە بکات و هەموو ئەو کارانە ئەنجام بدات کە (فراش)ێکی راستەقینەی وەکوو من، ئەنجامی دەدات، جگە لە خزمەتکردنی سێ کەس، کە حەیفە نێوی مامۆستایان لێبنرێت.

(لە قسەکردن رادەوێستێت و ئاوەڕ دەداتەوە بەرەو بەڕێوەبەری پەروەردەو ئەوانی دیکە، کە هەموویان روو شاد و دەم بە پێکەنین وشک راوێستاون و گوێی لێدەگرن).

(بەڕێوەبەری پەروەردە دەکەوێتە رێ بەرەو دەرگای دەرچوون و ئەوانی دیکەش بە شوێنیدا، ئەوانەی کە لەسەر شانۆ دەمێننەوە ، تەنها سێ مامۆستاکەن محمد و کمال و فاتح، کە بێدەنگ و سەر لە خوار هەر یەکەیان لەسەر کورسییەک دادەنیشێت و تەماشای یەکتریش ناکەن.)

# کۆتایی

مامۆستابێویژدانەکانی دێیەکەمان،

چیرۆکێکی شانۆگەرییە،

نووسینی: یوسف صدیق زەنگەنە. دهۆک-١٩٧٢/١١/٢٠

# چاپکراوەکانم

1.چوارینەکانییوسف صدیق زەنگەنە. بەشییەکەم. ساڵی ١٩٧٠.

2.چوارینەکانییوسف صدیق زەنگەنە، بەشی دووهەم. ساڵی ١٩٧٣.

3.بازاڕی شۆڕیجە. چیرۆک و ڕووداو. ١٩٧٣.

4.دهۆک و سەربەستی ئافرەت لە پەنجەرەی ئوتێل کوردستانەوە. ١٩٧٣.

5. پەپوولەی باڵ شکاو. هەڵبەست و پەخشان، کۆتایی ١٩٧٥.

6. سکاڵای کوردێکی دڵسۆز. شعر، ١٩٧٦.

7.کۆترەکەم و شۆڕشی کوردستان، ١٩٧٦.

8.وازم لێبێنن دڵداری ناکەم. چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە، ١٩٧٦.

9.ڕەشەبای ڕقی پێشمەرگەیەکی سەرشێت. چاپییەکەم، ١٩٨٥، لەندەن.

10.هەمان کتێب. ساڵی ١٩٨٦.

11.ئیملا. وەرگێڕاو، لە فارسییەوە، ١٩٨٧ .نووسینی.گوهر مراد. (غلامحسین ساعدی.)

12. سۆتۆ و تەتۆ. وەرگێڕاو، ١٩٨٨.

13. نەسرین. ساڵی ٢٠٠٠.

14. نەسرین. تابلۆیەکی خوێناوی لە کوردستانەوە، چاپی دووهەم بە دەستکارییەوە، ٢٠١١. چاپی چووارەم، کوردستان ساڵی ٢٠١٦

15.بنچینە سەرەتاییەکانی شەڕی پێشمەرگایەتی. لە ساڵی ١٩٧٤ لە گەرمەی شەڕدا بڵاوکرایەوەو بە شێوەیەکی فراوان بەسەر پێشمەرگە پاڵەوانەکانی ئەو سەردەمەدا دابەشکرا.

16. کیژە کوردە بەرلینییەکە. هەڵبەست، ٢٠١١

17.بێچووە چۆلەکەو رابەرانی کورد. هەڵبەستی سیاسی، ساڵی، ٢٠١١.

18. ژن سەرچاوەی شعرە. شعری رۆمانسی، ساڵی، ٢٠١١.

19.کوردستان سەرزەمینێکی جادو لێکراو. شعری سیاسی، ٢٠١٤.

20.کیژێک نێوی پێنج خاڵە. شعری رۆمانسی، ساڵی ٢٠١٤.

21 . ماچی پاش مردن. شعر. کوردستان. ٢٠١٦

22. فرمێسکەکانی شەوبۆ. کوردستان. ٢٠١٦

23 . قەنارییەکان باس لە جوانی تۆ دەکەن. شعر. کوردستان. ٢٠١٦

24 . کچانی چیای قەندیل و کۆبانی. شعری سیاسی، کوردستان ٢٠١٦.

25 . پەڕەسێلکەکانی چیای پیڕس. چاپی دووهەمی (بانگی ئاشبەتاڵ)، شعری سیاسی. لەندەن- ٢٠٢١

26 . ماچێک کە هەرگیز نەگەیشت. شعری رۆمانسی. لەندەن، ٢٠٢١

.27پەپوولەی باڵ شکاو، شءری رۆمانسی. لەندەن، ٢٠٢١

لەگەڵ ئەوانەدا کە نێوبران، بە دەیان کورتە چیرۆک و چیرۆکی شانۆگەری و شعرو پەخشانی ئەدەبی و نووسینی سیاسی و کۆمەڵایەتیم بە زمانەکانی کوردی، عارەبی و فارسی لە گۆڤارو رۆژنامەو مانگنامەو وەرزنامەی جۆراوجۆردا، بڵاوکردووەتەوە، کە ئەگەر تەمەنیارمەتیدەر بێت لە چەند بەشێکدا دووبارە بڵاویان دەکەمەوە.

جگە لەوانەی کە باسکران، بە دەیان کۆڕو سمینارو وانەی تەلەفزیۆنیشم ئەنجامداوەو ئەوانەش بەیاری خودا بەم زووانە دەخرێنە سەر کاغەز.

# چاپنەکراوەکانم

١. لە روانگەی پێشمەرگەیەکی سەرشێتەوە. هەڵبەستی سیاسی.
٢. ووڵاتی شارە زەردەواڵەکان، کورتە چیرۆک.
٣. مانیفیستۆی بیری کوردایەتی: پەیرەو و پرۆگرامی بیری کوردایەتییە.
٤. هیچ: کورتە چیرۆک بۆ شانۆ.
٥. خەلیلە شێت: شێتێک کە ووتەکانی هۆشیارانی سەرسام دەکرد.
٦. ماچێک کە هەرگیز نەگەیشت. شعری رۆمانسی.
٧. تەنەکەی زبڵی خودا. چیرۆک و بەسەرهات.
٨. هەزار کیلومەتر خوێن. بەسەرهاتی کوردانی ئەنفالکراوە.

٩. شەوێک کە من و ئاسمان گریاین. چەند کورتە چیرۆک. وەرگێڕاو لە فارسییەوە.

١٠. یەکەمین راپەڕینی کورد بەر لە ٤٠٠٠ ساڵ، چۆن فرۆشرا.

١١. مەکری پیاوانی کورد. چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە.

١٢. مامۆستای دێیەکەمان. چیرۆکێکی شانۆگەرییە، لە ساڵی ١٩٧١ لە چەند دانەیەکدا چاپکراو بڵاوکرایەوە. شایانە بگووترێت بڕێک لە لاوانی هونەرمەندی کوردی دڵسۆزو چاونەترس و بوێر، لە گەڕەکی شۆرجە لەسەر شانۆ نواندیان.

١٣. زەردەشت و بنچینە سەرەتاییەکانی ئاینەکەی.

١٤. زەردەشت تاوانبارکراوێکی بێتاوان. لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر ئەو تاوانانەی نایارانی چەسپاندوویانە بە ئاینەکەیەوە.

١٥. بەڵێ زەردەشت کورد بوو.

١٦. کاریگەری زەردەشت لەسەر جوولەکەو ئیسلام. هەروەها لەسەر سوقرات و ئەفلاتوون و بڕێکی دیکە لە فەیلەسوفە رۆژئاواییەکان.

١٧. گەشت بۆ نمرە هەشت. چاپی دووهەم.

١٨. ئابووری سیاسی. سەرەتایەک بۆ لاوان.

١٩. پێشەکییەک بۆ سیاسەت.

٢٠. مام إحسان و مەلا مستەفا بارزانی. باس لەیەکەمین چاوپێکەوتنی خوا لیخۆشبووان، ژنرال إحسان نوری پاشا، سەرۆکی شۆڕشی ئاراراتی باکووری کوردستان و مەلا مستەفا بارزانی

سەرۆکیشۆڕشی  ئەیلولی ١٩٦١ی باشووری کوردستان دەکات کە لە ساڵی ١٩٧٣ لە ژوورەکەی مندا روویدا و کورتەیەک لە گووتووبێژەکانیان. هەروەها بردنی مام إحسان بۆ ماڵی بارزانی لە (عظیمیة)ی (کرج)ی لە ئێران، پاش ٣ ساڵ لەیەکەمین چاوپێکەوتنەوە. هەروەها بۆچی، شێخ مسعود بارزانی، لەسەر ئەو کارەم چەندین گرفتی بۆ درووست کردم. کوورتەیەکی لە رۆژنامەو تەلەفزیۆنەکاندا باسکراوە. بەم زوانە بە شێوەی کتێب، بڵاوی دەکەمەوە.

٢١.	لە رۆژمێری شەیتانی ئەمدیوی ئاوێنەکەوە. باس لە ئێرەیی نێوان خێزانەکان دەکات.

٢٢.	پشکنەر کۆڵۆمبۆ لە کوردستان. چیرۆکێکی شانۆگەرییە باس لە چۆنییەتی پەیداکردنی ئەو کەسە دەکات کە پیلانی دەرهێنانی تەرمەکەی بارزانی لە گۆردا، دارڕژاند، لە لایەن پشکنەر کۆڵۆمبۆوە، کە لە ئەمریکاوە بۆ ئەو مەبەستە بانگهێشت کرابوو.

٢٣.	نامێلکەی ماستەرو دکتۆراکانم کە بە زمانی ئینگلیزین و وەردەگێڕدرین بۆ کوردی و عارەبی.

٢٤.	بیرەوورییەکانم لە چەند بەشێکدا لەوانە:

٢٥.	أ- بۆنی شیرو سیاسەت. ژیانم بەر لە ساڵی ١٩٦٨.

٢٦.	ب- ١٩٦٨ دووبەرەکییە پشت شکێنەرەکەی ١٩٦٤ چی بوو، چۆن روویدا؟ دەستپێک و ئاکام.

٢٧. پ- پاراستنەکەی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ یا رووخێنەرەکەی؟ بەڵێ، من پێشمەرگە لاوەکانم فێرییاخی بوون کرد و ئاگام.

٢٨. ج- دوای کوشتنم. ژیانم دوای ١٩٦٨ و تا ١٩٧٥.

٢٩. چ- هەرەسەکەی ساڵی ١٩٧٥. ژیانم لە تاراوگە، لە ئێران و سوریاو ئەوروپا. بە درێژی باس لەیەکەمین کۆمەڵەی سیاسی دەکەم کە من دامەزرێنەرەکەی بووم پاش هەرەسەکە، بە بەڵگەوە و چۆن هەرەسهێنەران، هەرەسیان بەو کۆمەڵەیەش هێنا. چۆن بیری گۆڕانم لە سیستەمی سیاسی کوردستاندا هێنایە بوون و شەمی دەستپێکردنیم هەڵکرد لە تەلەفزیۆنی میدیادا بەرنامەی (رۆژباش کوردستان) لە بەرواری ١/١١/٢٠٠٠.

٣٠. شۆڕشێک کە ئاواتەکانی لە بار چوون.

٣١. هۆرەکانی شەکسپیر. ئینگلیزی و کوردییە. ئایا شەکسپیر ئەو بلیمەتەیە کە باسی لێدەکەن؟

٣٢. شارەکەم کەرکووک. لێکۆڵینەوەیەکی رەوانی خەڵکی ئەو شارەیە لە تاراوگەدا. کوورتەیەکی لە رۆژنامەی بارزاندا کە لە ئەمەریکا دەردەچوو بڵاو بووەتەوە.

٣٣. لە پێناوی مێردەکەیدا. بەسەرهاتی ژنە کوردێکە لە دوو بەشدا. بەشیەکەم: لە پێناوی مێردەکەیدا و بەشی دووهەم: لە پێناوی کوڕەکەیدا.

٣٤. تهاتف التهافتين. امام محمد کوڕی محمد کوڕی محمد کوڕی أحمد أبو حامدی الغزالی، لە ساڵی ١٠٥٩ی زایینی لە شاری تووسی خۆرهەڵسانی ئێران، هاتووەتە جیهانەوەو لە ١١١٤ کۆچی دوایی کرد. لە نێوانی ساڵانی ١٠٩١ تا ١٠٩٥ کتێبی (تهافت الفلاسفة- رووخانیبۆچوونی فەیلەسووفەکان)ی نووسی و زۆر لە بیرووباوەڕی فەیلەسووفەکانییۆنان و جیهانی بەر لە خۆی پووچەڵ کرد و راماڵکاند. دوای تێپەڕیوونی ٦٧ ساڵ بەسەر لە داییکبوونیدا، لە (قرطبة)ی ووڵاتی ئەندەلووسدا،یانی لە ساڵی ١١٢٦ ی زاینی أبی الولید محمد کوڕی أحمد کوڕی محمد ابن رشد القرطبی،هاتە جیهانەوە و لە ساڵی ١١٩٨ دا لە مراکش کۆچی دوایی کرد.

ئەم فەیلەسووفە کتێبێکی نووسی بە نێوی (تهافت التهافت- رووخانی رووخێنەرەکە)، کە مەبەستی، رووخانی کتێبەکەی (الغزالی) بوو، کە ئەویش برێکی زۆر لە بۆچوونەکانی (الغزالی) پۆچەڵ کرد.

بەیاری پەروەردگار، من لە تەواو کردنی دوا بەشەکانی کتێبێکم کە پتر لە ٣٠ ساڵە کاری لەسەر دەکەم بە نێوی ( تهافت التهافتين- رووخانی هەردوو رووخێنەرەکە) کە لە رێگەی ئەو کتێبەوە لە گۆڕەپانی پان و پۆڕی فەلسەفەدا، هەوڵ دەدەم کە پشتی ئەو دوو کەڵە سوارەبکووتم بە زەمینداو زۆر لە بۆچوونەکانیان لە چاڵ بکەم. چاوەڕوانی بن.

٣٥. خودا لە چاوەکانی منەوە دەتانبینێت. را و بیرووبۆچوونەکانمە لەمەڕ فەلسەفەو گیرووگرفتەکانی. ئەم کتێبە دەبوایە لە ساڵی ١٩٩٢ دا بڵاوببێتەوە، بەڵام بەداخەوە وەک لە رۆژنامەکانی بەریتانیادا بە وێنەوە بڵاوکرایەوە، تەنیا بەرگەکەیم بۆ مایەوەو دزانی سیاسی

نێوەڕۆکەکەیی و دەیان نووسراو و سەدان پارچە شعر و چیرۆک و نووسراوی جۆراوجۆری دیکەی بڵاو نەکراوەیان بە پیلانێکی زۆر پەلیدانە، لە ماڵەکەمدا دزی بە کۆمپیۆتەرو (فلۆپیدیسک)ەکانیشەوە و تا ئێستاش دزەکان هەر نەدۆزرانەوەو سێ وولاتی زەبەلەحیشیەکتریان تاوانبار کرد بە ئەنجامدانی ئەو رووداوە دڵتەزێنە.

بەو هۆیەوە لەو کاتەوە بە رۆژ و شەو بە کوون و قووژبنەکانی مێشکمدا لە گەڕاندام بۆ پەیداکردنی بابەتەکانی ناوەڕۆکەکەی و لە خوا بە زیاد بێت وورده وورده خەریکم دیوارەکانی بەرزدەکەمەوەو بە کوێری چاوی دوژمنانی زانست و زانیاری راست و پاک و رەسەن، بە ماوەیەکی کەمیدیکە سەربانەکەشی دادەپۆشم .

لەو کتێبەدا دەگەنە ئاکامی ئەو پرسیارانەی کە ساڵیانێکە لە مێشکتاندا هاتووەتە بوون وەکو:

بۆ لە دایکبووین؟ مەبەست لەم هاتن و چوونە بە پەلەیە چییە؟ بەهەشت و دۆزەخ چین و لە کوێدان؟ جیهانی مادی و ئەم کەونە چییەو بەرەو کوێ دەڕوات؟ خودا ئێمەی دروستکردووەیا ئەو دروستکراوی بیری ئێمەیە؟ ئاینەکان، زەمینینیا ئاسمانی و مەبەست لە دروستبوونیان چییە؟ئایا پێغەمبەرەکان، خودا هەڵیبژاردوونیا ژێری بیری خۆیان هێناویانیەتە بوون؟ فەیلەسووفەکانی جیهانی رۆژئاوا، ئەگەر لە سەرزەمینی پێغەمبەراندا لە رۆژهەڵاتی جیهان بە تایبەت روژهەڵاتی نێوەراست، بهاتابانە جیهانەوە، هەر پێیان دەگووترا

فەیلەسووفیا دەگووترا پێغەمبەر، بە پێجەوانەشەوە؟ ئایا خودا گیاندارانی بە مرۆڤ و ئاژەڵ و درەختەوە درووست کردووە،یا لە تۆزوخۆڵی تەقینەوە گەورەکە هاتوونەتە بوون؟ ئەو کونە رەشانەی کەجاروبار، بەرچاووی تەلەسکۆپە زەبەلەحەکان دەکەون، چین؟ ئایا پاشماوەی ئەستێرە سووتاوەکانن وەک زانایان بۆی دەچنیا شتێکی دیکە؟

خودایار بێت پێشیا پاش مردنم دەکەوێتە بەرچاوتان.

# من کێم

لە ژیانمدا، بەسەرهات، رووداو، هەڵو ێست، خەم، ئازار، برِ وانامە، گەڵێک ز ۆرن کە شانازیيان پێو ە بکەم، بەاڵ م شانازییەک، کە لەسەرووی هەموو ئەوانەو ەیە، ئەو ەیە کە، من لە داییکبووی گەڕەک ی شۆ رجەی کەرکووکی باشووری کوردستانم .قۆ ناخەکانی خو ێندنی سەرەتایی و ناو ەندی و ئامادەیی لە شار ی کەرکووکدا تێپەڕاند، بکالۆ ریس و چەندین ماستەرو دکتۆ رام لە زانکۆی تاران ولەندەنی بەریتانیا بەدەستهێناو ە .خو ێندنەو ەو نووسین لە سەرەتای ژیانمەو ە و یست و ئارەزووی سەرەکیم بووە، هەروەها هەو ڵدان لەپێناو ی بەدەست هێنانی برِ وا نامەی بەرزدا لەو بووارانەی کە لە منداڵییەو ە پالن و نەخشەم بۆ کێشابوون .سوپاس بۆ خوا ئەوپەڕی سەرکەوتنم بە دەست هێناو ە و گەیشتووم بە ئارەزووەکانم .شایانە بگووترێت کە ئامۆ ژگاری هەمیشەیی و سەرەکیم بۆ ئەندامانی نەتەو

ەکەم بە تایبەت الوان، ئەو ە بووە کە بە پێی توانا هەو ڵی ئەو ە بدەن کە رێگەی خو ێندن بگرنەبەر چونکە ئاکامەکەی لە بەرژەو ەندی خۆیان و نەتەو ەکەیاندادەبێتو پڕ سوودترین دەرمانیشەبۆ چارەسەرکردنی ئێش و ئازارە درێژ خایەنەک انی، نەتەو ەکەمان کە هەزاران ساڵەپێیەو ەدەناڵێنێت .و ەک لە تەمەنێکی ز ۆر زووی منداڵیدا کەوتمە مەلەوانی لە دەریای سیاسەتدا، هەر بەو شێو ەیەش هاو ڕێتیم لەگەڵ نووسیندا پەیدا کرد. بێگوومان بارودۆ خی سیاس ی و کۆ مەاڵ یەتی ئەو سەردەمە هاندەر ی سەرەک ی بوو. بۆ تێکەڵ بوونیشم لەگەڵ سیاسەتدا، هۆی هەرە سەرەکی، کەمبوونی خو ێندەواربوولەنێو بەتەمەن گەور ەتر ەکانی گەڕەکەکەماندا، کر کرڵکیان لەئێمەوەردەگرت، بۆ خو ێندنەو ەی ئەو باڵ وکراوانەی کەلە ال یەن پارتە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەو ە دەردەچوون، لە دوایشدا لەال یەن شۆڕش ی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١و ە، کە تا بلێی، کەم و کوورت و ناو ەڕۆکالوازیشبوون .چی سیاسەت سوودی پێگەیاندبێتم (هەرگیز) و چی زیان (هەمیشە)، تاکو ماووم سوپاسمەندی دوو

مامۆ ستای تێکۆ شەر و شەهیدحسیب محمد بگ و عمر شر یف زەنگەنەم، کە ئەو دوو کوردپەروەرە بوون بە مەشخەڵ و رێگەی پاکی کوردایەتییان پیشاندام و تاوەکو ئەمرۆلەسەری ماوم و تا دوا هەناسەش هەردەمێنم .

لەمەڕ نووسینەوە، وەک ئاماژەم بۆ کرد، نەبوون یا کەمبوونی

بڵاوکراوەی حزبی و تینووبوونی خەڵک بۆ زانینی هەواڵ و سەردەرهێنان لە هەندێک بیرووبۆچوونە سیاسییەکان، هاندەرم بوون بۆ ئەوەی بە نێوی دەزگای راگەیاندنی شۆڕشەو ە بابەت بنووسم و بخوێنمەو ەو و سوپاس و دوعاش بۆ شۆڕشو لێپرسراو ەکانی بێت .

کتێبی پەنجا لاپەڕەیی (گەشت بۆ نمر ە هەشت)، کە بەسەرهاتێکی زۆر سەیروسەمەرو دڵسووتێنەری هەیە و دەبێت لە پێشەکی چاپە نوێیەکەیدا بخوێنرێتەوە، یەکەمین نووسراومە کە بە شێوەی کتێب بڵاوکرایەوە لە سەردەمێکدا کە قووتابی ساڵی یەکەمی ناوەندی بووم . لەگەڵ ئەوەدا کە هەرگیز نە سوسیالیست بووم و نە کۆمۆنیست، بەڵام ئەوەوی کە منی نەدەناسی و نەیدەزانی کە نووسەرەکەی لاوێکی دوازدە سیازدە ساڵەیە و کتێبەکەی دەخوێندەو ە، کتووپڕ دەگەیشتە ئەو بۆ چوونەی کە نووسەرەکەی مرۆڤێکی تەمەنداری نووقم بوو و کوڵاوی نێو مەنجەڵی بیرووباوەڕی کۆمۆنیستییە. ئەوەی سەیرە ۆریش لەنزیکانی خۆم بە هەمان شێ ە بیریان لێدەکردمەوە، تا رادەیەک بابم چەندجارێک هێنای بە زماندا کە "ئەوەندەی نەشرە بۆ شیوعییەکان خو ێندەوە، خۆشی بوو بە شیوعی." لە کاتێکدا چیرۆکەکە باس لە گەشتێک دەکات کە قوتابخانەی شۆ رجەی کچان بۆیان رەخساندین بۆ ناوچەی دوبز (نمرە ٨) ی نز یکی کەرکووک، بۆ سەیرانێکی یەک رۆژە. ناوەڕۆکی کتێبەکە قسەکردنە لەسەر ئەودیمەنانەی کەبینیم و ئەو رووداوانەی کە تیبینیم کرد و ئەو جیاوازییانەی لە شێوەی ژیانی دانیشتوانی ئەوێداکەزۆربەی هەرە زۆریان ئینگلیزبوون، لەگەڵ شێوەی ژیانی خەڵکە کوردەکەی خودی دووبزداو ئێمەی دانیشتوانی

گەڕەکی شۆرجەی هەمان شاردا کە کەرکووک بێت. هەروەها باسم لە چەند رووداوی خۆ شەو یستیو بەسەرهاتی خۆشو ناخۆشیمندالانە کردووە.

# The Unscrupulous Teachers Of Our Village's School

Dr. Yousuf Zangana

Second Edition
-2024-